سەرکەوت جەلیل

# دەستێوەردانی مرۆیی و بەرگریی دەستەجەمیی

## ئەنفال و دارفوور



دەستێوەردانی مرۆیی و بەرگریی دەستەجەمیی

# ئەنفال و دارفوور

پەڕتووکی (١٠)

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی

**ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی**

هەواڵنامەی کتێب


- ناوی پەڕتووک: دەستێوەردانی مرۆیی و بەرگریی دەستەجەمی –ئەنفال و دارفوور
- نووسین: سەرکەوت جەلیل
- بابەت: یاسایی
- نۆرەی چاپ: یەکەم – ٢٠٢٢
- تیراژ: ٥٠٠ دانە

## ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی، ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردیی-ئەڵمانیی ناحکوومیی سەربەخۆی قازانجنەویستە. تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاریی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە کلاورۆژنەی مافی پێکهاتەکانی کوردستان و دۆزی کوردستان، هەروەها پاراستن و پێشخستن و چەسپاندنی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە کوردستان. ناوەند لەبەر رۆشنایی بنەما گشتییەکانی ئەو یاسایانەدا کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کوردستان دەکات.


www.kc-interlaw.org

Kc interlaw

Kcinterlaw

Kc interlaw

info@kc-interlaw.org

هەواڵنامەی کتێب

ناوەڕۆک


پێشەکی ........................................................................ ٧

بەشی یەکەم: دەستێوەردانی مرۆیی لە پراکتیکدا - دووکەیسی ناکارایی ........................ ١٧

١,١ ئەنفال ........................................................................ ١٧

١,١,١ کورتەیەکی مێژوویی ........................................................................ ١٨

٢,١,١ دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکە ........................................................................ ٢٣

٣,١,١ بەرپرسیارێتییەکانی ئێراق و کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ........................ ٢٩

٢,١ دارفوور ........................................................................ ٣٩

١,٢,١ ڕیشە و هۆکارەکان ........................................................................ ٣٩

١،٢،١ پێشێلکارییە تۆمارکراوەکان ........................................................................ ٤٢

٣,٢,١ کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ........................................................................ ٤٥

٣,١ ئەنجامگیری ........................................................................ ٥١

بەشی دووەم: مافەکانی مرۆڤ و دەستێوەردانی مرۆیی: پاشخانێک ........................ ٥٣

١,٢ پێناسەی دەستێوەردانی مرۆیی ........................................................................ ٥٣

٢,٢ پاشخانی مێژوویی دەستێوەردانی مرۆیی ........................................................................ ٥٨

١,٢,٢ تیۆریای جەنگی ڕەوا ........................................................................ ٥٩

٢,٢,٢ لە جەنگی ڕەواوە بۆ دەستێوەردانی مرۆیی ........................................................................ ٦٣

٣,٢,٢ دەستێوەردانی مرۆیی پاش ١٩٤٥: سەردەمی جەنگی سارد ........................ ٦٧

٤,٢,٢ دەستێوەردانی مرۆیی پاش جەنگی سارد ........................................................................ ٧٠

٣,٢ ڕوانین لە مافەکانی مرۆڤ ........................................................................ ٧٣

١,٣,٢ مافەکانی مرۆڤ وەک مافەیلی گەردوونی ........................................................................ ٧٣

٢,٣,٢ مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی دەوڵەت ........................................................................ ٧٩

٤,٢ دەستێوەردانی مرۆیی و بەرگریی دەستەجەمیی.......... ٨٢

٥,٢ ئەنجامگیری.......... ٨٧

بەشی سێیەم: یاسای پەیماننامەیی و دەستێوەردانی مرۆیی.......... ٨٩

١,٣ بنەڕەتنامەکە و بەکارهێنانی هێز.......... ٨٩

١,١,٣ کرۆک و سرووشتی قەدەغەکردنەکە.......... ٩٢

٢,٣ حاڵەتە ڕیزپەڕەکانی بەکارهێنانی هێز.......... ٩٤

١,٢,٣ بەکارهێنانی ڕێگەپێدراوی هێز.......... ٩٥

٣,٣ بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستێوەردانی مرۆیی.......... ٩٩

٤,٣ دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی.......... ١٠٥

٥,٣ ئەنجامگیری.......... ١١٠

بەشی چوارەم: یاسای نەریتیی نێودەوڵەتیی و پرسی ڕەوایەتی.......... ١١٣

١,٤ یاسای نەریتی: پاشخانێکی تیۆریایی.......... ١١٣

٢,٤ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نەریتیی.......... ١١٩

٣,٤ مافەکانی مرۆڤ و بەرزەڕێسا.......... ١٢٢

٤,٤ دەستێوەردانی مرۆیی و یاسای نەریتیی.......... ١٢٨

٥,٤ لەودیو یاساوە: دەستوەردان بۆچی؟.......... ١٣٢

٦,٤ بەرپرسیارێتیی پاراستن.......... ١٣٦

٧,٤ ئەنجامگیری.......... ١٤٢

ئەنجامگیریی گشتی.......... ١٤٥

## پێشەکی

بەو پێیەی، وەک بنەما، دەستوەردان لە یاسای نێودەوڵەتییدا قەدەغە و ڕێلێگیراوە، هەموو جۆرە دەســـتوەردانێک بۆ خۆی کاتیگۆرییەکی ئاڵۆزە و سـەر دەئێشـێنێت. لەو نێوەندەشـدا، دەسـتێوەردانی مرۆیی ( humanitarian intervention) یەکێکە لە پرســە هەرە ئاڵۆزەکان و لە لایەن یاســاناس و دیپلۆمات و سیاسـەتمەدارانەوە، زۆرترین مشـتومڕی لێ کراوە. دەسـتێوەردانی مرۆیی وەک ئاڵنگارییەکی هاوچەرخ، کە لە بەرانبەر سـەروەریی دەوڵەتدا قوت بوویێتەوە، دەردەکەوێت. چونکە وەک حاڵەتێکی بەکارهێنانی هێز بەبێ ویست و ڕەزامەندیی دەوڵەتی ئامانج، دەناســێنرێت و ئاماژەی بۆ دەکرێت و هاوکات هەر لەو ڕێیەشـــەوە لە جۆرەکانی تری دەســـتوەردان هەڵـدەبوێردرێـت، لەوانەش؛ کـاری مـرۆیـی (humanitarian action)، کە پـاش وەرگـرتـنی ڕەزامەندیی دەوڵەتی ئامانج و بگرە هەندێک جار لەســەر داوای خۆیشــی، دەبێت.

دوو پرســـیـاری گـەورە و گرنـگ بە دەوری دەســـتێوەردانی مرۆییـدا، دەخولێنەوە. یەکەم، پرسـیاری یاسـاییبوون (legality)، دووەمیش ڕەوایەتیی (legitimacy). بەپـێـی بـنـەڕەتـنـامـەی نەتەوە یەکـگـرتـووەکـان (لـێـرە بەدوا بـنـەڕەتـنـامـەکە)، دەســـەڵات بە ئەنـجـوومەنـی ئـاســـایـش (لـێـرە بەدوا ئەنجوومەنەکە) دراوە، کە ئاشــتیی و ئاســایشــی نێودەوڵەتیی لە بەرانبەر بەکارهێنان یان هەڕەشـــەی بەکارهێنانی هێزدا، بپارێزێت و بەرقەرار بکات.

ســرووشــت و کرۆکی ئەو هەڕەشــەیەش، دیاریی نەکراوە و نەچەســپێنراوە. بەڵکووو بۆ مەزەندە و هەڵســەنگاندنی دەوڵەتانی ئەندامی ئەنجوومەنەکە، پاڵپشــت بە دۆخ و شــوێنکات، جێ هێڵراوە. بەڵام ئەوەش ناکاتە ئەوەی ئەنجوومەنی ئاســایش لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیدا، بە ڕەهایی ئازاد و دەســتکراوە بێت، بەڵکوو دەبێت بە جۆرێک بەڕێوەیان ببات، کە خزمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی وەک گشتێک بکات. یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک ئەوەی لە بنەڕەتنامەکەیدا باس کراوە، چەسپاندنی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤە. بەم پێیە، یاساییە گەر داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش بکرێت، لە سەروەختی دەرچوواندنی هەر بڕیارێکدا، بە تایبەت لە ســایەی بەندی حەوتەمی بنەڕەتنامەکەدا، ئەو مافانە بەهەند بگرێت.

هەوڵنامەی کتێب

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشــتن لەو مشــتومڕە زۆرەی، دەوری تیۆریا و پراکتیکی *دەســتێوەردانی مرۆیی* داوە. دەیەوێــت یاســاییبوون و ڕەوایەتیی بابەتەکە لە ســایەی یاســای نێودەوڵەتییدا، شــی بکاتەوە. وەک ســەرەتاش ڕەنگە گرنگ بێت بوترێت، کە ســەرباری هەر نیاز و ڕازێکی پەنهانی دەوڵەتانی دەســتوەردەر، دەبێت لای کەمی پێودانگی مرۆڤیی لە کردەی دەســتوەردانەکەدا هەبێت. مەرجیش نییە پاســاوی مرۆییانە تاقە پاڵنەری دەستوەردان بێت، هێندە هەیە کە دەبێت پاڵنەری بەرایی یان سەرەکیی بێت.

وەک هەوڵێک بۆ خۆلادان لەوەی دەستێوەردانی مرۆیی کورت بکرێتەوە بۆ ئامرازێک، کە خزمەتی بەرژەوندییەکانی دەوڵەتانی دەستوەردەر بکات، ئەم توێژینەوەیە داوای جێبەجێکردنی دەستەجەمیی (collective)ـی هەر کردەوەیەک دەکات، کە لە سایەی سەردێڕی مرۆیی (humanitarianism)ـدا بێت. باشترین ڕێگەیەکیش بۆ سەرگرتنی وەها کارێکی دەستەجەمیی، بەدەستهێنانی ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایشە. بەڵام هەر ئەم خاڵە بۆ خۆی کێشەدارە. چی دەبێت، یان دەبێت چی بکرێت گەر ئەنجوومەنەکە، لەبەر هەر هۆیەک بووە، بڕیاری دا نەجووڵێت؟ ئایا دەوڵەتانی تر، بە مەبەستی ڕاگرتنی پێشێلکارییە بەرچاوەکانی مافی مرۆڤ، مافی دەستوەردانیان هەیە؟ ئەم پێچلێدانە بە دەوری ئەنجوومەنی ئاسایشدا، پەسەند نییە.

بەکارهێنانی تاکلایەنەی هێز، لەم حاڵەتەدا دەستوەردانی مرۆیی تاکلایەنە، هەرچۆنێک بێت هەر ترسناکە. چونکە ڕێگە بۆ دەوڵەتانێک خۆش دەکات، خۆیان دەستنیشانی ئەو ڕەوشانە بکەن کە دەستوەردانیان پێویستە. ئەوەش شتێکی ناپێویستە، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ خۆی پێشوەخت بە دەست ئەم جۆرە لە مامەڵە و بڕیاردانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، دەناڵێنێت. واتە لە زیاد لە دۆخ و دۆز و دۆسیەیەکدا، ئەنجوومەنی ئاسایش وەک پێویست بڕیاری نەداوە و هەڵوێستی نەنواندووە. بۆیە پشتگرتنی بەکارهێنانی تاکلایەنەی هێز بۆ مەبەستی مرۆیی، بە ئەگەری زۆرەوە ڕەهەندی ئاژاوەیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئەستوورتر دەکات.

ئەنجوومەنی ئاسـایش بۆ خۆی قەوارەیەکی سـیاسـییە. کاتێکیش لە تەنگژەیەکی مرۆییدا بڕیار دەدات، هیچ نەکات، هیچ ڕێسایەکی یاسایی پێشێل ناکات، بۆیە ناکرێت لێی بپرسـرێتەوە؛ هەرچەندە دەشـێت لۆمە بکرێت و زۆریش کراوە. بەڵام هێشـتا ئەرکێکی خودی ئەنجوومەنی ئاسـایشـە، کە سیستمی یاسایی نێودەوڵەتیی و دادپەروەری و سەروەریی یاسا، پتەوتر بکات و بەرەو پێشـەوە ببات، بە تایبەت کاتێک هەڕەشـەیەک بۆ سـەر ئاشـتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی هەبێت. جا گەر وەها ئەرکێک بەجێ نەگەیەنێت، دوور نییە دەوڵەتانی تر هەوڵی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاسایی و سیاسییە بدەن.

لە توێژینەوەکەدا زیاتر باسـی یاسـا وەک ئەوەی هەیە (de lege lata)، کراوە. بەڵام هاوکات قسـەیەکیش لە بەرژەوەندیی کاری زیاتری دەسـتەجەمیی لە سـەروەختی بەرەنگاربوونەوە و ئاسـاییکردنەوەی پێشـێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا، کە خۆی لە دەسـتێوەردانی مرۆییدا دەنوێنێت، دەکرێت. ئێسـتا شـی دەکاتەوە و چاوێکیشـی لە داهاتووە (de lege ferenda)، واتە لە 'وەک ئەوەی هەیە'وە دەیپەرژێتە سەر 'وەک ئەوەی دەبێت'.

کارەکە بەگشتی توێژینەوەیەکی تیۆرییایە، پشتی بە سەرچاوە بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەکان و سـەرچـاوەکـانی ئینتەرنێتیش بەسـتووە. توێژینەوەکە سـەرچاوە بەراییەکانی داتای یاسـایی، کە ئەوانیش پەیماننامە و نەریتی نێودەوڵەتیین، شی دەکاتەوە. هەروەها سەرچاوە دووەمینەکانیش، کە کەیسی یاسایی و توێژینەوە و وتاری ئەکادیمیین، بەکار دەهێنێت.

لە بەشی یەکەمدا، توێژینەوەکە دوو کەیسی نموونەی تەنگژەی مرۆیی تاوتوێ دەکات. ئەو دوو کەیسە بە زۆری وا ناسراون، کە پێکهاتەی تاوانی جۆراوجۆریان تێدایە، جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ. بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشتر و گشتیتر بەدەستەوە بدرێت و دۆخ و سیاقی تاوانەکانیش ڕوونتر ببنەوە، پەیوەندی و ئەرکە نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتانی ئامانج، هەروەها کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لە سەروەختی تاوانەکاندا، تاوتوێ دەکرێن. باسکردنی ئەو دوو کەیسە بۆ نیشاندانی ئەوەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایش، جارجار، لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا و لەبەر هۆکاری تری یاسایی و سیاسی و لە کیشوەری جیاوازدا، خۆی لە ئازار و نەهامەتیی مرۆیی خەڵکانێک، کەڕ دەکات. ئەم کەیسانە و هی تریش بێگومان، دەیسەلمێنن کە چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی، زیاتر وەک *ماف* لێک دەدرێتەوە نەک *ئەرک*. ڕوونیشە کە مافدار، ئاسان دەتوانێت خۆی لە مافەکەی جیا بکاتەوە، بەڵام ئەرکدار ناتوانێت.

بەشی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ نیشاندانی پاشخانێکی مێژوویی، هەنووکە و تا ڕادەیەکیش داهاتووی مافەکانی مرۆڤ و دەستێوەردانی مرۆیی. هەروەها لە پێشینە مێژوویی و فەلسەفییەکانی ئەو دوو چەمکەش دەکۆڵێتەوە. ئارگیومێنتەکە ئەوە دەبێت، کە یاسای هاوچەرخی مافەکانی مرۆڤ و کردەی هاوچەرخی دەستێوەردانی مرۆیی، یەک لە دوای یەک، لەسەر تیۆریای یاسای سروشتی و تیۆریای جەنگی ڕەوا، بنیات نراون. کرۆکی ئەم

تیۆریـایـانە ئەوەیە، کە مرۆڤەکان، تەنیـا بە حوکمی مرۆڤبوونیـان، خـاوەنی کۆمەڵێـک مـافی گەردوونیین. لە هەمـان بەشـــدا، پەیوەنـدیی نێوان هەردوو چەمکی مافەکانی مرۆڤ و ســەروەریی، باس دەکرێت. ماوەیەکی زۆر و درێژ، هەر لە سەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەوە لە ئەوروپا، بە دیاریکراوی پاش ڕێککەوتننامەی وێســتفالیا لە ١٦٤٨، ســەروەریی وەک کاتیگۆرییەکی موتڵەق ســەیر دەکرا. بەگوێرەی ئەم تێگەیشــتنە تەقلیدییە، دەوڵەت تاقە ئەکتەری کـارای پەیوەنـدییە نێودەوڵەتییەکـانە. لێرەدا ئـارگیـومێنتی ئەوە دەکرێت، کە مافەکانی مرۆڤ ئاڵنگارییەکی ڕژد و ســەرلەنوێ داڕشــتنەوە بە ســەر چەمکی ســەروەریدا دەســەپێنن، ئەوەش بە جۆرێک کە ناچار دەکرێت ئەو مـافـانە لە چوارچێوەکانی خۆیدا، جێ بکاتەوە بەبێ ئەوەی پێویســـت بە بەرهەڵستیکردنی ئەو مافانە بکات. بەپێچەوانەوە، دەبێت سازشیان بۆ بکات و لەگەڵیان ڕێک بکەوێت.

ناواخنی بەشی سێیەمیش بریتی دەبێت لە شەنوکەوکردنی یاسـاییبوونی دەســتێوەردانی مرۆیی پاڵپشــت بە پەیماننامەکان. بۆچوونی جیاواز دەربارەی یاسـاییبوونی کردەی دەستێوەردانی مرۆیی هەن، جا نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆی بیکات یان ڕێکخراوە ناوچەییەکان. لەو بەشـەدا تەرکیز لەســەر مادە و بڕگەکانی بنەڕەتنـامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تـایبەت بە بەکـارهێنـانی هێز دەبێت. وەک بنەما، بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان قەدەغەیەکی گشـتیی لە ســەر بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشــەی بەکارهێنانی داناوە. بەڵام لە چەند

حاڵەتێکیشدا ڕێگەی بە بەکارهێنانی هێز داوە، ئەوانیش بەرگریی لەخۆکردن و ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایشن. لەم باسەی ئێرەدا، دەستێوەردانی مرۆیی جۆرێک یان بەشێک نییە لە بەرگریی لەخۆکردن. بۆیە ئەوەی دەمێنێتەوە، بەرگری یان ئاسایشی دەستەجەمییە، کە ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێگەی پێ دابێت. لەم بەستێنەدا و بەگشتی، ئەم توێژینەوەیە دژی تیۆریا و کردەی دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆڤییە و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەستێوەردانی مرۆیی، هەم پەسەندتر و هەمیش باشتر دەکرێت، گەر دەزگا یاساییە پەیوەندیدارەکان ڕێگەیان پێ دابێت. لەم توێژینەوەیەدا زیاتر تەرکیز لەسەر ئەنجوومەنی ئاسایش دەبێت وەک دەزگای پەیوەندیدار، بەو پێیەی بەهێزترین ئۆرگانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەرپرسە لە پاراستن و بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی.

پاش لایەنی یاسایی نووسراو و پەیماننامەکان، لە بەشی چوارەمدا ئاوڕ لە مافی نەریتیی دەستێوەردانی مرۆیی دەدرێتەوە. یاسا تەنیا دەق و مادەی نووسراو نییە، بەڵکوو بەشێکی هەموو سیستەمێکی یاسایی، نەریت، واتە کۆمەڵێک کۆدی نەنووسراوە، کە هاوشێوەی کۆدە نووسراوەکان گرنگ و ئەرکدارن. لە پەیوەست بە باسەکەی ئێرەشەوە، هەندێک توێژەر، پاڵپشت بە کردەوەی دەوڵەتان لە سەدەکانی نۆزدە و بیستەمدا، جەخت لە هەبوونی مافی دەستوەردانی مرۆیی تاکلایەنەی لە سەروەختی تەنگژەی مرۆییدا، دەکەنەوە. توێژینەوەکە، وەک پێشتریش وترا، وەها بۆچوونێک ڕەت دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی جیهان بۆ خۆی بە دەست نادادپەروەرییەوە، دەناڵێنێت. گەر ئێمەش بێین و

مـافێکی وەک دەســـتوەردانی مرۆیی تـاکلایەنەی بســـەلمێنین، قەبـارە و بڕی نادادپەروەرییەکان گەورەتر و زیاتر دەبن؛ دەوڵەتە بەهێزەکان هەر دوورەدەسـت و پارێزراو دەبن و بچووکەکانیش پەلاماردراو. مەبەســت لەم خاڵەش بانگکردنی ئەنجوومەنی ئـاســـایشـــە، کە بە وریـایی مـامەڵە لەگەڵ بەرپرســـیـارێتییە نێودەوڵەتییەکانی لە بەرقەرارکردنی ئاشــتی و ئاســـایشـــی جیهانییدا، بکات و ئاسایشی مرۆییش وەک بەشێکی بەڵگەنەویستی ئەو بەرپرسیارێتییە، بسەلمێنێت. توێژینەوەکە بڕیارە تەنیا دیوە یاساییەکەی تیۆریا و کردەی دەستێوەردانی مرۆیی، تـاوتوێ نەکـات، بەڵکوو ئـاوڕ لە ئـارگیومێنتە ئەخلاقییەکـانیش بـداتەوە، چ ئەوانەی پشتی دەگرن و چ ئەوانەشی دژین. تەنیا ئەوەش بەس نییە کە ڕەهەندی ئەخلاقیی دەســـتێوەردانی مرۆیی، بورووژێنرێت و لەو ڕێگەیەوە پاســـاو بدرێت، بەڵکوو دەبێت تای تەرازووی قســـە و ئارگیومێنتەکان بە لای بەیاســـاییکردن و بەدەزگاییکردنی زیاتری بابەتەکەدا بڕوات.

توێژینەوەکە بە هەندێک ئەنجامگیریی گشـتی کۆتایی دێت. لەوێش جەخت لەو بیرۆکەیە دەکرێتەوە، کە لە حـاڵەتی دەســـتێوەردانی مرۆییـدا، وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسـایش، پێویسـتە؛ باشـتر و پەسـەندتر وایە کە ئەو ڕەزامەندییە وەرگیرابێت. چونکە ئەو ئەنجوومەنە، نوێنەری ســیاســی و تەناهیی جیهانە. لەوانەیە نەتوانێت ڕێســـای یاســـایی بنووســێتەوە و دابڕێژێت، بەڵام دەتوانێت لە ڕێی پراکتیکی خۆیەوە، دەوڵەتان ناچار بکات بە جۆرێکی دیاریکراو ڕەفتار بکەن. دەتوانێت کارێک بکات، کە پاراســـتنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بەتایبەت کاتێک ئەو مافانە ڕووبەڕووی پێشـێلکاریی بەرچاوی وەک جینۆسـاید و

هەواڵنامەی کتێب

تاوانی دژەمرۆڤایەتی دەبنەوە، ببێتە کارێکی پێشـین و دەسـتێوەردانی مرۆییش وەک پرۆژەیەکی بەرگریی دەسـتەجەمیی (collective security)، پەسـەند بکات. لەو کارەشـیدا، پێش هەر شـتێکی تر، هاوخەمیی نێودەوڵەتیی ڕەنگ پێ بداتەوە: *یەک بۆ هەمووان و هەمووانیش بۆ یەک*.

جیاواز لە توێژینەوەکانی تر، لێرەدا دوو کەیسی ناکارایی (inaction) دەهێنرێنەوە؛ دوو کەیس کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و ئەنجوومەنی ئاسـایش، ناکارا مانەوە، دەسـتیان وەرنەدا. چونکە ئەو جۆرە کەیسـانە زیاتر خزمەتی نیشـاندان و گەیاندنی پەیامی توێژینەوەکە، دەکەن. هەر بۆ زانین، پێشـتر ئەو بەشـەی کە تایبەتە بە ئەنفال، لە کتێبێکی پێشـترمدا بە ناوی *چەند وردبوونەوەیەک لە فەلسـەفەی مافەکانی مرۆڤ*، بڵاو کراوەتەوە. بەڵام لەبەر بایەخی کۆی توێژینەوە و هەروەها نەبوونی سـەرچاوەی پێویسـت بە مژاری 'دەسـتێوەردانی مرۆیی' لە زمان و کتێبخانەی کوردیدا، بە باش زانرا هەمووی وەک خۆی و بە دەسـتکارییەکی کەمەوە، بڵاو بکرێتەوە. توێژینەوەکە بۆ خۆی ماستەرنامەیە، لە ۲۰۱٦دا بە ئینگلیزی نووسـراوە و لە کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی زانکۆی نیەر ئیست (East Near) بەردەستە.

**سەرکەوت جەلیل**

**کەلار– ۲۰۲۲/۱۱/۲۵**

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم: دەستێوەردانی مرۆیی لە پراکتیکدا - دووکەیسی ناکارایی

### ١,١ ئەنفال

گرنگیی *شاڵاوی ئەنفال* لەوەدایە، کە بەپێی شوێنکاتی ڕوودانی، چەند کۆدێکمان بۆ دەکاتەوە. ئەنفال لە ١٩٨٨ و لە ئێراقدا ڕووی دا؛ لە سەروەختی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان ئێراق و ئێران لە لایەک و جەنگی ساردی نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەتییش لە لایەکی ترەوە. بێگومان پێش ئەو شاڵاوەش، شەڕێکی دوورودرێژی دەیان ساڵە لە سەر خاک و خەڵک و ناسنامە، لە نێوان کورد و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراقدا، هەڵایسابوو. سەرباری ئەوەی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دەیان هەزار خەڵکی کورد، گیانیان لەدەست دا، هێشتا بەدەمەوەهاتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی وەک پێویست نەبوو. کەچی سێ ساڵ دواتر (لە ١٩٩١)، هەریەکە لە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا، بە مەبەستی پاراستنی خەڵکی کورد لە ئەگەری هێرشی سوپای ئێراق لە سەروەختی کۆڕەوە دوو ملیۆنییەکەی هەمان ساڵدا، هاتنە سەر هێڵ و ناوچەی دژەفڕین (no-fly zone)یان دژی حکومەتی ئێراق درووست کرد. بەو کارەشیان، یەکەم حاڵەتی دەستێوەردانی مرۆییان لە پاش

قۆناغی جەنگی سارد (١٩٤٥_١٩٩٠)ـەوە، تۆمار کرد.[١] ڕاستە لەو ماوەیەدا چەند ڕەوشێکی تری مرۆیی هەبوون، بەڵام هەموویان تاکلایەنە بوون، بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش. هەردوو ڕووداوی ئەنفال و کۆڕەو پێمان ئێژن، کە دەستێوەردانی مرۆیی، هەمیشە و لە هەموو حاڵەتەکاندا، بە هەمان شێواز دووبارە نابێتەوە. بەڵکوو زیاتر لە هۆکارێک ڕۆڵ و کاریگەریان لە دیاریکردنی شێواز و ئاست و ئامراز و ئامانجەکانی وەها دەستوەردانێکدا هەیە.

### ١,١,١ کورتەیەکی مێژوویی

لە مادەکانی ٦٢_٦٤ـی ڕێککەوتننامەی سیڤەری ١٩٢٠دا، مافی ئەوە بە کوردەکانی ویلایەتی موسڵ (کوردستانی ئێراق) درابوو، کە دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت.[٢] بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە تەمەنی کورت بوو، کاری پێ نەکرا، لە ١٩٢٣ـشدا بە ڕێککەوتننامەی لۆزان جێی گیرایەوە. بەپێی ڕێککەوتننامەی لۆزانیش، هەریەکە لە دەوڵەتەکانی حیجاز، سووریا و ئێراق دامەزرێنران و خەڵکە کوردەکەش بە سەر هەریەکە لە ئێراق، ئێران، تورکیا و

---

[1] Howard Adelman, 'The Ethics of Humanitarian Intervention: The Case of the Kurdish Refugees' (1992) 6 *Public Affairs Quarterly* [Special Issue on Refugees], 61–87.

[٢] لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە ناوچەی سیڤەری فەرەنسا، لەنێوان هێزە هاوپەیمانە براوەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی و ئیمپراتۆریای عوسمانیدا واژۆ کرا.

سووریادا دابەش کران، یان بەو دەوڵەتانەوە لکێنران. لێرەوە قەیرانی ناسنامە و پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنی نێوان کوردان و ئەو دوڵەتانە دروست بوو. بۆیە بە درێژایی سەدەی بیستەم، دەیان شۆڕش و پێکدادانی چەکداری لەنێوان ئەو دوو بەرەیەدا ڕووی داوە.[3] ئەم پێکدادانەش جۆرێک لە نائومێدی و نامۆبوونی خوڵقاندووە، بە جۆرێک، وەک هەندێک لە توێژەران باسی دەکەن، کوردانی ئێراق هەست دەکەن ناچارن بە ئێراقیبوون، چونکە هیچ ڕێگە و بژارەیەکی تریان نییە.[4] بێگومان ئەمەش لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکوو لە بنەڕەتەوە پەیوەندیی بە دادپەروەری و مافەوە هەیە. لەلایەکەوە کورد بە مافی خۆیانی دەزانن، کە وەک گەلانی تری ناوچەکە و جیهان، قەوارەی سەربەخۆیان هەبێت، لەلایەکی تریشەوە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق، کە بەزۆری لەلایەن عەرەبی سوننەوە سەرۆکایەتیی کراون، ملیان بە داواکارییە نەتەوەییەکانی کوردان، کە لەلایەن بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەییەوە پێشکەش دەکران، نەداوە. بەگشتی دەکارین بڵێین، پرۆسەی پێکهێنانی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، مایەی سەرئێشە بووە بۆ هەموو ناوچەکە، لای کەم بۆ کورد:

---

[3] Heval Hylan, '1991 Humanitarian Intervention in Kurdistan and Iraq's Sovereignty' <http://www.kcdme.com/Humanitarian20Intervention1.pdf> accessed 11 Mar 2016.

[4] Gareth Stansfield, 'The unravelling of the post-First World War State System? The Kurdistan Region of Iraq and the transformation of the Middle East' (2013) 89 International Affairs 259, 281.

لەبریی ئەوەی ببێتە بەشێک لە چارەسەر، بووە بەشێک لە کێشە، بووە هۆکاری هەڵایسانی ململانێی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییش؛ وەک ئاگربەستێک بوو بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو ئاگربەستەکان![5]

ئەمەم بۆیە گێڕایەوە تا بڵێم، هەندێک تاوانی گەورەی وەک جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتی، کە ئاستێکی بەرزی پلاندانانیان پێویستە، لە شەو و ڕۆژێکدا، یان بە ڕێکەوت، ڕوو نادەن. بۆیە ناکرێت ئاسان ئەو تاوانە و پێشخانە مێژووییەکەی لێک دابڕین. لە نموونەی شاڵاوی ئەنفالدا، پەیوەندیی حکومەتی ناوەندیی بەغدا بە کوردانەوە، بەتایبەت پاش شۆڕشەکەی ئەبدولکەریم قاسم و هاوڕێیانی لە ١٩٥٨، کە سیستەمی حوکمڕانیی لە پاشایەتییەوە گۆڕی بە کۆماری، گرنگ و پەیوەندیدارە. لە ١٩٥٨ـەوە، هەموو حکومەتەکانی بەغدا لە سەرەتاوە دەهاتنە پێشەوە و لەگەڵ کوردان دانوستانیان دەبوو، بەڵام دواتر، کە هەستیان دەکرد بەهێزترن، لەگەڵ کوردان دەجەنگان.[6] بۆیە یاریکردن و تەراتێن لەنێوان جەنگ و ئاشتیدا بەپێی بارودۆخەکان، وەک شێوازێکی جێگیری پەیوەندیی نێوان حکومەتی بەغدا و کوردانی لێ هاتبوو. لە ١٩٦١ـەوە تا ١٩٨٥ حکومەتی

هەواڵنامەی کتێب

---

[5] یان ئاشتییەک بوو بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرە ئاشتییەک لە ناوچەکەدا. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشتر.

[6] Robert G. Rabil, ‘Operation “Termination of Traitors”: the Iraqi Regime through its Documents’ (Sep 2002) 6 Middle East Review of International Affairs 14, 15.

ئێراقی هەشـــت هێرشـــی گەورەی پلان بۆ دانراوی کردە ســەر کورد و پێدانی ئۆتۆنۆمییشـــی پەرچ دایەوە. ئەوەش هـانی کوردەکانی دا، داوای یـارمەتی لە ئێران و هـاوپەیمـانەکـانی تریـان بکەن. لە ١٩٨٥ـــــیش حکومەتی ئێراق بە مەبەســـتی کەمکردنەوەی توانـاییـان بڕیـاری دا، کە ژێرخـانی کورد و نـاوچە کوردییەکـان بەتەواوی تێکبشـــکێنێـت. کەچی ســـەربـاری ئەوەش، کورد لە خەباتکردن بەردەوام بوو.[7]

لە هەشـــتاکاندا ئێراق لەگەڵ ئێران شـــەڕی بوو. لەو قۆناغەی خەباتی کوردانـدا، کە لەلایەن حیزبەکـانی ئەو کـاتەوە ڕێبەرایەتیی دەکرا، کورد بۆ ئەوەی ئێراق ناچار بکەن ناوچە کوردنشـینەکان چۆڵ بکات، یان لەو ناوچانە بەدەری نێن، پەیوەنـدییـان بە ئێرانەوە تونـدوتۆڵتر کرد. ئەمەش کاردانەوەی ئێراقی لێ کەوتەوە و لە ئایار و حوزەیرانی ١٩٨٧ـدا دەستی دایە ئۆپەراسیۆنێک بەناوی *ئۆپەراســیۆنی لەناوبردنی خیانەتکاران*. لەم ئۆپەراســیۆنەدا هەزاران خەڵکی گوندەکان دەســتگیر کران، ســەدان گوند تێک دران، بگرە هەندێک لەو گونـدانەش بە چەکی کیمیـایی بۆردومـان کران. واتە، وەک ڕۆبێرت ڕابیل دەڵێت، شـــاڵاوێکی دڵڕەقانەی حکومەتی ئێراق جێبەجێ دەکرا، کە دەکرێت بڵێین بەشێک بوو لە سیاسەتنامەی ئێراق لە کۆتاییهێنان بە شۆڕشی کوردان

[7] Ibid, 15–17.

دژی حکومەت.[8] وەک ئەوەی ئەو بەڵگەنامانە نیشانی دەدەن، حکومەتی ئێراق لە گرتنەبەری هەموو جۆرە ڕێکار و ئامرازێک بۆ ناچارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بە خۆبەدەستەوەدان و کۆتاییهێنان بە بەرەنگارییان، سڵی نەدەکردەوە. بە جۆرێک دەتوانین بێژین، ئۆپەراسیۆنی لەناوبردنی خیانەتکاران، تەنیا ڕێگەخۆشکەرێک بوو بۆ شاڵاوی ئەنفال، کە لە شوباتەوە تا ئەیلولی ١٩٨٨ بەردەوام بوو.[9] هیچ نەبێت ئەو ڕاستییە دەزانین، کە حکومەتەکانی ئێراق لە ڕۆژی دروستبوونی دەوڵەتەکەوە، ناکۆکییان لەگەڵ کورد هەبووە و بە داواکارییەکانیان قەڵس بوون. بۆیە ئەنفال و شاڵاوەکانی تریش، مشتێکی خەروارێکن لە ناهەقی و مافخواردنی گەلان.

هەواڵنامەی کتێب

[8] Ibid, 23: "پشکنینی بەڵگەنامەکانی حکومەتی ئێراقی تایبەت بە ئۆپەراسیۆنەکانی هەشتاکان دژی کوردان، هەنگاوێک لە شیتەڵکردنی مێژووی ئەو ڕووداوانە و شاڵاوی دڵڕەقانەی حکومەت دەرهەق بە خەڵکی مەدەنی، نزیکمان دەکاتەوە. هەوڵی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوونی کوردان لە سەروەختی جەنگی ئێراق–ئێراندا، بەرەو شاڵاوێکی قڕکردنی ئەنقەست هەڵکشا، کە ئامانج لێی گۆڕینی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووریی کوردانی باکووری ئێراق بوو بۆ هەمیشە."

[9] ئەنفال دوایین تاوان و دوایین ئۆپەراسیۆنی دژی کوردان نییە، بەڵکوو دەیان جۆری تری تاوان ئەنجام دراون. بۆ خوێندنەوەی پانۆرامایەکی مێژوویی و یاسایی دەربارەی تاوانی دەوڵەتانی ناوچەکە دژی کوردان، بڕوانە مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتاندا، چ ٤، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

### ٢,١,١ دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکە

ئەنفال، ناوی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەیە، کە حکومەتی ئێراق لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ دژی کورد دەستی دایە و تا ٦ی ئەیلولی هەمان ساڵی خایاند.[١٠] سیاق یان شوێنکاتی *ئەنفال*، لەو ڕووداوانەی لە ساتەوەختی بنیاتنانی دەوڵەتی مۆدێرنی ئێراق لە ١٩٢١ەوە تا ١٩٨٨ ڕوویان داوە، جیا نابێتەوە. بۆ نموونە، بە درێژایی هەشتاکان حکومەتی ئێراق بە پەیوەندیی کوردەکان بە ئێرانەوە، قەڵس بوو و هەستی بە مەترسی دەکرد. وەک هەوڵێکیش بۆ تێکشکاندنی ورەیان لە ئازادکردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێراق، لە ١٩٨٣ حکومەت هێرشی کردە سەر ناوچەی بارزان و نزیکەی ٨٠٠٠ کەسی لێ بردن/کوشتن.[١١] لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨یش، هێزی ئاسمانیی ئێراق بە چەکی کیمیایی شاری هەڵەبجە و دەوروبەریان بۆردومان کرد، بەو هۆیەشەوە

[١٠] ئەنفال[انفال] لە نەفەل [نفل]ـەوە هاتووە، لە باری زمانەوانییەوە واتە بەرماوە، دەستکەوت، غەنیمە، بەجێماو، دەستبەسەرکراو، بەتایبەت لە سەروەختی جەنگ و لە سیاقی پێکدادانی چەکداریدا. لە باری واتاییشەوە، بەو بەشەی غەنیمە دەوترێت، کە بەر ئیمامی موسوڵمانان دەکەوێت. بڕوانە فەرهەنگی ئەلمەعانی (عەرەبی-عەرەبی):
<https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar>

[11] Joost R. Hiltermann, 'The 1988 Anfal Campaign in Iraqi Kurdistan' (2008) Online Encyclopedia of Mass Violence <http://www.massviolence.org/PdfVersion?id_article=98> accessed 27 Apr 2016.

٥٠٠٠ کەس، کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنی بوون، مردن و هەزارانی تریش بریندار بوون.[12]

شاڵاوی ئەنفال بە هەشت قۆناغ و لە چەند ناوچەیەکی جیاواز، جێبەجێ کرا.[13] ئەو ناوچانەشی کرانە ئامانج، زیاتر ناوچە گوندی و دوورەدەستەکان بوون، چونکە مەبەستێکی سەرەکیی پشتەوەی هێرشەکانی حکومەتی ئێراق، کۆتاییهێنان بوو بە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردەکان، بەو پێیەی دەیوست پەیوەندی و هەماهەنگیی نێوان شۆڕش و خەڵکی گوندەکان، ببڕێت.[14] بەڵام لە ئەنجامدا، ئەوەی کوژران و لەناوبران، تەنیا شەڕڤان و پێشمەرگە نەبوون، بەڵکوو بە هەزاران خەڵکی مەدەنی بوون. لە قۆناغی یەکەمی شاڵاوەکە (٢٣ی شوبات-٢١ی ئازار)دا، سەدان کەس کوژران و دەیان گوندیش تەخت کران. قۆناغی دووەم (٢٢ی ئازار-١ی نیسان) هاوکات بوو لەگەڵ هێرشێکی گەورە بە چەکی کیمیایی بۆ سەر گوندەکان. لە ئەنجامیشدا، ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵک بەرەو ناوچەکانی نزیکی خۆیان ئاوارە بوون، سەدان کەسیشیان لێ گیران و سەرنگوم کران. قۆناغی سێیەمی شاڵاوەکە لە ٧_٢٠ی نیسان جێبەجێ کرا؛ قۆناغی چوارەمیش لە ٣_٨ی ئایار؛ قۆناغەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەمیش لە ١٥ی ئایار_٢٨ی ئاب؛

---

12 Ibid.

13 Human Rights Watch, *Genocide in Iraq: the Anfal Campaign against the Kurds* (July 1993), 122–123.

14 Ibid.

قۆناغی هەشتەم و کۆتاییش لە ٢٥ـــی ئاب_٦ـــی ئەیلول لە ناوچەی بادینان جێبەجێ کرا.

شـــێوازی ئەنجامدانی هێرشـــەکانی شـــاڵاوەکەش، بە دوو خەســـڵەتی سەرەکیدا دەناسرێتەوە: یەکەم، لە پێشدا بوردومانکردنی شوێنەکە بە چەکی کیمیـایی؛ دووەم، دەســـتگیرکردنی خەڵکی گونـدەکـان، دواتریش بردن و کوشـــتنیان.[١٥] بۆ ژمارەی کوژراوانی کۆی شـــاڵاوەکەش، بەهۆی شـــوێنکاتی ڕووداوەکەوە، کە چون زۆرێک لە کەســـەکان و بەڵگەکان و زانیارییەکان تێدا چوون، ئامارێکی ورد لە بەردەســـتدا نییە. بەڵام وەک ئەوەی عەلی حەســـەن مەجید (ئامۆزای ســـەرۆکی ئەوکاتی ئێراق و بەرپرســـی نووســـینگەی باکووری حیزبی بەعس لە ســـەرووەختی شـــاڵاوەکەدا) دەڵێت، ژمارەکە نزیکەی ســـەد هەزار دەبێت.[١٦] زۆریک لەوانەشی دەستبەسـەر کران، گولەباران کراون و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون.[١٧]

شـاڵاوی ئەنفال بەوە دەناسـرێتەوە، کە ڕەگەزەکانی تاوانی جینۆسـایدی تێدایە. جینۆســـایدیش بەپێی پەیمـاننـامەی بەرلێگرتن و ســـزادانی تـاوانی

---

[15] Ibid.

[16] Ibid.

[١٧] لە کانوونی دووەمی ١٩٨٩دا، عەلی حەسەن مەجید وتوویەتی: "لەگەڵ ئەو هەمووە خەڵکەدا چیمان بکردایە؟ لای خۆم بیانهێڵمەوە و خزمەتیان بکەم؟ ئاخر من لەگەڵ ئەمانەدا، لەگەڵ ئەم بزنانەدا، چ بکەم؟ نەوەڵا، هەموویان بە بلدۆزەر دەخەمە ژێر گڵ." بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشتر.

جینۆسـایدی[18]، بریتییە لە "هەر کردەیەک، کە ویسـتی سـڕینەوەی تێکڕا یان بەشـێکی گرووپێکی نەتەوەیی و نەژادیی و ڕەچەڵەکیی و ئـاینیی، جێبەجێ بکرێـت." مەرجیش نییە تەنیـا لەکاتی جەنگـدا ڕوو بـدات، بەڵکوو لەکاتی ئاشـتییشـدا ئەگەری هەیە. هەر بەپێی پەیماننامەی جینۆسـاید (مادەی ٢)، کردەکانی ئەو تـاوانـانەش، کە وەک جینۆسـایـد لەقەڵەم دراون، بریتیین لەمانە:

١. کوشتنی ئەندامانی گرووپێک.

٢. زیانگەیاندنی جەستەیی و دەروونی ئەندامانی گرووپێک.

٣. خستنەبەر جەوروستەمی ژیانی گرووپێک بە مەبەستی لەناوبردنی تێکڕا یان بەشێکیان.

٤. سەپاندنی ڕێکارێک بە مەبەستی بەربەستدانان لە زاوزێکردنی گرووپێک.

٥. بەزۆر گواستنەوەی منداڵ لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر.

جگە لەوانەش، دەوڵەتانی ئەندام لە پەیماننامەی جینۆسایدی ساڵی ١٩٤٨(مادەی ٣) ئەوەیان لەئەستۆ گرتووە، کە نەک هەر جینۆساید، بەڵکوو ئەم کردەوانەی خوارەوەش قەدەغە بکەن و ئەنجامدەرانیان سزا بدەن:

١. پیلانگێڕان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٢. وروژاندنی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بە مەبەستی جینۆساید.

---

[18] مادەی ٢.

٣. هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٤. هاریکاریی لە جینۆسایددا.

بەم پێیەش، شاڵاوی ئەنفال بە دوو مانا جینۆسایدە: یەکەم، دژی گرووپێکی نەتەوەیی دیاریکراو جێبەجێ کرا، کە کوردەکان بوون، چونکە زمانی کوردی لە عەرەبی، کە زمانی ڕەسمیی حکومەتی ئەوکاتی ئێراق بوو، جیاوازە. دووەم، زۆرینەی کوژراو و قوربانییەکان، خەڵکی مەدەنی بوون، نەک چەکبەدەست. بۆیە حکومەتی ئێراق ناتوانێت بڵێت، کە هەوڵی بنبڕکردنی شۆڕشی کوردانی داوە.[19] وەک وتم، ناکرێت پلانی ئۆپەراسیۆنیکی زەبەلاحی وەک ئەنفال، بەبێ نیازی کوشتن و قڕکردنی بەشێک لە کوردان، داڕێژرابێت. هەبوونی پلانیش، هەبوونی مەبەستی تاوانکاری دەخوازێت. بۆیە گریمان ئۆپەراسیۆنەکەش سەری نەگرتایە، جا لەبەر هەر هۆیەک بێت، ئەوکات بە هەبوونی مەبەست و ئامانجی کوشتن و قڕکردن و بە لەبەرچاوگرتنی حوکمەکانی پەیماننامەی جینۆساید، کردەوەکە هەر تاوان دەبوو.

هەرچی و هەرچۆن بێت، پرسیارێکی سەرەکی بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە: بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، هیچ هەنگاوێکی جددیی بۆ ڕێلێگرتن یان

[19] Human Rights Watch (n 13), Hilterman (n 11), Rabil (n 6), and Vanessa Bernick, ‘The Anfal Campaign: A Politically Feasible Atrocity’ (2012) <https://humanrights.uchicago.edu/sites/humanrights.uchicago.edu/files/uploads/Vanessa-Bernick-Martin-Baro-Essay.pdf> accessed 1 May 2016.

ڕاگرتنی ئەو کوشـــتنی بەکۆمەڵە نەگرتە بەر؟ ئایا ئەم دەســـتەوەســـتاوییەی ئەنجوومەنی ئـاســـایش، هیچمـان دەربـارەی ڕەوایەتی و یـاســـاییبوون و ئەخلاقیبوونی دەستێوەردانی مرۆیی، پێ دەڵێت؟ من دەڵێم بەڵێ، دەوڵەتانیش چیتر بە مـانـا کلاســیکییەکەی ســەروەری، ســەروەر نیین. هەروەهـا ئەو ڕاستییەی کە وەها تاوانێک لە ناوخۆی دەوڵەتێکدا دەقەومێت، مانای وانییە ئەنجوومەنی ئاسـایش لە دوورەوە سـەیر بکات. بێگومان کۆمەڵێک کاردانەوە و لۆمەکردنی دەوڵەتان بۆ ڕووداوەکانی ســەرکوتکردنی کوردان، هەن، بەڵام ئەوەی گرنگ و جێی باسـە، کاردانەوە و دەسـتوەردانی ئەنجوومەنی ئاسایشـە وەک بەهێزترین ئۆرگـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان، کە نوێنەرایەتیی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەکات.

### ٣,١,١ بەرپرسیارێتییەکانی ئێراق وکاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی

لە بابەتی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێراق، گرنگە شـوێنکاتی ڕوودانی ئەنفالمان لەبیر بێت. ئەوکات سـەردەمی جەنگی سـارد (Cold War) بوو، جەنگی ساردیش لە سـادەترین پێناسـە و دەرکەوتەیدا، واتە جەنگێکی دیپلۆماسی؛ ئەوەی زۆرترین لایەن لە خۆت کۆ بکەیتەوە و بە ئامرازی غەیری چەک و تەقەمەنی، شـەڕی بەرانبەر بکەیت. لەم سـەروبەندەدا ئێراقیش، وەک هەر دەوڵەت و ناوچەیەکی تر، بەشـێک بوو لە ئـامانج و ململانێی هێزەکان. لە کۆتایی شـەسـتەکان و سـەرەتای حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوودا، ئێراق پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی سـۆڤیەتی باش بوو.[٢٠] ئەم پەیوەندییەش دەشـێت چەند ڕەهەند و هۆکارێکی هەبووبێت، بەڵام ئامادەیی ئێراقیش بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی لە یەکێتیی سۆڤیەتی، کاریگەریی هەبوو.[٢١] سەرباری

---

[20] Francis Fukuyama, 'the Soviet Union and Iraq since 1968' (July 1980) A Rand Note prepared for the United States Air Force, N-1524-AF.

[٢١] وەک دژایەتیکردنی ئیمپێریالیزم، بەتایبەتیش سیاسەتەکانی ئەمەریکا؛ بەهێزکردنی ڕۆڵی پارتی کۆمۆنیستیی عێراقی لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتییەوە؛ ڕاگرتنی باڵانس و ئاشتی لە کەنداوی فارسیدا؛ ململانێی عەرەب-ئیسرائیل، کە یەکێتیی سۆڤیەتی وەک بیانوویەک بۆ مانەوەی بە بەهێزی لە نیشتمانی عەرەبیدا، بەکاری دەهێنا؛ پشتگرتنی کوردەکان، کە دەکرا کاریگەریی یەکێتیی سۆڤیەتی لەسەر هەریەکە لە بەغدا و تاران و ئەنقەرە، زیاتر بکات؛ هەروەها هۆکاری ئابووریش. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئەمەش لە ١٩٧٥ بۆ ١٩٨٠، پەیوەندیی ئەو دوو دەوڵەتە جۆریکی تر بوو.[٢٢] بەو مانایەی، لە کاتی ڕوودانی ئەنفالدا، ئێراق هێندە لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی میانەی خۆش نەبوو، بەڵکوو زیاتر بە لای هێزی تردا، بە تایبەتیش ئەمەریکا، شکاندبوویەوە. ئەمەریکاش وەک زلهێز و ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، لە کاتی شاڵاوی ئەنفالدا، هیچ کاردانەوەی سیاسی و یاسایی و دیپلۆماسیی نەبوو. بەڵام دوای چەندان ساڵ، کاتێک سەرقاڵی ئامادەکاریی بوو بۆ داگیرکردنی ئێراق لە ٢٠٠٢، ئەوکات باسی تاوانەکانی پێشتری حکومەتی ئێراقی دەکرد و دۆسیەی تاوانەکانی هەڵدەدایەوە. یەک لەو تاوانانەی ئەمەریکا باسی دەکرد، تاوانەکانی دەرهەق بە کورد بوو. بۆ نموونە، لە ٢٠٠٢ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە[٢٣]، تێیدا ئەنفال وەک "هەڵمەتێکی قڕکردن دژی کوردانی ئێراق، کە تێیدا لای کەم پەنجا هەزار و ئەوپەڕی سەد هەزار کەس، کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، کوژران" ناسێنراوە. ئەوەش لەکاتێکدا، کە ئەمەریکا ئەوکات هاوپەیمانێکی سەرەکیی ئێراق بوو، ئەوسا و ئێستاش ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشە، بەڵام هیچی بۆ لۆمەکردن و سزادانی ئەنجامدەرانی شاڵاوی ئانفال، نەکرد و

---

[٢٢] ئەم گۆڕانکارییە لە پەیوەندیی هەردوو دەوڵەتدا، چەند هۆکارێکی هەیە. لەوانەش ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ ئێران لە ١٩٧٥؛ هەستی عێراق بەوەی بەهێزە و پێویستیی بە سۆڤیەت نییە؛ هەروەها دەستوەردان و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە. بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشووتر. ئەوانەش جگە لەوەی کە ئێران، هەر لە شۆڕشی ١٩٧٩وە و پاش تەنگژەی بارمتە دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان، پەیوەندیی لەگەڵ ئەمەریکادا زۆر خراپ بوو.

[23] Bernick (n 19).

نەوت. لەوەش زیاتر، کاتێک هەواڵی بۆردومانکردنی هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی ئێراقەوە بە جیهاندا بڵاو بووەوە، ئەمەریکا بەرگریی لێ دەکرد، بەوەی وتی ئێرانیش لەو کاتەدا تۆپی بە ناوچەکەوە ناوە.[٢٤] ئەو لێدوانانەی ئەمەریکاش دڵەڕاوکێ و گومانی زیاتریان لەسەر تێوەگلانی ئێراق لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ڕووداوەکەدا، درووست کرد. لە ئەنجامیشدا ئەنجوومەنی ئاسایش "بە توندیی ئیدانەی بەکارهێنانی بەردەوامی چەکی کیمیایی لە جەنگی نێوان ئێراق و ئێران"دا کرد، بەو پێیەی پێچەوانەی بەرپرسیارێتیی هەردوو دەوڵەتە لە سایەی پرۆتۆکۆلی ژنێڤدا. هاوکات چاوەڕوانی هەردوو دەوڵەتیش بوو، کە "بەپێی بەرپرسیارێتییان لە سایەی پرۆتۆکۆلی ناوبراودا، لە داهاتوودا خۆیان لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ململانێکانیاندا، دوور بگرن."[٢٥] ئەمەش واتە ئەنجوومەنی ئاسایش، هێرشە کیمیاییەکەی سەر هەڵەبجەی لەبیر بوو، بەڵام ئەنفالی لەبیر کرد. بەگشتی، پەیوەندیی ئەمەریکا بە ئێراقەوە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەسەر لۆژیکی "دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە" بوو، چونکە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا بە ئێرانەوە، بەتایبەتیش پاش تەنگژە دیپلۆماسییەکەی نێوانیان بەهۆی بەبارمتەگرتنی ستافی باڵیۆزخانەی

---

[24] Bernick (n 19).

[٢٥] بڕیاری ژمارە ٦١٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش، لە ٩ی ئایاری ١٩٨٨.

ئەمەریکا لە تاران پاش شـۆڕشـە ئیسـلامییەکەی ئەو وڵاتە (١٩٧٩_١٩٨٠)، ئاڵۆز بوو[٢٦].

بەرپرسـیارێتیی ئێراقیش لە سـایەی یاسـای نێودەوڵەتیدا، فرەڕەهەندە. لە ١٩٨٨ـــــدا و پێش جێبەجێکردنی شـاڵاوی ئەنفال، ئێراق ئەندامی زۆر پەیماننامە بوو، کە هەم بەشـێکن لە یاسـای مافەکانی مرۆڤ و هەم یاسـای مرۆییش. ئێراق جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی واژۆ کردبوو. هەرچەندە لە ڕووی یاسـاییەوە ئەو جاڕنامەیە وەک پەیماننامە نییە و بەرپرسـیارێتی درووست ناکات، بەڵام بەردی بناغەی یاسای مافەکانی مرۆڤە. ئێراق هەریەکە لە پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید(١٩٤٨)؛ پەیماننامەی مـافە مەدەنی و سـیاسـییەکان(١٩٦٦)؛ پەیمـاننـامەی مـافە ئـابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان(١٩٦٦)؛ پرۆتۆکۆلی ژنێڤ بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنـانی چەکی خنکێنەر و ژەهراوی، یـان گـازەکـانی تر، یـان ئـامرازی بەکتریۆلۆجی لە جەنگدا (١٩٢٥)؛ هەر چوار پەیماننامەکەی ژنێڤ (١٩٤٩)؛ پەیمـاننـامەی نەهێشــتنی هەموو شــێوەکانی جیـاکـاریی نەژادی (١٩٧٠)؛ پەیماننامەی مافەکانی ژن (١٩٧٩)ـــی واژۆ و پەسـەند کردبوو، هەمووشـیان

[26] Anthony H. Cordesman, Peter Alsis, Adam Mausner, and Charles Loi, 'The Real Outcome of the Iraq War: *US and Iranian Strategic Competition in Iraq*' (2011) Center for Strategic and International Studies <https://www.csis.org/files/.../111221_Iran_Chapter_6-Iraq.pdf> accessed 3 May 2016.

کۆمەڵێک بەرپرسیارێتیی گەورە و ڕژد لە پاراستنی هاوڵاتییان و خەڵکانی مەدەنی، دەخەنە ئەستۆی دەوڵەتانی ئەندامیان. بەگشتی بەپێی ئەو پەیماننامانە، دەوڵەت بەرپرسیارە لە پاراستن و ڕێزگرتنی مافەکانی هەموو ئەو کەسانەی لە سایەی حوکمی ویدا دەبن. هەرچی مافە بنەڕەتییەکانە، بەپێی ئەو پەیماننامانە، ئێراق دەبوو مافی ژیان؛ مافی پارێزراوی لە ئەشکەنجەدان و مامەڵەی تری نامرۆڤانە؛ مافی ماڵداری و ئاوارەنەبوونی بەزۆر؛ ئەرکی دادگاییکردنی پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ و سەندنەوەی مافی قوربانییەکان، بپارێزێت و جێبەجی بکات.[27] لەلایەنی یاسای مرۆییشەوە، پەیماننامەی بەرلێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید[28]، بۆ نموونە، لە سەر دەوڵەتانی پێویست دەکات، ڕێ لە تاوانی جینۆساید بگرن و سزای ئەنجامدەرانی بدەن و لەکاتی پێویستیشدا دەزگای تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لەم حاڵەتەدا ئەنجوومەنی ئاسایشە، ئاگادار بکەنەوە تا هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ ڕێلێگرتن و سەرکوتکردنی تاوانەکە، بگرنە بەر.

---

[27] مادەکانی ٢، ٦، ٧ لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ١١ لە پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان.

[28] بڕوانە مادەکانی ١ و ٨.

جگە لە ئەمەریکا، ئەندامانی تری هەمیشـــەیی ئەنجوومەنی ئاســـایش، ئەندامی پەیماننامەی بەرلێگرتن و سـزادانی تاوانی جینۆسـاید بوون[٢٩]، بۆیە هیچ نەبێت 'ماف'ـــی ئەوەیان هەبوو، کە لە دوو ڕووەوە ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز دژی ئێراق بـدەن: یەکەم، بەو پێیەی ئەنـدامی ئەو پەیمـاننـامەیە بوون (جگە لە چەنـدان پەیمـاننـامەی تـر)، کە بەمەش دەیـانتـوانی وەک هەر دەوڵەتێکی تر، پرسی شاڵاوی ئەنفال جددیتر بگرن و بورووژێنن؛ دووەم، بەو پێیەی ئەندامی هەمیشـەیی ئەنجوومەنی ئاسـایشـن. بەڵام ئەوەی ڕووی دا، شـتێکی تر بوو. هەموو دەوڵەتانی تری جیهانیش، شـاڵاوەکەیان خسـتە پشـتی گوێ و بە جۆرێکی تر مامەڵەیان لەگەڵ کرد.

مادەی ٣ـــــی هاوبەش لە چوار پەیماننامەکەی ژنێڤی ١٩٤٩، کە ئێراق پەسـەنـدی کردبوون، تـایبەتە بە پێکـدادانی چەکـداریی نـاوخۆیی. بەمەش پێکـدادانی نێوان حکومەتی ئێراق و هێزە کوردییەکـانیش دەگرێتەوە؛ بەو پێیەی شـەڕی نێوان دوو دەوڵەت نەبووە. بەپێی مـادەی نـاوبراویش، ئێراق دەبوو هێرش نەکاتە سـەر خەڵکی مەدەنی؛ سـەر ئەوانەی بەشـداریيەکی ڕاسـتەوخۆیان لە توندوتیژییەکاندا نییە؛ دەسـتدرێژی نەکاتە سـەر کەرامەتی کەسـەکان؛ هەروەها لەخۆوە و هەڕەمەکییانە بەبێ پێڕەوکردنی ڕێوشـوێنە یاسـاییەکان و بەبێ پشـتبەسـتن بە دادگای تایبەتمەند، کەس سـزا نەدات و

---

[٢٩] ئەمەریکا لەو کاتەدا پەیماننامەی جینۆسایدی واژۆ و پەسەند نەکردبوو، بەڵکوو لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٨ کردی. بەڵام چوار ئەندامە هەمیشەییەکەی تری ئەنجوومەنی ئاسایش (بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا، چین) ئەندامی پەیماننامەکە بوون.

نەکوژێت. دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، کە مادەی ٣ی هاوبەشی پەیماننامەکانی ژنێڤی ١٩٤٩ تەنیا بەشێک نییە لە یاسای نووسراو یان ئەوەی پێی دەوترێت یاسای پەیماننامەیی (treaty law)، بەڵکوو وەک دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە ڕەوشی *نیکاراگوا*دا ڕایگەیاندووە، بەشێکیشە لە یاسای نەریتیی نێودەوڵەتیی (Customary International Law).[٣٠]

لە ڕووی پراکتیکی دەستوەردانیشەوە، ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەتایبەتیش ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی، لە ماوەی جەنگی سارددا چەندان جار و بە هۆکاری ئابووری، سیاسی، ئیدیۆلۆژی دەستیان وەرداوەتە دەوڵەتانی ترەوە. ئەمەریکا دەستی لە ڤێتنام (١٩٥٤)، گواتیمالا (١٩٥٦)، کۆماری دۆمینیکان (١٩٥٦)، چیلی (١٩٧١)، گرینادا (١٩٨٣) و نیکاراگوا (١٩٨٦)، وەرداوە. دەستوەردانیشی لەو دەوڵەتانەدا تەنیا ئابووری نەبووە، بەڵکوو ئیدیۆلۆژییش بووە: دەیویست ڕێ لە بڵاوبوونەوەی زیاتری کۆمۆنیزم لەو دەوڵەتانەدا بگرێت. یەکێتیی سۆڤیەتییش دەستی لە

---

30 *Military and Paramilitary Activities in and against Nicaragua (Nicaragua* v. *United States of America),* Judgement, ICJ Reports 1986, 114.

ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (١٩٥٣)، هەنگاریا (١٩٥٦)، چیکۆسلۆڤاکیا (١٩٦٨)، ئەفغانستان (١٩٧٩)، وەرداوە؛ هەمووشیان لەبەر هۆکارەیلی ئیدیۆلۆژی.[٣١]

بەو شێوەیەش دەردەکەوێت، زۆربەی حاڵەتەکانی دەستوەردان لە ماوەی جەنگی سارددا، لەبەر هۆکاری ئیدیۆلۆژیی بوون، کە بێگومان بە هۆیانەوە دەیان هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە و زۆر دەوڵەتیش داگیر کراون. بگرە لەوەش زیاتر، وەک لە حاڵەتی شاڵاوی ئەنفالدا، زلهێزەکان و ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش لەبەر ململانێی ئیدیۆلۆژی، خۆیان لە پێشێلکردنی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤ، نەبان کردووە.

با سیناریۆیەک بهێنینە بەرچاومان و بڵێین، ئەگەر لەکاتی شاڵاوی ئەنفالدا ئەنجوومەنی ئاسایش دەستی وەربدایە، ئەوکات بێگومان وەها دەستوەردانێک لەبەر هۆکارەیلی مرۆیی ڕەوا دەبوو، چونکە لە شاڵاوەکەدا نزیکەی سەد هەزار کەس گیانیان لەدەست داوە.[٣٢] ئەوەش جگە لە

---

[31] Jorge I. Dominguez, 'US-Latin American Relations during the Cold War and its aftermath' in Victor Bulmer, Thomas and James Dunkerley (eds), *The United States and Latin America: the New Agenda*, (University of London 1999) 33, 34-45; Rafael Reuveny and Assem Prakash, 'the Afghanistan War and the Breakdown of the Soviet Union' (1999) 25 Review of International Studies 693, 694.

[32] Kenneth Roth, 'War in Iraq: Not a Humanitarian Intervention' <https://www.hrw.org/legacy/wr2k4/download/3.pdf> accessed 4 May 2016.

ماڵوێرانی و وێرانکردنی گوند و زیانگەیاندن بە سـامانی کشـتوکاڵی و ئاژەڵی و کوێرکردنەوەی کانیـاوەکان و... هتـد. ئەوەی ئەنجوومەنی ئـاسـایش هیچی نەکرد، لەبەر هۆکاری تر بوو، کە پەیوەندییـان بە کەرامەت و ئـاسـایشـی مرۆییەوە نەبوو. وەک سـامانسـا پاوەر دەڵێت "بەرژەوەندیی تایبەت، سـوودی ئابووری و ڕەچاوکردنی جیۆسـیاسـی، ڕەهەندە مرۆییەکەیان شـاردەوە"، یان ئەوەی "ئیدارەی [ڕۆناڵد] ڕێگان قوماریان بە جینۆسـایدەوە کرد، بەڵام ئەوە کوردەکان و دواتریش ئەمەریکا بوون، کە باجەکەیان دا."[٣٣] بەڵام لە هەزارەی سێیەمدا، هەندێک شت گۆڕان. لە ٢٠١٠ـدا عەلی حەسەن مەجید، لەبەر ڕۆڵی پێشـەنگانەی لە هێرشـە کیمیاییەکەی سـەر هەڵەبجە[٣٤] و شـاڵاوی ئەنفالیشـدا، لەلایەن دادگای باڵای تاوانی ئێراقییەوە، بڕیاری لەسـێدارەدانی بۆ دەرچوو و سـزاکەشـی جێبەجێ کرا. ژمارەیەک دەوڵەتی ئەوروپییش، وەک بەریتـانیا و سـوید و نەرویج، ددانیان بە جینۆسـایدی کوردی (Kurdish Genocide)دا نا و ناساندیان.[٣٥]

---

[33] Samantha Power, *A Problem from Hell: America and the Age of Genocide* (Basic Books 2002) 178.

[٣٤] کە هەر بەو هۆیەشەوە لە ناو کورداندا بە 'عەلی کیمیایی' ناسرا.

[35] British Parliament Officially Recognizes ‘Kurdish Genocide’, *Hurriyet Daily News* <http://www.hurriyetdailynews.com/british-parliament-officially-recognizes-kurdish-genocide--.aspx?pageID=238&nID=42182&NewsCatID=351> accessed 11 May 2016.

لە پەیوەندیی بە کۆی پرسی دەستێوەردانی مرۆییوە، ئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش "ماف"ی دەستوەردانی هەیە نەک "ئەرک"ی دەستوەردان، وا دەکات لە چەند حاڵەت و سیاقێکی دیاریکراودا سوودی نەبێت، بەتایبەت گەر پرسی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بێتە پێشەوە. هەرچەندە بە لەبەرچاوگرتنی دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان، بڕیاردانی دەستێوەردانی مرۆیی وەک ئەرکی ئەنجوومەنی ئاسایش، قورسە، چونکە پرسی سەروەری و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی دەورووژێنێت. بەڵام تا ئیستاش پرسیاری ماف و ئەرکی دەستێوەردانی مرۆیی لە ڕووی یاساییەوە، مشتومڕی زۆری لە سەرە و ئاسان یەکلا نابێتەوە. بۆیە زۆربەی جار پەنا بۆ پاساودانی ئەخلاقییانە دەبرێت. بەڵام پاساودانی وەها کردەوەیەکیش لەسەر بنەمای ئەخلاقی، کە دوور بێت لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای نووسراو و ڕوون، واتە بەبێ هەبوونی بنەڕەتێکی یاسایی (نۆرماتیڤ)، سەردەکێشێت بۆ هەڕەمەکییەت و بڕیاردان بە دەستوەردان یان نەدان تەنیا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تایبەتی.

### ٢,١ دارفوور

وەک ئەوەی لە کەیسی ئەنفالدا هەوڵی ڕوونکردنەوەی درا، تاوانی مەزن ڕیشـــەی مێژوویی هەیە. هەر تـاوانێـک لە ســـیـاقێکی تـایبەت و دیـاریکراودا دەقەومـێـت، بەڵام لە زۆربەی کەیســـەکـانی جـیـنـۆســـایـد و تـاوانـی دژەمرۆڤایەتییشـدا، نایەکسـانی و پشـتگوێخسـتن، شـانبەشـانی ئایین، نەژاد و نەتەوە، یەکێکن لە هۆکارە ســـەرەکییەکان. کەیســـی دارفووریش، کە تێیدا وەک ئەوەی دەگێڕدرێتەوە، هەزاران کەس بە دەســـتی میلیشـــیاکانی ســـەر بە حکومەت کوژراون، هەمـان ئەو ڕیشـــە و بنجە مێژوویـیـانە هەن، هـاوکـات پەیوەستیشە بە پرسی یەکسانیی[خاک]ەوە.

### ١,٢,١ ڕیشە و هۆکارەکان

لە کـۆتـایـیەکـانی ســـەدەی نـۆزدە، لە ســـەروبەنـدی حـوکـمـڕانـیـی تورکۆ_میســـریی ســـوودانـدا، تەرازووی هێز و دەســـەڵات و بەدەســـتەوەگرتنی وڵات، بە لای عەرەبە مـوســـوڵـمـانەکـانـدا شـــکـایەوە و پـایەکـانی وەهـا دەســـەڵاتێکیش بنیـات نران.[٣٦] وەلێ ئەو جۆرە لە مەیل و ســـیـاســـەت، لە

[36] Thu Thi Quach, 'The Crisis in Darfur: An Analysis of its Origins and Story-lines' (2004) *Virginia Tech* <https://theses.lib.vt.edu/theses/available/etd-12242004-143603/> accessed 5 May 2016.

سەروەختی حوکمڕانیی ئەنگلۆ_میسریی سوودان(١٨٩٥ - ١٩٥٦)ـدا، گۆڕا، کاتێک سیاسەتی "پەرت بکە و زاڵ بە" پێڕەو کرا: کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، سوودانی بە سەر کۆمەڵێک هەرێمی جوگرافی و ئیتنیکیدا دابەش کرد؛ عەرەبە موسوڵمانەکان لە باکوور و ئەفریقییە ڕەشپێستەکانیش لە باشوور.[37]

سیاسەت و پێڕەوەکانی حکومەت بە جۆرێک بوون، سەریان لە نادادی و نایەکسانیی خەڵکانی باکوور و باشوورەوە دەرکرد، کە بەو هۆیەوە و لە ١٩٨٣دا گرووپە چەکدارەکانی باشوور، دەستیان دایە یاخیبوونی چەکداری. پێکدادانی نێوان حکومەت و باشوورییەکان تا سەرەتای سەدەی ٢١ بەردەوام بوو، کاتێک هەردوو لایەن بڕیاریان دا گفتوگۆ بکەن و بە ئامرازی ئاشتییانە، ناکۆکییەکان یەکلا بکەنەوە.[38] دەکرێت تەنگژەی دارفووریش هەمان هۆکارەیلی هەبێت: ئیستیغلالکردنی حکومی، یارییپێکردن، بێبەشکردن و پشتگوێخستن. لە لایەکەوە خەڵک کەرەستە سەرەتایی و پێویستەکانی ژیان یان مانەوەیان نەبوو، لە لایەکی تریشەوە ترسی پەراوێزخستن بەهۆی دانوستانی نێوان باکوور و باشوورەوە، تەنیبوونی.[39]

---

[37] Ibid.

[38] Michael Clough, 'Darfur: Whose Responsibility to Protect?' <https://www.hrw.org/legacy/wr2k5/darfur/darfur.pdf> accessed 5 May 2016.

[39] Ibid.

لە نیسانی ٢٠٠٣ــــدا هێزە یاخییەکانی دارفوور، سـوپا/بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی سوودان (SLA/M) و بزوتنەوەی دادپەروری و یەکسانی (JEM)، هێرشـێکی لەناکاویان کردە سـەر پایتەختی دارفووری باکوور و ژمارەیەک بنگەی سـەربازیی حکومییان کردە ئامانج. حکومەتی خەرتومیش بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشـی یاخیبووان بداتەوە، بە هەڵمەتێکی چڕی بۆردومانکردن و ناردنی هێزی زەمینیی زۆر، هاوڕێ لەگەڵ چەکی قورسـی وەک تانکدا، وەڵامی دانەوە.[٤٠]

دەکرێـت هۆکارەکانی ئەو قەیرانە سـەربازییە، پێگەی جوگرافی و دیمۆگرافیی دارفوور بێت بۆ هەموو سوودان. زۆرینەی دانیشتووانی دارفوور، نە عەرەبن و نە موسـوڵمان. بەعەرەبکردن و بەموسـوڵمانکردنی دارفوور و دارفوورییەکان، لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی عومەر حەسەن بەشیر (سەرۆکی پێشـووتری سوودان) لە ١٩٨٩ــدا، دەستیان پێ کرد. ئەوەش بەهۆی مەیلی نەتەوەیی-ئایینیی حیزبەکەی عومەرەوە بوو. هەروەها دارفوور بە سـەرچاوەی سـرووشـتی، بەتایبەت نەوت، دەوڵەمەندە، کە لە کۆتایی نەوەدەکاندا بوو بە یەکێک لە سـەرچاوە بنەڕەتییەکانی داهاتی سـوودان.[٤١] پاش ئەوەی ماوەیەکی

---

[40] James Fearon & David Laitin, ‘Sudan’ (2006) random narratives 1.2, Stanford University <stanford.edu/group/.../Random%20Narratives/SudanRN1.2.pdf> accessed 5 May 2016.

[41] Thu Thi Quach (n 36).

زۆر، دارفووریەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە بەهۆی دانوستانەکانی نێوان حکومەت و باشوورییەکانی وڵاتەوە پاش شەڕێکی نێوخۆیی درێژ و تاقەتپڕوکێن، زیاتر پەراوێز بخرێن، دەستیان دایە چەک و جەنگیان دژی حکومەتی خەرتوم هەڵگیرساند؛ بەو پێیەی ئەوە تاکە ڕێ و ئامرازێک بوو کە بەهۆیەوە دەنگیان بگات.

### ١،٢،١ پێشێلکارییە تۆمارکراوەکان

ناکۆکیی نێوان حکومەتی ناوەندیی خەرتوم و یاخیبووانی دارفوور لە ٢٠٠٣دا تەقییەوە، پاش ئەوەی یاخیبووان لە هەندێک ناوچەی لادێیی پەلاماری چەند بنگەیەکی پۆلیسیان دا و چەند ئەفسەرێکیان لێ کوشتن. بەهۆی جەنگی نێوان میلیشیاکانی سەر بە حکومەت و یاخیبووانی دارفوورەوە، هەزاران کەس کوژران و ملیۆنان کەسیش ئاوارە و پەنابەر بوون و ملیۆنانی تریش بە دەست نەبوونی پێویستییە سەرەتاییەکانەوە دەناڵێنن. بۆیە وەک "خراپترین قەیرانی مرۆیی" ناوزەد کراوە.[٤٢] تا ئێستەش ئەو

[42] Johan Brosché, 'Darfur: Dimensions and Dilemmas of a Complex Situation' (2008) *Uppsala University, Department of Peace and Conflict Research* <http://pcr.uu.se/digitalAssets/18/18212_Darfur_080317.pdf > accessed 10 May 2016.

ناوچەیە، بەتایبەت دارفووری ڕۆژاوا، ناوچەیەکی گەرمە و پێکدادان و کوشتن و بڕین بەردەوامن.

حکومەتی ســـوودانی لە دارفووردا ڕووبەڕووی دوو گرووپی یـاخیبووان بوویەوە، کە بەهۆیەوە حکومەت لەوە دەترسـا بیدۆڕێنێت. بۆیە بە مەبەسـتی یارمەتیدان و دەرنەچوونی دۆخەکەش لە ژێر دەستی خۆی، هانای بۆ بنەماڵە خۆجێییەکـان برد. بۆ ئەوەی بە مرازی خۆی بگـات، حکومەت ئـاڵۆزی و ناکۆکیی نێوان بنەماڵەکانی قۆستەوە و دانی بە گژی یەکدا.[٤٣]

ڕاستیی تاوانەکانی هێزەکانی حکومەت و میلیشیاکانی سەر بە حکومەت، *جەنجەوید*[٤٤] لە لایەکەوە و هێزە یاخییەکانیش لە لایەکی ترەوە، مشتومڕی لە سـەرە. حکومەتی سـوودان دەڵێت کە سـەرەتا یاخیبووان هێرشـیان کردووە، دەیان هێرشـــیان کردووەتە ســـەر دەزگا حکومییەکان و نزیکەی پێنج هەزار کەســیان کوشــتووە، چ چەکدار و چ مەدەنی، هەروەک هەزارانی تریشــیان برینـدار کردووە.[٤٥] لە هەمـان کـاتـدا، یـاخیبووە دارفوورییەکـان دەڵێن کە هێزەکانی حکومەت و میلیشــیاکانی ســەر بە حکومەت، تەنیا هێرشــیان کردووەتە ســەر بنەماڵە ئەفریقییەکان، لێیان کوشــتوون و گوندەکانیشــیان

---

[43] International Commission of Inquiry on Darfur, (Geneva, 25 January 2005) (Report) 24.

[٤٤] جەنجەوید: جەنگاوەر یان ئەهریمەن بە سەر پشتی ئەسپەوە.

[45] Brosché (n 42) 58.

سـووتاندووون. بەپێی ئاماری یاخیبووان بێت، ٧٠،٠٠٠ کەس کوژراون، ٣٢٠٠ گوند ڕووخێنراون، دوو ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون.[٤٦]

سـەربـاری هەمووی، ڕسـتێک پێشـێلکاریی مەزنی هەردوو یـاسـای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و یاسـای مرۆیی، تۆمار کراون. بەپێی یاسـای نێودەوڵەتیی مرۆیی، سووتاندنی سەدان گوند، هێرشکردن و کوشتنی هەزاران مەدەنی لە لایەن هێزە حکومییەکانەوە بەبێ دەسـتپـارێزیی، کوشـتن یـان مامەڵەی خراپ لەگەڵ دەسـتگیرکراو و برینداڕانی هێزەکانی دوژمندا، بەپێی پەیمـاننـامەکانی ژنێڤی ١٩٤٩ تـاوانی جەنگن. وەکی تریش بەپێی یـاسـای نێودەوڵەتیی مـافەکانی مرۆڤ، بێبەشـکردنی خەڵـک لە مـافی هەبوونی ماڵ/خانووی گونجاو[٤٧]، تێکدانی ماڵ و موڵک[٤٨]، لاقەکردن و جۆرەکانی تری توندوتیژیی سێکسی[٤٩] و ئەشکەنجەدان[٥٠]، پێشیلکاریی گەورەن کە دەشێت بگەنە ئاسـتی تـاوانی جەنگ یـان تـاوانی دژەمرۆڤـایەتییش. بەرپرسـیـارێتیی حکومەتی سـوودان بۆ ئەو تـاوانـانە، بە جۆرێـک یەکلا بووەتەوە، چونکە

[46] Brosché (n 42) 60.

[٤٧] پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، مادەی ١١

[٤٨] پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ١٢؛ بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، مادەی ٧(١)(d).

[٤٩] پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ٧؛ بنەڕەتنامەی ئەفریقی مافی مرۆڤ و خەڵک، مادەی ٥؛ پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، مادەی ١٢؛ لەگەڵ مادەی ٣ی هاوبەشی پەیماننامەکانی ژنێڤی ١٩٤٩.

[٥٠] بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، مادەی ٧(١)(f)؛ پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ٧؛ بنەڕەتنامەی ئەفریقی مافی مرۆڤ و خەڵک، مادەی ٥.

کۆمەڵێک خەسڵەتی گرنگ و بەرچاویان تێدایە، لەوانەش ئەو تاوانانە بەرفراوان(large-scale) بوون و بە شێوەی سیستەماتیکیش دەرهەق مەدەنییە ئەفریقییەکانی دارفوور کراون.[٥١] ئەمانە و سەربای زنجیرەیەک ڕاپۆرتی ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان دەربارەی دۆخی ناهەمواری مرۆیی دارفوور، وەڵام و کاردانەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش، قایلکەر نەبوو. هەرچەندە ئەنجوومەنەکە کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەی دەربارەی دارفوور دەرچوواند، بەڵام پێش و زیاتر لە هەر شتێکی تر، لە خەمی گفتوگۆی بەرقەرارکردنی ئاشتیی نێوان حکومەتی سوودان و یاخیبووانی باشووردا بوو (کە دواتر لە ٢٠١١ـدا بە دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ بە ناوی باشووری سوودان، کۆتایی هات).

### ٣,٢,١ کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی

لە هەنگاوی یەکەمیدا، ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ١٥٥٦ـی دەرکرد، کە تێیدا فرۆشتنی چەک و تەقەمەنی و هاوشێوەکانیانی بە کەس و قەوارە ناحکومییەکانی سوودان، بە جەنجەویدیشەوە، قەدەغە کرد.[٥٢] بەڵام خودی حکومەتی سوودانی نەگرتەوە، کە بە پارەپێدان و ڕێکخستن و پشتگرتنی

[51] International Commission of Inquiry on Darfur (n 43) 132.

[٥٢] بڕیاری ژمارە ١٥٥٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ٣٠ تەموزی ٢٠٠٤.

جەنجەوید، تۆمەتبار دەکرا. پاشی ٤٨ ڕۆژ لەو بڕیارە، ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ١٩٦٤ـــی دەرکرد، کە تێیدا نیگەرانیی زۆری دژی حکومەتی سوودانی نیشان دا، کە هێشتا ئەرکەکانی خۆی لە سایەی بڕیاری ١٥٥٦ــدا، بەتایبەت دادگاییکردنی پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ، جێبەجێ نەکردووە. هاوکات ئەوەشی لەخۆ دەگرت، کە گەر حکومەتی سوودان لە خۆدزینەوە لەو ئەرکانەی بەردەوام بێت، ئەنجوومەنەکە ڕێوشوێنی تر دەگرێتە بەر، لەوانەش "ئەو کردارانەی فشار بۆ کەرتی نەوتی سوودان، حکومەتی سوودان یان کەسانی خاوەن پلە و پۆستی حکومی لە سووداندا دروست دەکەن."[٥٣] سەرباری ئەو ڕاستییەی کە ئەنجوومەنی ئاسایش لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەیدا، پشتی بە بەندی حەوتەم (VII)ـــی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەست و دۆخی دارفووریشی وەک "هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی" ناوبرد، هیچ هەنگاوی یەکلاکەرەوەی بۆ کۆتایهێنان بە پێشێلکارییەکان، یان بۆ بەکارهێنانی هێز دژی حکومەتی سوودان، هەڵنەهێنا.

دەشێت کۆمەڵێک هۆکار لە پشتەوەی ئەو ناکارایییەوە بن. یەکەم، پەیوەندیی توندوتۆڵی چین (ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش) و سوودان، دەکرا ببووایەتە هۆی ڤیتۆکردنی هەر بڕیارێک بۆ ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێز یانیش دەستوەردانە نێو سوودان. دووەم، گفتوگۆکانی

[٥٣] بڕیاری ژمارە ١٥٦٤ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ١٨ ئەیلولی ٢٠٠٤.

ئاشـــتیی نێوان حکومەتی ســـوودان و هێزە یاخییەکانی باشـــوور، هاوکاتی قەیرانەکانی دارفوور بوون، کە ئەوەش وای لە ئەنجوومەنی ئاســـایش کرد زیاتر مژۆڵی ئەویان بێت نەک دارفوور. ســـێیەم، داگیرکردنی ئێراق لە لایەن ئەمەریکاوە لە ٢٠٠٣دا، دۆخێکی نێودەوڵەتیی ئەوتۆی خوڵقاندبوو کە تژی بوو لە گومان و نائومێدی، بەتایبەت لە هەمبەر سیاسەتی مرۆڤدۆستانەی ئەمەریکادا، بەو پێیەی لەو وەختەدا ئەمەریکا تاقە ئەندامی هەمیشـــەیی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو کە باسی نواندنی هەڵوێستی لە هەمبەر دارفووردا دەکرد.[٥٤] بەڵام هیچکام لەم هەڵوێســـتانەش، ئەو ڕاســـتییە ناشـــارنەوە کە حکومەتی ســـوودان، بەو پێیەی کۆمەڵێک پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و یاســـایی مرۆیی، واژۆ کردبوو، ڕســـتێک ئەرک و بەرپرسیارێتیی یاسایی لە سەر شان بوو.

لە یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤدا، سوودان پابەندە بە هەریەکە لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، پەیماننامەی نەهێشـــتنی هەموو شـــێوازەکانی جیاکاریی نەژادی و پەیماننامەی مافەکانی منداڵ. لە ٢٠٠٤دا ســـوودان

[54] Clough (n 38), and Cymbeline Johnson, 'What is meant by the 'responsibility to protect?' Humanitarian Intervention in Iraq and Darfur' (n. d) *the University of Technology, Sydney* <https://www.uts.edu.au/sites/default/files/com-student-work-cymbeline-johnson.pdf> accessed 12 May 2016.

پرۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانەی پەیماننامەی مافەکانی منداڵ تایبەت بە تێوەگلاندنی منداڵ لە پێکدادانی چەکداریدا، واژۆ کردبوو، بەڵام هێشتا پەسەندی نەکردبوو. ڕاستە سوودان پەیماننامەکانی تری مافەکانی مرۆڤی واژۆ نەکردبوو، بەڵام *بنەڕەتنامەی ڕۆمای تایبەت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی* واژۆ کردبوو، هەرچەندە پەسەندی نەکردبوو. بەوەش دەکەوێتە ژێر ئەرکی "خۆدوورگرتن لە هەر کردارێک کە پێچەوانەی مەبەست و ئامانجی" بنەڕەتنامەکە بێت.[٥٥] هەروەها سوودان، *بنەڕەتنامەی ئەفریقیی مافەکانی مرۆڤ و خەڵک*ی پەسەند کردبوو، کە ئەمانەش پێکرا لە ڕووی یاساییەوە ئەرکداری دەکەن بە پاراستن، برەودان و مسۆگەرکردنی مافی هەموو ئەو کەس و گرووپانەی لە سایە و سنووری ئەودا دەژین.

بەگوێرەی ئەو پەیماننامانە، سوودان لە نێو زۆر شتی تریشدا، پابەندە بە دابینکردنی مافی ژیان[٥٦]، مافی پارێزراویی لە ئەشکەنجە و مامەڵەی دڵڕەقانە و نامرۆیی و کەرامەتشکێن[٥٧]، مافی هەبوونی خانووی گونجاو و چۆڵنەکردنی بەزۆر[٥٨]، لەگەڵ ئەرکی دادگاییکردنی پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ.[٥٩] سوودان و هیچ دەوڵەتێکی تریش، بۆیان نیە بە نێوی دۆخی

---

[٥٥] پەیماننامەی ڤیەننا بۆ یاسای ڕێککەوتننامەکان (VCLT)، مادەی ١٨، کە لە ١٨ی نیسانی ١٩٩٠ لەلایەن سودانەوە پەسەند کراوە.

[٥٦] پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ٦(١).

[٥٧] پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ٧.

[٥٨] پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، مادەی ١١.

[٥٩] پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، مادەی ٢(٣).

لەناکاوەوە خۆیان لە ئەرکەکانیان بدزنەوە، چونکە پرسی دۆخی لەناکاو و پێویستی، لە مادەی ٤ی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا ڕێک خراوە. بەو پێیەش، گەر دەوڵەتێک دەیەوێت خۆی لە هەندێک لە ئەرکەکانی بدزێتەوە، دەبێت دوو مەرج هەبن. یەکەم، هاتنەئارای وەها دۆخێک کە هەڕەشە لە ژیانی نەتەوەکە بکات. دووەم، هەر ڕێوشوێنێک دەگیرێتە بەر لەو کاتانەدا، دەبێت بەگوێرەی بەندە دەستووری و یاساییەکان بن. هەر بەگوێرەی ئەو مادەیە، تەنانەت لەو دۆخەشدا هەندێک ماف هەن، کە لە خۆدزینەوە (derogation) بەدەرن، واتە هەر دەبێت فەراهەم و ڕێزلگیراو بن. لەوانەش مافی ژیان، قەدەغەکردنی ئەشکەنجە و مامەڵەی دڵڕەقانە و نامرۆیی و کەرامەتشکێن، قەدەغەکردنی کۆیلایەتی و بازرگانیی بە کۆیلە و بێگاری، لەگەڵ ئازادیی بیرکردنەوە و باوەڕ و ئایین. سوودان هەر ساڵانێک پێش قەیرانی دارفوور، لە دۆخی لەناکاودا بوو، لە ٢٠٠٤یشدا بڕیاری درێژکردنەوەی دۆخی لەناکاوی دا. کەچی هیچ هەنگاو و ڕێوشوێنێکی بەپێی پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان (وەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە) لە هەمبەر دۆخی لەناکاو و پرسی خۆدزینەوەوە، هەڵنەهێنا و نەگرتە بەر.[٦٠]

لە باری یاسای مرۆییشدا، سوودان پەیماننامەکانی ژنێڤی ١٩٤٩ی پەسەند کردبوو. *بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی* واژۆ کردبوو، بەڵام پەسەندی نەکردبوو. بۆیە، وەک لە سەرەوەش وترا، دەکەوێتە ژێر ئەرکی

[60] International Commission of Inquiry on Darfur (n 43), 43–44.

"خۆدوورگرتن لە هەر کردارێـک، کە پێچەوانەی مەبەســـت و ئـامـانجی" بنەڕەتنامەکە بێت. جگە لەو بەندانەی پەیماننامەکان، ســوودان هاوکات پابەندە بە ڕێســا نەریتییەکانی یاســای مرۆییەوە. زەقترین ڕێســاش لە نێو ئەوانەدا، مادەی ٣ــی هاوبەشی هەر چور پەیماننامەی ژنێڤی ١٩٤٩ــیە. ئەو مادەیە تایبەتە بە پێکدادانی چەکداریی نێوخۆیی (یان شــەڕی نێوخۆیی)، کە دەبێت دەوڵەت و ئەو گرووپە چەکدارییەی پلەیەک لە ڕێکخراوەیی هەیە و فەرمانڕەوای هەندێک شوێن یان پارچەی خاکی وڵاتەکەیە، پێوەی پابەند بن. وەک ئەوەی دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە ڕەوشــی *نیکاراگوا*دا ڕایگەیـانـد، مادەی ٣ی هاوبەشی پەیماننامەکانی ژنێڤ، وەک "پێوەرێکی لای کەمی" وایە، کە بەســەر هەموو پێکدادانێکی چەکدارییدا دەچەســپێت، هاوکات وەک ئەوەی دادگاکە لە ١٩٤٩ (لە ڕەوشــی *کەناڵی کۆرفو*)دا ڕایگەیاند، مادەی ٣ بریتییە لە "ڕەچاوکردنێکی سەرەتایی مرۆڤایەتی."[٦١]

هەنووکەش قەیرانی مرۆیی لە دارفوور، تەڕ و تازەیە، پاش ئەوەی دەیان هەزار کەس کوژران، ملیۆنان کەس ئاوارە و برســی بوون، هەزاران قوربانیی دەســتدرێژیی ســێکســیش وەک پێویســت مامەڵە و چارە نەکراون.[٦٢] پاش ئەوەی لە ٢٠٠٥ــــدا ئەنجوومەنی ئاســایش، دۆخی دارفووری ئاراســتەی

---

61 *Nicaragua*, ICJ Reports 1986, 114: 'elementary considerations of humanity'.

62 Human Rights Watch, *Men with no Mercy: Rapid Support Forces Attacks against Civilians in Darfur, Sudan* (September 2015) (Report).

داواکاری گشتیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی کرد[٦٣]، ئەویش دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد و لە ئازاری ٢٠٠٩ و تەمووزی ٢٠١٢ـــدا فەرمانی گرتنی بۆ پێنج کەسی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوانی مەزن لە دارفوور، دەرکرد. یەک لەوانەش عومەر حەسەن بەشیر، سەرۆکی ئەوکاتی سوودان بوو، کە دە تۆمەتی تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆسایدی لە سەر بوو. هەموو ئەو فەرمانانەش پاڵپشت بە بنەڕەتنامەی ڕۆمای دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی بوون، بەڵام تا چەند ساڵێکی زۆریش دوای ئەوە تۆمەتبار دەستگیر نەکرابوو.[٦٤] ئەوەش واتە سوودان نەک وەک پێویست بەدەم بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە نەچوو، کە تۆمەتبارانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دادگایی بکرێن (وەک ئەوەی لە بڕیارەکاندا جەختی لێ کرابووەوە)، بگرە خودی سەرۆکی دەوڵەتەکەش تۆمەتبار و داواکراو بوو. لە وەها حاڵێکدا، کە ئەوە دۆخی وڵات بێت، ئەی دەبێت کێ خودی سەرۆک بگرێت و دادگایی بکات؟!

### ٣,١ ئەنجامگیری

لەوانەیە هیچکام لە کەیسەکانی *ئەنفال* و *دارفوور*، نەتوانن وێنەیەکی تەواوی ڕووداو و وردەکارییەکانی ڕابردوو نیشان بدەن، یان پێشبینیی داهاتوو بکەن. هەردوو کەیسەکە وەک نموونە وەرگیراون بۆ نیشاندانی ئەوەی لە کاتێکی دیاریکراو و لە شوێنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات. وەک لە نموونەکاندا باس کرا، هەندێک جار حکومەتەکان زۆر بە زەقی یاسای مافی مرۆڤ و یاسای مرۆیی

---

[٦٣] بڕیاری ژمارە ١٥٩٣ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ٣١ ئازاری ٢٠٠٥.

[64] *The Prosecutor v. Omar Hassan Ahmad Al Bashir*, ICC

(جەنگ)، پێشـێل دەکەن. لە ئێسـتادا بەهۆی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ترس لە لێکەوتەی زیاتری یاسایی و سیاسییەوە، ئەنجوومەنی ئاسایش ناتوانێت چالاکانە لە ڕاگرتنی پێشـێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤدا بەشـدار بێت. دیارترین نموونەی ئەو پێشـێلکاریيانەش، سـوریایە لە ٢٠١١وە، کە تێیدا سـەدان هەزار کەس کوژراون، ملیۆنان کەس پەنابەری وڵاتانی دراوسـێ و دوورتریش بوون، چەکی کیمیایی لە لایەن ڕژێمی سـوریاوە دژی خەڵکەکەی خۆی بەکار هێنراوە، کەچی تا هەنووکە هیچ هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، بۆ کۆتایپێهێنان بەو ئازار و ناڕەحەتییانەی خەڵکی وڵاتەکە، نەنراوە.[٦٥]

ئەو کەیسـانە دەیسـەلمێنن، کە شـێواز و چۆنێتیی کار و کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بۆ هەر پێشـێلکارییەک، بەندە بە میکانیزم و ڕێوشـوێنە یاساییەکانی نیزامی یاسایی نێودەوڵەتیی ئێستاوە. وا دیارە کە یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی و شێوازی کارکردنی ئەنجوومەنی ئاسایشیش، پێکەوە بەسـترابنەوە. هەر بۆیە، سـەرباری کەلێنی میکانیزمی دەزگایی لە پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤدا، لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا ڤیتۆ لە سـیسـتەمی بەرگریی دەسـتەجەمییدا، دیارترین بەربەسـتی یاسـاییە لە ڕێی کۆتایپێهێنان بە پێشێلکارییەکان لە جیهاندا.

---

[65] Simon Adams, 'Failure to Protect: Syria and the UN Security Council' (March 2015) *Global Centre for the Responsibility to Protect* <www.globalr2p.org/media/files/syriapaper_final.pdf> accessed 18 May 2016.

## بەشی دووەم: مافەکانی مرۆڤ و دەستێوەردانی مرۆیی: پاشخانێک

### ١,٢ پێناسەی دەستێوەردانی مرۆیی

لە هەردوو باری تیۆریایی و کردارییشـــدا، دەســـتوەردان وەک بابەتێکی ئـاڵۆزکـاو و مشـــتومڕاوی دەمێنێتەوە. ئەوەشـــی وا دەکەن ئەو نـاکۆکی و یەکلانەبوونەوەیە درووست ببێت، پاشخانە فەلسەفییەکانی مافەکانی مرۆڤ و خودی مێژوو و پراکتیکی دەســـتێوەردانی مرۆیین. گەر بەگشـــتی ســـەیرێکی بکەین، دەبینین شـێوازی هەڵســەنگاندنی چەمک و پراکتیکی دەسـتێوەردانی مرۆیی، دەکەوێتە ســـەر ئەو دیـدە فەلســـەفی و ســـیاســـییەی کەســـی هەڵســـەنگێنەر هەیەتی. بۆ نموونە، لیبراڵیســـتەکان، بەگشـــتی، زیاتر مەیلەو ئەخلاق و دەســـتوەردانن لە حاڵەتی پێشـێلکاریی زەقی مافەکانی مرۆڤدا. وەکی تر، مارکســـیســـتەکان و ڕیالیســـتەکان، بەگشـــتی، هەریەکە و لەبەر هۆکاری خۆیان، دژی دەستێوەردانی مرۆیین بە پاساوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

گەر دەســـتوەردان، لە بارە گشـــتییەکەیدا، وەک هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ڕســـتێک ئامانجی ســـیاســـی دیاریکراو، پێناســـە کرابێت،[٦٦] ئەوا ئەدەبییاتی دەسـتێوەردانی مرۆیی زۆر بە ڕوونی و ئاشـکرا دەیبەسـتێتەوە بە پێشـێلکاریی

---

[66] Deon Geldenhuys, Foreign *Political Engagement* (Macmillan Press LTD 1998) 6.

مافەکانی مرۆڤ، یان هەبوونی مەبەستێکی مرۆڤدۆستانەوە. بۆیە دەستێوەردانی مرۆیی وا لێک دەدرێتەوە، کە مەبەست لێی پاراستن و پشتگرتن و برەوپێدانی ئەو مافانە بێت. هەندێک جار دەوترێت ئەم پاراستنە ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە وەک گشتێک، هەندێک جاریش ئەرکی دەوڵەتانە لە هەمبەر هاووڵاتییانی خۆیاندا.[٦٧] هەندێک لە شارەزایان و لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا، مافیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی داوە کە دەست وەربدات. بەڵام سەرباری ئەم ڕەوتە دەستوەردانخوازییە، خودی دەستێوەردانی مرۆیی وەک چارەیەکی پاشوەختی کێشە و ئاڵۆزییەکان دەمێنێتەوە.[٦٨] هەرچۆنێک بێت، هەر وەڵامێک بە پرسیاری "دەستێوەردانی مرۆیی چییە؟" بدرێتەوە، مشتومڕ هەڵدەگرێت. هۆکارەکەش چەمکی مرۆیی (humanitarian)ـە، کە دەکرێت چەندان مانا و لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵبگرێت.[٦٩]

---

[67] Francis Kofi Abiew, *The Evolution of the Doctrine and Practice of Humanitarian Intervention* (Kluwer Law International 1999) 17.
[68] J. L. Holzgrefe & Robert O. Keohane (eds), *Humanitarian Intervention: Ethical, Legal, and Political Dilemmas* (Cambridge University Press 2003) 52:

"گەر دەوڵەتێک نەیەوێت یان نەتوانێت کە ژیان و ئازادیی هاوڵاتییانی خۆی بپارێزێت، گەر بەرەو ئاژاوە یان ستەمکاری وەرچەرخا، ئەوکات ئەرکی مسۆگەرکردنی ئەو مافانە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی."

[69] Pierre Hassner, 'From War and Peace to Violence and Intervention' in Jonathan Moore (ed), *Hard Choices: Moral Dilemmas*

وەک بنەما، ئەوە کراوەتە مەرج بەسەر دەوڵەت (ان)ی دەستوەردەرەوە، کە لە کاتی دەستێوەردانی مرۆییدا، مەبەستی بنچینەییان پاراستنی هاووڵاتییانی دەوڵەتی بەئامانجکراو بێت. بۆیە دەستێوەردانی مرۆیی بریتییە "لە هەڕەشەی بەکارهێنان یان بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک، یانیش ڕێکخراوەیەکی نێودەوڵەتییەوە، بە پلەی یەکەم بە مەبەستی پاراستنی خەڵکی دەوڵەتی بەئامانجکراو لە بێبەشکردنێکی بەرچاویان لەو مافانەی مرۆڤ کە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا ددانیان پێدا نراوە."[٧٠] پێناسەکەی ڕێکخراوەی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی، ناتۆ (NATO)ش بۆ چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی، لە سەروەختی بۆردومانەکەی خۆی لە کۆسۆڤۆ لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، نزیکە لەوەوە. بەپێی ناتۆ، دەستێوەردانی مرۆیی بریتییە "لە دەستوەردانێکی چەکدارانە، کە بەبێ گوێدانە ڕەزامەندیی دەوڵەتی بەئامانجکراو، پێڕەو دەکرێت، بە مەبەستی چارەکردنی قەیرانێکی مرۆیی یان پێشێلکارییەکی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ."[٧١]

---

*in Humanitarian Intervention*, (Rowman & Littlefield Publishers 1998) 9, 16.

[70] Sean D. Murphy, *Humanitarian Intervention: The United Nations in an Evolving World Order* (University of Pennsylvania Press 1996) 12.

[71] CSS *Strategic Briefing Papers*, 'Humanitarian Intervention: Definitions and Criteria' 3(1) (June 2000) <http://www.victoria.ac.nz/hppi/centres/strategic-

لە ناواخنی ئەو پێناسـانەدا دەردەکەوێت، کە دەستێوەردانی مرۆیی پرسیار دەربارەی پەیوەندیی نێوان مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی دەوڵەت، دەورووژێنێت. لێرەشدا جۆرێک لە دووانەیی دەسازێنێت: دەستوەردانخوازی و دەستوەرنەدانخوازی. هەندێک لە شارەزایان و توێژەران، لەبەر ئەوەی دەستێوەردانی مرۆیی جۆرێکە لە فاکتەری دەرەکی بەسەر سەروەرییەوە، ڕەتی دەکەنەوە و هیچ جۆرە مۆرکێکی یاسایی و ڕەوایەتیی پێ نابەخشن.[٧٢] هەر نزیک لەم لێکدانەوەیە، دەستێوەردانی مرۆیی لەلایەن بیرمەندە مارکسیستەکانەوە تەنیا وەک ئامرازێک بە دەستی زلهێزە ڕۆژاواییەکانەوە دەبینن کە لە ڕێیەوە، هەر کاتێک و بۆ هەر پاساوێک بە پێویستی بزانن، دەست لە کاروباری دەوڵەتانی هەژار و تازەگەشەکردوو وەربدەن.[٧٣]

---

studies/publications/strategic-briefing-papers/HI.pdf> accessed 26 May 2016.

[72] Stephen Krasner, 'Compromising Westphalia' (1995) 20 International Security 115, 116.

[73] Slavoj Zizek, 'Against Human Rights' (2006) <http://libcom.org/library/against-human-rights-zizek> accessed 11 March 2016, and Slavoj Zizek, 'The Obscenity of Human Rights: Violence as Symptom' (2006) <https://libcom.org/library/the-obscenity-of-human-rights-violence-as-symptom> accessed 11 March 2016:

"سیاسەتی مرۆیی مافەکانی مرۆڤ، ئیدیۆلۆژیی دەستوەردانخوازیی سەربازییە، کە خزمەتی مەبەستە سیاسی و ئابوورییە دیاریکراوەکان دەکات."

مافەکانی مرۆڤیش، بە هەمان شێوە، زیاد لە بۆچوون و دیدێکیان لەسەرە. بەپێی ڕێبازی تەقلیدیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەروەریی دەوڵەت موتڵەقە، لە کاتێکدا بەپێی ئەخلاقی مۆدێرن، هەوڵ دەدرێت لای کەم مافەکانی مرۆڤ بخزێنرێنە چوارچێوەی سەروەرییەوە؛ واتە شێوەیەکی نوێ لە ڕەوایەتی، برەوی پێ دەدرێت.[٧٤] ئەوەی تەقلیدییەکە، ئەخلاقێکی نێگەتیڤە، بەو پێیەی باوەڕی بە *نەکردن* هەیە، لەسەر بنەمای *دەستوەرنەدان* وەستاوە. لەکاتێکدا مۆدێرنەکە، ئەخلاقێکی پۆزەتیڤە، بەو پێیەی باوەڕی بە *کردن*، بە بنەمای دەستوەردانخوازی هەیە، کە "تێیدا مافەکانی مرۆڤ، دەبنە کۆمەڵێک بابەتی نۆرماتیڤی سەرەکی و چیتر وەک بابەتی لاوەکی نامێننەوە."[٧٥]

بەو شێوەیە، وا دیارە ئەخلاقی نێودەوڵەتیی مۆدێرن، وەک ئەوەی دواتریش ڕوونتر دەبێتەوە، دەستوەردانخوازانەیە، یان لای کەم مەیلی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە هەر جێیەکدا کە پێشێل دەکرێن. بەڵام، سەرباری ئەمەش، نیزامی نێودەوڵەتیی لەوە ناچێت کە هێندەش دەستوەردانخوازانە بێت. جگە لەوەش، هەرکات دەست وەردەدرێت، وەک چارەیەکی پاشناکۆکی دەمێنێتەوە، واتە بە جۆرێک هەمیشە درەنگوەختە. لە دنیایەکی ئاڵۆزکاودا، کە دەیان دەوڵەتی تێدایە، هەریەکە و دیدی خۆی هەیە،

---

[74] Jack Donnelly, ‘Human rights, humanitarian crisis, and humanitarian intervention’ (1993) 48 International Journal 607, 615.
[75] Robert H. Jackson, ‘Armed humanitarianism’ (1993) 48(4) International Journal 579, 582.

هەڵگر و نوێنەرەوەی ئیدیۆلۆژیی جیاوازن، کە کەم تا زۆر خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان پێ دەکەن، نابێت شۆک بین گەر ببینین هەوڵەکانی یەکخستنی ئەو دەوڵەتانە لە سایەی یەک دید یان یان درووشمدا، شکست بهێنن. لەم حاڵەتەشدا، ئەو دیدە بریتییە لە پێناسەی مافەکانی مرۆڤ و سنوور و مەودای دەستێوەردانی مرۆیی. هەرچییەک بێت، من باوەڕم وایە کە دەبێت دەستێوەردانی مرۆیی، لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە و بەپێی بەندی حەوتەم (VII)ـی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت. چونکە بەگوێرەی بەندی حەوتەم، ڕێوشوێنەکان دژی دەوڵەتانی لاسار، توندتر دەبن و ئەگەری بەکارهێنانی هێزی چەکداریشی تێ دەکەوێت، بەتایبەت کە باسەکە لێرەدا جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتییە و کاردانەوە و وەڵامی دەستبەجێ دەخوازێت.

## ٢,٢ پاشخانی مێژوویی دەستێوەردانی مرۆیی

هەرچەندە چەمکی دەستێوەردانی مرۆیی بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی سیاسی، لە ژێر چەندان سەرەناوی جیاوازدا ناسێنراوە، بەڵام پەیوەندییەکی پتەوی بە تیۆریای جەنگی ڕەوا (just war theory)وە هەیە. زۆر بەکورتی، بەپێی تیۆریای جەنگی ڕەوا، بێگومان پاش هەبوونی کۆمەڵێک مەرج، دەشێت بە

مەبەستی ڕزگارکردنی خەڵکێک کە دەناڵێن، دەست لە وڵاتانی تر وەربدرێت.[٧٦] بۆیە تیۆریای جەنگی ڕەوا نزیک دەبێتەوە لە بنەمای یوس ئاد بێللوم ( jus ad bellum)، واتە بنەمای زانینی ئەوەی چ کاتێک ڕەوا و ڕێگەدراوە کە هانا بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکدار ببرێت. بەگشتی، ئەدەبیاتی دەستێوەردانی مرۆیی، نزیکە لەوەی جەنگی ڕەواوە، بەتایبەت لە ڤێرژنە لیبراڵ و دەستوەردانخوازییەکەیەوە. بۆ ئەو مەبەستەش، ڕەنگە بەسوود بێت گەر هەندێک لەسەر تیۆریای جەنگی ڕەوا بوەستین.

## ١,٢,٢ تیۆریای جەنگی ڕەوا

سەرەتا یۆنانی و ڕۆمانە کۆنەکان، دواتریش مەسیحییەکان یەکەمین کەسانێک بوون کە ئایدیای جەنگی ڕەوایان تیۆریزە کردبێت. فەیلەسوفانی بەرایی، لەوانەش ئەفلاتون، پێیان وا بوو کە جەنگ خراپە، بەڵام بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتییش پێویستە. لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت پەڕگیرانە یان

[76] Jean Bethke Elshtain, 'Just War and Humanitarian Intervention' (2001) 95 Proceedings of Annual Meeting (American Society of International Law) 1-12 <https://www.athenaeum.edu/pdf/Just%20War%20and%20Humanitarian%20Intervention.pdf> accessed 26 May 2016.

بەبێ چوارچێوە بێت.[77] ئەریستۆ یەکەمین کەس بوو کە چەمکی جەنگی ڕەوا (dikaios polemos)ـی بەکار هێنا.[78] بۆ ئەو، جەنگ ڕەوایە گەر بۆ مەبەستی بەرگریکردن لە خۆ بێت، گەر بۆ یارمەتیدانی خەڵک بێت کە نەبنە کۆیلە و بێگار، گەر بۆ بەدەمەوەچوونی هاوپەیمانەکان بێت کاتێک پەلامار دەدرێن (کە ئەمەش شێوەیەکی بەرایی تیۆریزەکردنی بەرگریی دەستەجەمییە)، هەروەها گەر ببێتە هۆی بەرقەرارکردنی ئاشتی.[79] سیسیرۆ (یان وەک باوە، شیشیرۆن) باوەڕی بە یاسای سرووشتی هەبوو، وەک ئەوەی ڕستێک ڕێسای ئەزەلی بن، کە لە ئەقڵی ئەزەلییەوە هەڵهێنجراون. لەو کاتەوەش، تیۆریای یاسای سرووشتی بوو بە تیۆریایەکی باو و زاڵ لە تیۆریا سیاسییە ڕۆژاواییەکاندا، کە لەوانەشەوە مافە سرووشتییەکان هەڵگۆزران. لەکاتێکدا یاسای سرووشتی جەختی لەسەر کۆمەڵگە و دەوڵەت بوو، مافی سرووشتی تەرکیزی لەسەر تاکەکەس بوو، بەوەی ئامراز و ڕێچکەی بۆ پاراستنی مافەکانی خۆیان لە بەرانبەر دەوڵەتدا بۆ دابین دەکردن.[80] هەمان ئەم لۆژیکەیە، کە هەندێک توێژەری مۆدێرن لە کاتی باسی مافەکانی مرۆڤ و بەرگریکردن لێیان لە بەرانبەر پێشێلکارییەکانی دەوڵەتدا، جاڕی دەدەن و

[77] Paul Christopher, *The Ethics of War and Peace: An Introduction to Legal and Moral Issues* (3rd edition, Prentice Hall 1999) 9–10.
[78] In *Nichomachean Ethics*, cited by Paul Christopher, ibid.
[79] Christopher (n 77).
[80] L, Strauss, *Natural Right and History* (University of Chicago Press 1953); M, Roshwald, 'The Concept of Human Rights' (1959) 19 Philosophy and Phenomenological Research 354.

مافەکانی مرۆڤ هەڵدەبڕن بۆ ئاستی کۆمەڵێک مافی سرووشتی و گەردوونی و ئەزەلی.

لای سەینت ئامبرۆز، جەنگ لە چەند حاڵەتێکدا ڕەوایە، دیارترینیان گەر لەسەر بنچینەی 'فەرمانێکی پیرۆز' بێت.[٨١] سەینت ئۆگەستین پێی وا بوو جەنگ ڕەوایە، گەر دەستوەردانەکە لەسەر بنچینەی 'بەرژەوەندیی ئەوی تر' [caritas] بێت نەک 'بەرژەوەندیی خود' [libido]. تۆماس ئەکویناس فەرمانڕەوای سیاسی دەخاتە ژێر باری بەرقەرارکردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەرییەوە بۆ خەڵکی خۆیان. ئەو هاوکات پێوەرێکی ناوداری تریشی هەیە بە ناوی 'دووانە لێکەوتە' [double effect]: گەر کردارێک لێکەوتەی باش و خراپیشی هەبێت، وەک ئەوەی دەستێوەردانی مرۆیی دەشێت هەیبێت، ئەوکات ڕێگەدراو دەبێت گەر باشەکە لە خراپەکە زیاتر بێت.[٨٢] ئەم دیدەی کۆتایی، دیدێکی ئەنجامخوازانە (consequentialist)ە و سەرنجڕاکێشە، چونکە گەر مەبەستی دەستێوەردانی مرۆیی لە شێوە مۆدێرنەکەیدا، پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە پێشێلکردن، پێناچێت چارەیەکی ڕیشەیی (ڕادیکاڵ) بێت. هەرچییەک بێت، دواجار چارەیەکی دەرەکییە بۆ کێشەیەکی ناوخۆیی کە دەشێت ڕەگی

---

[81] J. Eppstein, *The Catholic Tradition of the Law of Nations* (Burns, Oates & Wahsbourne 1935) 61.

[82] H. Lee Thomas, 'The Augustinian Just War Tradition and the Problem of Pretext in Humanitarian Intervention' (2004) 28 Fordham International Law Journal 754, 756.

مێژوویی دوور و قووڵی هەبێت، کە تەنیا بە بەگەڕخستنی هێزی چەکدار چارە نەبێت.[٨٣]

لەگەڵ سەرهەڵدانی لیبراڵیزم وەک فەلسەفەیەکی سیاسیی نوێ، لەسەر دەستی تۆماس هۆبز و کتێبەکەی، *لیڤیاسان*، دواتریش وردکردنەوە و درێژەدانی زیاتر لەسەر دەستی جۆن لۆک و کتێبەکەی، *دوو نامە دەربارەی حکومەت*، جەختیان لەسەر کۆمەڵێک ماف کردەوە، لە پێش هەمووشیانەوە مافی ژیان (هۆبز) و مافی موڵکدارێتی (لۆک). لە هەمان کاتدا، تیۆریای مافە سروشتییەکان تا ڕادەیەک سێکیولاریزە کرا (پاش ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا و لەسەر دەستی فەیلەسوفە مەسیحییەکان، مۆرکێکی ئاینیی بەبەردا کرابوو). ئەوەش لەسەر دەستی ڤیتۆریا، گرۆتیوس و ڤاتێل بوو، کە پێکڕا باوەڕیان بە دەستوەردانی دەرەکیی بۆ پاراستنی خەڵکانی ستەملێکراو، هەبوو.[٨٤] گرۆتیوس، بۆ نموونە، باوەڕی بە دەستێوەردانی مرۆیی هەبوو وەک ئاوارتەیەک بۆ بنەمای دەستوەرنەدان، لە بەرانبەر فەرمانڕەوایەکدا کە ڕەعیەتی خۆی دەچەوسێنێتەوە. پاساوەکانی ئەو بۆچونەشی، هەستی گشتیی

[٨٣] نموونەیەکی باڵکێشی ئەو حاڵەتە، دەستوەردانە لیبیایە لە ٢٠١١دا. خۆ بووە هۆی ڕووخانی سەرلەبەری ڕژێمەکەی موعەمەر قەزافی، بەڵام وڵاتەکە هێشتا بە دەست جەنگ و خێڵگەراییەوە دەناڵێنێت، کە دەکرێت وەک کێشەی دادپەروەری و دابەشکردنی سامانی وڵات، پێناسە بکرێن.

[84] I. A. D. Draper, 'Grotius' Place in the Development of Legal Ideas about *War*', in H. Bull et al. (eds), *Hugo Grotius and International Relations* (Clarendon Press 1990) 18, 25.

مرۆییانە و یاسای سروشتی بوون.[85] گوتاری دەستێوەردانی مرۆیی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، لەسەر تیۆریای یاسا/مافی سرووشتی ڕواوە، کە ئەوانەش ڕێسای زیاتر بانگەشەی ئەخلاقیین وەک لەوەی ڕێسای یاسایی کۆنکرێتی بن، هەروەها چارەسەری پاشوەختن بۆ کێشەکان وەک لەوەی پێشوەخت بن.

### ٢,٢,٢ لە جەنگی ڕەواوە بۆ دەستێوەردانی مرۆیی

یاسا و نیزامی نێودەوڵەتیی، یاسا و نیزامێکی دەوڵەت_سەنتەرن. بەڵام پاش هەردوو شۆڕشی ئەمەریکی (١٧٧٦) و فەرەنسی (١٧٨٩) و دەرچوواندنی چەند جاڕنامەیەک دەربارەی 'مافی مرۆڤ و هاوڵاتی'، تاکەکەس بایەخ و مافی دەستووریی زیاتری وەچنگ کەوت. لەوێشەوە ئەوەی کە دەوڵەتێک چۆن مامەڵەی خەڵکی خۆی دەکات، چیتر پرسێکی ناوخۆیی نەبوو. بە گۆڕانی ئەو بۆچوونەش، لە دوای سەردەمی مۆدێرنیزم دەستێوەردانی مرۆیی وەک ڕەوا لێک دەدرایەوە.[86]

---

[85] Hugo Grotius, *On the Law of War and Peace*, translated by A.C. Campbell (Batoche Books Kitchener 2011) 244-248.
[86] Thomas Buergenthal, Dinah L. Shelton & David P. Stewart, *International Human Rights in a Nutshell* (4th edn, West Publishing Company 2009) 4.

له سەروەختی هەوڵەکانی ناساندن و وردکردنەوە و فراوانکردنی ڕەهەند و ئاسۆکانی دەستێوەردانی مرۆیی لە سەدەی نۆزدەمدا، دەوڵەتی دەستوەردەر تەنیا کاتێک دەســتی وەردەدایە دەوڵەتانی تر (بەتایبەت دەوڵەتانی نزیک و دراوســێ) کە دۆخی ناوخۆیی تێیدا تەقیبێتەوە. لە ســەرەتاکانی ســەدەی نۆزدەمدا، زلهێزانی ئەوکاتی ئەورووپا ناوبەناو دەســتیان وەردەدایە ناوچەکانی ئیمپراتۆریای عوســمانی، جا ئەویش لە ســەر بنچینەی جۆرێک لە دەستێوەردانی مرۆیی، بە دیاریکراوییش بە مەبەستی ڕزگارکردنی مەسیحییە ســتەملێکراوەکانی ئەو ناوچانە.[٨٧] لە ئەنجامیشــدا، دەوڵەتانی ئەورووپی و ئیمپراتۆریای عوسمانی، لە ١٨٧٨دا پەیماننامەی بەرلینیان واژۆ کرد، کە بەو پێیەش دەوڵەتی عوســمانی ئەرکدار کرا بە دابینکردن و مســۆگەرکردنی لای کەمی مافی کەمینە ئایینییەکانی سایەی قەڵەمڕەوییەکەی.[٨٨] وەها هەنگاوێک چەندە گرنگیش بێت، هێشتا پرسیاری پێشینەییبوونی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان دەمێنێتەوە. ئاخر دەوڵەت، قەوارەیەکی مەیلەو بەرژەوەندییە،

---

[٨٧] لەوانەش یۆنان، سووریا، لوبنان، کریت، باڵکان، ماسەدۆنیا.

[٨٨] مادەی ٦٢ی پەیماننامەکە: "لە هیچ بەشێکی ئیمپراتۆریای عوسمانیدا، جیاوازیی ئاینی وەک وەک ئامرازێک بۆ بێبەشکردن و هەڵاواردن لە بابەتەکانی پەیوەست بە مافە مەدەنی و سیاسییەکانەوە، دژی هیچ کەسێک بەکار ناهێنرێت." بڕوانە:
National Library of Australia
<http://trove.nla.gov.au/newspaper/article/18830646> accessed 20 May 2016.

کە هەرچەندە هەندێک جار دەست لەو خۆپەرستییەش هەڵدەگرێت، هێشتا پرسیاری ڕەوایەتی هەر دەمێنێتەوە.[٨٩]

نەریتی دەستوەردانی ئەوروپییەکان لە سەدەی نۆزدەمدا، نەگەیشتە ئاستی خوڵقاندنی 'ئەرک'ـی دەستوەردان، یان بەدەمەوەچوون، بەڵکوو وەک جۆرێک لە 'بژارەی ڕەوا' مایەوە.[٩٠] لە پاش دەرچوواندنی ڕێوشوێنەکانی هەیگ لە ١٨٩٩ و دووەمین جاریش لە ١٩٠٧ و دواتریش دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩١٩ و دەرچوواندنی چەند پەیماننامەیەک دەربارەی مافی گەلانی کۆلۆنیزەکراو و کەمینەکان و دامەزراندنی ڕێکخراوەی نێودەوڵەتیی کار، کە بووە هۆی پێشفەچوونی مافی کرێکاران، واقیعی مافەکانی مرۆڤ زیاتر چەسپا و باشتریش بوو.[٩١] سەرباری ئەوانەش، زەقترین هەنگاوێک بەرەو یاسایەکی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، لە پاش دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بوو لە ١٩٤٥.

---

89 James H. Robinson & Charles A. Beard, *Readings in Modern European History* (vol 2, Ginn & Company 1908); Tonny Brems Knudsen, 'The History of Humanitarian Intervention: The Rule or the Exception?' (2009) Paper for the 50th ISA Annual Convention, New York, February 15-18 <http://citation.allacademic.com/meta/p_mla_apa_research_citation/3/7/0/8/0/pages370801/p370801-1.php> accessed 26 May 2016.

90 Knudsen (n 89).

91 Makau Mutua, 'Standard Setting in Human Rights' (2007) 29 Human Rights Quarterly 547, 551-552.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٨دا جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی دەرچوواند، کە چەردەیەک مافی گەردوونی لەخۆ دەگرێت. ئەو جاڕنامەیەش وەک بەردی بناغەی یاسای نێودەوڵەتیی مۆدێرنی مافەکانی مرۆڤە.[٩٢] هەرچەندە لە ئەنجامی ئەو پەیماننامەوە، تاکەکەس پاراستنی یاسایی توندوتۆڵتریان بەدەست کەوتووە، دەوڵەتان لە ناوەندی یاسا و پەیوەندیی نێودەوڵەتیدان، یان هیچ نەبێت سەرەکیترین ئەکتەری ئەو دوو بوارەن. جا دەوڵەتانیش سەیرن، ڕۆڵێکی دووسەرەیان هەیە، هەم پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤن و هەمیش پارێزەریان. وەک ئەوەی جاک دۆنێللی دەڵێت، پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤ، خۆبەخۆ بەرپرسیارێتیی پاراستن و ڕێزگرتنی ئەو مافانە ناخەنە ئەستۆی دەوڵەت.[٩٣]

---

[٩٢] کە لە ژمارەیەک پەیماننامەی فرەلایەن پێک دێت، لەوانەش: پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان، پەیماننامەی نەهێشتنی شێوەکانی جیاکاریی نەژادی، پەیماننامەی نەهێشتنی شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان، پەیماننامەی دژی ئەشکەنجە و مامەڵەی تری دڵڕەقانە و نامرۆیی و کەرامەتشکێن، لەگەڵ پەیماننامەی مافەکانی منداڵ.

[٩٣] جاک دۆنێللی (ژ ٧٤) ل٦٢٣: "تەنیا هەبوونی نۆرم و ئەرکی نێودەوڵەتی، مانای وا نییە هەموو ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی ڕێگەپێدراوە کە ئەو ئەرکە بسەپێنێت یانیش جێبەجێ بکات. بە هەمان شێوەی سیاسەتی ناوخۆیی، کە چۆن حکومەتەکان ئازادن لە پەسەندکردنی هەر یاسایەک، با ڕێوشوێنی جێبەجێکردنیشی لاواز یان هەر نەبێت، دەوڵەتانیش ئازادن لە خولْقاندن و قبولْکردنی ئەو ئەرکە یاساییە نێودەوڵەتییانەدا، کە بە هەموو شێوەیەک دەبێت لە ڕێی کرداری ناوخۆییەوە جێبەجێ بکرێن. ئەمەش ڕێک هەمان شتە کە دەوڵەتان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا کردوویانە؛ هیچکام لە ئەرکەکانی نێو پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ، شیاوی سەپاندن لەلایەن ئەکتەری دەرەکییەوە نین."

### ٣,٢,٢ دەستێوەردانی مرۆیی پاش ١٩٤٥: سەردەمی جەنگی سارد

لەو سەردەمەدا (١٩٤٥_١٩٩٠) ئەو چەند حاڵەتەی دەستوەردانی چەکداری کە هەبوون، لە سەر بنچینەی بەرگریکردن لە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی، پاساو دران. دەوڵەتانی دەستوەردەر، سەرباری ئەوەی ناڕاستەوخۆ مەبەستی بنبڕکردنی پێشێلکاریی زەق مافەکانی مرۆڤیان هەبوو[٩٤]، کەچی کردەوەکانی خۆیانیان لە سەر بنچینەی بەرگری لەخۆکردن پاساو دەدا، نەک مرۆیی.[٩٥]

لەو سەردەمەدا، بەگەڕخستنی هێز بۆ هەر هۆیەکی ئیدیۆلۆژی، لەوانەش بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزم یان لیبراڵ دیموکراسی، بەتەواوی ڕەت دەکرایەوە. وەک ئەوەی لە ڕەوشی *نیکاراگوا*دا هەبوو، کە هەرچەندە ئەمەریکا دەیویست کردەوە سەربازییەکانی خۆی لە نیکاراگوا-دا بە دیموکراسی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ پاساو بدات، دادگای دادی نێودەوڵەتیی ڕایگەیاند[٩٦]:

---

[٩٤] وەک ئەوەی بەلجیکا لە کۆنگۆ (١٩٦٠)، ئەمەریکا لە دۆمینیک (١٩٦٥)، هندستان لە خۆرهەڵاتی پاکستان (١٩٧١)، ڤیەتنام لە کەمپوچیا (١٩٧٨)، فەرەنسا لە ئەفریقای ناوەڕاست (١٩٧٩)، تانزانیا لە ئوگەندا (١٩٧٨)، لەگەڵ ئەمەریکا لە گرینادا (١٩٨٣).

[95] Jackson (n 75) 588, and Anne Noronha dos Santos, *Military Intervention and Secession in South Asia: the Cases of Bangladesh, Sri Lanka, Kashmir, and Punjab* (Praeger Security International 2007) 23–41.

[96] *Nicaragua*, ICJ Reports 1986, 268.

لەکاتێکدا لەوانەیە ویلایەتە یەکگرتووەکان[ی ئەمەریکا] هەڵسەنگاندنی خۆی هەبێت بۆ دۆخەکە، وەک ئەوەی مەبەست ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بووە لە نیکاراگوا، ناکرێت بەکارهێنانی هێز، شێوازی گونجاوی چاودێریکردن یان مسۆگەرکردنی وەها ڕێزگرتنێک بێت.

سەرباری زۆر لێدوان و ڕاگەیاندنی ڕەسمی و گشتی، لە سەردەمی جەنگی سارددا، مافەکانی مرۆڤ تاکە پاساوی دەستوەردان نەبوون. دەوڵەتان بە ئەگەری زۆرەوە، ئامانجی تریشیان لە خەیاڵدایە کاتێک بڕیاری دەستوەردان دەدەن. هەروەها "دەوڵەتانی بەهێز، کە بە هۆکارەیلی باش بێت یان خراپ، دەست لە دەوڵەتانی لاواز وەردەدەن، لەسەر هێنانەوەی هۆکار و پاساوی یاسایی بۆ کردەوەکانیان، پەکیان نەکەوتووە."[٩٧]

سەرباری هەبوونی هێڵێکی دەستوەردان لەو سەردەمەدا، دەوڵەتان لە هەموو کەیسێکی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤدا دەستیان وەرنەدەدا. پاڵنەری وەها دوالیزمێک پەیوەستە بە ململانێی سیاسی سەردەمەکەوە؛ هەر دەوڵەتێک یان بلۆکێک بیری لە دەستوەردان بکردایەتەوە، ترسی لە

[97] International Commission on Intervention and State Sovereignty (ICISS), *the Responsibility to Protect* (the International Development Research Centre 2001) (Report) 67.

کاردانەوەی دەوڵەتانی بلۆکی بەرانبەر هەبوو.[٩٨] گەر مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش درووست ببێت، لەوانەیە "ئەوکات لە سایەی فەرماندەیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هێز بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەکار بهێنرێت."[٩٩]

پاش سەردەمی جەنگی سارد بوو، کە ئەنجوومەنی ئاسایش چالاکتر بوو، زۆرترین حاڵەتی ڕێگەدانی بەکارهێنانی هێز بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤیش تۆمار کران.[١٠٠]

---

98 Beatrice Heuser, 'Sovereignty, Self-Determination, and Security' in Sohail H. Hashmi (ed), *State Sovereignty: Change and Persistence in International Relations* (Pennsylvania University Pres 1997) 91.
99 Ibid, 92.
100 Robert H. Jackson, *Quasi-States: Sovereignty, International Relations, and The Third World* (Cambridge University Press 1990) 160.

### ٤,٢,٢ دەستێوەردانی مرۆیی پاش جەنگی سارد

کەوتنی یەکێتیی سۆڤییەت لە ١٩٩٠دا، جێکەوتی خۆی لە سەر چەمکی مرۆیی هەبوو. دوای جەنگی سارد، سەردەمێکی نوێ سەرپێ کەوت، کە دەکرێت خەسڵەتەکانی لە سێ دانەدا کورت بکرێنەوە. یەکەم، بەپێچەوانەی سەردەمی جەنگی ساردەوە، هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان دژبەرەکان، زیاتر مومکین بوو، بنەمای دەستوەرنەدانیش هێندە ڕەواجی نەما. دووەم، بژارەی بێلایەنی هەڵتەکێنرا و وڵاتانی جیهانی سێیەمیش چیتر لەلایەن زلهێزانی پێشووەوە، پشتیوانیی نەدەکران. سێیەم، مافە تاکەکەسییەکان وەک نۆرمگەلی نێودەوڵەتیی، هاتنە پێشەوە.[١٠١] هەروەها باس لە گۆڕانی چەمکی سەروەرییش دەکرێت، بەو پێیەی هاوکات ویستی ئەنجوومەنی ئاسایش لە ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێز لەو دۆخانەی پێشتر بە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان لەقەڵەم دەدران، زیاتر بوو.[١٠٢]

پێ دەچێت سندووقی پاندۆرا کرابێتەوە! چونکە هەر لە پاش کۆتایی جەنگی ساردەوە، بەتایبەت لە دەیەی نەوەدەکان، ژمارەیەک ناکۆکیی ئیتنیکی، ناو_دەوڵەتی سەریان هەڵدا. لێرەوە ئەنجوومەنی ئاسایش لە ژمارەیەک ڕەوشدا، ڕێگەی بە بەکارهێنانی هێز دا، لەوانەش باکووری ئێراق (١٩٩١)، سۆماڵ (١٩٩٢)، بۆسنیا (١٩٩٢)، ڕواندا (١٩٩٤). جگە لەوانەش، هەندێک

---

101 Ibid, 589.
102 ICISS (n 97) 118.

ئۆپەراسیۆنی ڕێگە-نەدراویش هەر هەبوون، وەک سیرالیۆن (١٩٩٨) و کۆسۆڤۆ (١٩٩٩) کە دوو زەقترین ڕەوشن.[103] سەربارى ئەو ڕاستییەی کە گۆڕانکاریی دراماتیکی بووە بەشێک لە واقیعەکە، بەڵام بەرژەوەندیی دەوڵەتان، بەتایبەت ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، مانەوە و نکۆڵییشیان لێ ناکرێت. وەک ئەوەی باری پۆسن دەڵێت:

> هێندەی لێمانەوە دیارە، بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی ئایا لە ناکۆکییەکی دیاریکراودا هێز بەکار بهێنرێت یان نا، تەنیا ڕەنگدانەوەی پێوەرە بابەتییە نێودەوڵەتییەکان نا، بەڵکوو پێویستییە نێوخۆییەکانی زلهێزەکان دەبێت.[104]

هەمان شت بۆ بابەتی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤیش، ڕاستە. بانگەشەی ئەوەی کە ئەوانە کۆمەڵێک مافی گەردوونین، مانای وا نییە کە لە کردەوەشدا گەردوونین و گەردوونییانە پێڕەو دەکرێن. ئەنجوومەنی ئاسایش کێشەی نەبوونی ویستی سیاسیی هەیە، کە هۆکارەکانی ئەوەش پەیوەستن بە میکانیزمی سیستەماتیکییەوە، ئەوانەی خودی ئەنجوومەن و سیستەمەکەیان لەسەر بنیات نراوە، واتە سیستەمی ڤیتۆ! با بیرێک لە

---

[103] Lee F. Berger, 'State Practice Evidence of the Humanitarian Intervention Doctrine: the ECOWAS Intervention in Sierra Leone' (2000) 11 IND. INT'L & COMP. L. REV 605.

[104] Barry R. Posen, 'Military Responses to Refugee Disasters' (1996) 21 International Security 72, 94.

کەیسی ڕواندا (١٩٩٤) بکەینەوە. ڕێکخراوەی یەکێتیی ئەفریقا فەرمانی لێکۆڵینەوەی لە کەیسەکە دەرکرد. دواتر لە ڕاپۆرت و شیکاریی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەندامانی، بەتایبەت ئەمەریکاش، سەرکۆنە کران، بەهۆی ئەوەی ئەو هەوڵانەیان پەک خست کە بۆ بەگەڕخستنی هێزی هەرچی زیاتر دەدران تا بەر بە جینۆسادەکە بگیرێت، لە کاتێکیشدا کە مومکین بوو.[١٠٥]

وەک ئەوەی خرایە ڕوو، بە خوێندنەوەی ئەدەبییاتی دەستێوەردانی مرۆیی ئاشکرا دەبێت، کە زۆرینەی توێژەران کاتێک ئەو چەمکە دەناسێنن یان باسی دەکەن، دەیبەستنەوە بە چەمکی مافەکانی مرۆڤەوە. بڕیارە ئامانجی دووری بەکارهێنانی هێز لە حاڵەتی دەستێوەردانی مرۆییدا، بەرگریکردن بێت لە مافەکانی مرۆڤ. بۆیە، ڕەنگە وا پێویست بکات هەندێک لە مافەکانی مرۆڤ، بنچینەکانی و پەیوەندیی بە سەروەریی دەوڵەتەوە، ورد بینەوە.

---

105 Organization of African Unity, ‘Rwanda: The Preventable Genocide’ (7 July 2000) (Report), 10.

## ٣,٢ ڕوانین لە مافەکانی مرۆڤ

### ١,٣,٢ مافەکانی مرۆڤ وەک مافەیلی گەردوونی

مافەکانی مرۆڤ زۆربەی جار وەک مافەیلی گەردوونی، وێنا دەکرێن و بڕیارە وایش بن. ئەمەش بە ڕوونی لە پێناسـەی توێژەراندا بۆ شـێوە و کرۆکی مافەکانی مرۆڤ، دەردەکەوێت. مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵێک مافی گەردوونی، ئەخلاقیین کە هەموو کەسـێک تەنیا لەبەر مرۆڤبوونی، بەبێ گوێدانە هیچ ناسـنامەیەکی تری لاوەکی، دەتوانێت هەیبن.[١٠٦] ڕیچارد واسـێرسـترۆم چوار مەرجی داناوە بۆ هەر مافێک کە بە مافی مرۆڤ بناسـرێت. یەکەم، هەموو مرۆڤەکان هەیانبێت، لای کەم لە ڕووی تیۆریاییەوە. دووەم، بە شـێوەی یەکسـان هەموو مرۆڤەکان هەیانبێت، بەبێ گوێدانە پاشـخان یان کەسـێتی. سـێیەم، لە حاڵەت و دۆخی تایبەتدا بکرێت هەبێت. چوارەم، کاتێک ڕووبەڕووی سـەرجەم کۆمەڵگەی مرۆیی دەبێتەوە، بتوانرێت بەرگریی لێ بکرێت و بپارێزرێت.[١٠٧] بانگەشـەی گەردوونیبوون لە خۆڕا دروسـت نەبووە، بەڵکوو مێژوویەکی درێژی هەیە. وەک ئەوەی پێشـتریش وترا، مافەکانی مرۆڤ زۆربەی جار لەلایەن فەیلەسوفانەوە وەک هاومانای مافە سروشتییەکان وێنا

---

[106] M, Cranston, *What Are Human Rights?* (2nd edn, Bodley Head 1973) 36.
[107] R, Wasserstrom, 'Rights, Human Rights, and Racial Discrimination' in D. Lyons (ed), *Rights* (Wadsworth Publishing Company 1979) 46, 50.

دەکرێن.[١٠٨] هەرچەندە توێژەرانی تر جیاوازیی لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و مافە سرووشتییەکاندا دەدۆزنەوە، بەڵام گرێدراویی توندوتۆڵیشیان نکۆڵیی لێ ناکرێت؛ مافەکانی مرۆڤ وەک 'وەچە'ی مافە سروشتییەکان ناو دەبرێن.[١٠٩]

بەڵام تەنیا مێژووی دوور و دێرینی فەلسەفی و مافە سرووشتییەکان نییە، کە لە پێکهاتنی یاسای نێودەوڵەتیی مۆدێرنی مافەکانی مرۆڤدا ڕۆڵیان هەبووە. بەڵکوو ڕووداوە نەخوازراو و هەژێنەرەکانی سەدەی بیستەمیش، لە پێداگرتن لەسەر ئەو مافانەدا بەشدار بوون. هەندێک توێژەر، مامەڵەی خراپ لەگەڵ تاکەکەس و گرووپە ئیتنیکەکان و ئەو تەکنیکی لەمرۆڤخستنەی لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەمدا بەکار دەهێنرا، وەک ئاخێزگەیەکی سەرەکیی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ دەبینن.[١١٠] ناکۆکییە ئیتنیکییەکانی سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەم، وای لە دەوڵەتان و

---

[108] Jack Donnelly, *The Concept of Human Rights* (St. Martin's Press 1983) 10; and R, Wasserstrom, ibid.
[109] Alison Dundes Renteln, 'The concept of human rights' (1988) 4 Anthropos 343, 348.
[110] Johannes Morsink, *The Universal Declaration of Human Rights: Origins, Drafting, and Intent* (University of Pennsylvania Press 1998) 36; and Makau Mutua (n 91) 551.

سەرکردەکان کرد تەرکیزیان لەسەر گرووپەکان بێت نەک تاکەکەس، چونکە گەر وا نەبێت، دەکرێت گرژییەکان سەر هەڵبدەنەوە.[١١١]

ینەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێشەکییەکەیدا، "ئیمان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بە کەرامەت و بایەخی تاکەکەس، بە مافی یەکسانی پیاو و ژن و نەتەوەکان، بە گەورە و گچکەشیانەوە" دووپات دەکاتەوە. هەر بەپێی بنەڕەتنامەکە، یەکێک لە مەبەست یان ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەدەستهێنانی هاریکاریی نێودەوڵەتییە لە چارەکردنی تەنگژە نێودەوڵەتییەکاندا، لە نێویشیاندا کێشەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان.[١١٢] لەو مادە و بەندانەوە، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت دەستێوەردانی مرۆیی وەک ئامرازێک دەبینرێت بۆ بەرگریکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو مافانە، هەرچەندە پرسیاری "جا ئەوە باشترین ڕێگەیە بۆ ئەو ئامانجە؟"، هەر دەمێنێتەوە. جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ وەک "بەڵگەنامەی سەرەکی، ترپەی سەرەتایی ئایدیاڵیزم و جۆشوخرۆش، کورت و پوخت،

[111] Joel E. Oestreich, ‘Liberal Theory and Minority Group Rights’ (1999) 21 Human Rights Quarterly 108, 113; Summer B. Twiss, ‘History, Human Rights, and Globalization’ (2004) 32 The Journal of Religious Ethics 39, 42; and Warren Lee Holleman, *The Human Rights Movement* (Praeger 1987) 1.

[112] مادەی ١ (برگەی ٣)ی بنەڕەتنامەکە.

بەرفراوانتر و مەزنتر لە پەیمانـنامەکان، دیـارترین بەڵگەنـامەی ورووژێنراوی مافەکان" ناو براوە.[١١٣]

گەردوونیبوونی مافەکانی مرۆڤ بەگشـتی و هی جاڕنامە گەردوونییەکە بەتـایبەت، بەوەی جۆرێک لە بەڕۆژاواییکردنی کەلتوورەکانی تر بێت، ڕەخنە کراوە. کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆژیی ئەمەریکی کە ڕێکخراوەیەکی نـاحکومییە، لە ١٩٤٧دا تێبینیی ئەوەی کرد کە دەسـتنیشـانکردنی زنجیرەیەک پێودانگی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کارێکی ئاسان نییە، بەو پێیەی وەها کارێک ناچارە ددان بە چەنـدان شـێوەژیـانـدا بنێت.[١١٤] هەنـدەک دەڵێن نیزامی نۆرمـاتیڤیی یاسـای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، لە تیۆریای لیبراڵیزمەوە هەڵقوڵاوە، هەر بۆیەش یاسـای مافەکانی مرۆڤ وەک بەنێودەوڵەتیکردنی ئەرکەکانی دەوڵەتی لیبراڵ ناو براوە، کە دەبێت زۆرتریش بەرفراوان بکرێت.[١١٥]

---

113 Henry J. Steiner, Philip Alston & Ryan Goodman, *International Human Rights in Context: Law, Politics, Morals* (3rd edn, Oxford University Press 1996) 102.

114 American Anthropological Association, ‘Statement on Human Rights’ (1947) 49 American Anthropologist 539, 539.

115 Mutua (n 91 )551; E. J. M. Zvobgo, ‘A Third World View’ in D. P. Kommers & G. D. Loescher (eds), *Human Rights and American Foreign Policy* (University of Notre Dame Press 1979) 90, 95; and Abdullahi Ahmed An-Na'im, *Human Rights in Cross-Cultural Perspectives* (University of Pennsylvania press 1995) 2-4.

له لایەکی تریشـــەوە، پێ دەچێت هەندەک لە مافەکانی نێو جاڕنامەکە، بە شـــێوەی گەردوونی پەســـەنـد کرابن. ئەوانەش بریتین لە مـافی ژیـان، موڵکـدارێتی، پـارێزراویی لە ئەشـــکەنجەدان، کۆیلایەتی و دەســـتگیرکردنی هەڕەمەکییـانە. لەکاتێکـدا مـافەکـانی تر وا نین.[116] ئەمەش واتە، هێنـدەی پەیوەســـتە بە جێبەجێکردنی کرداری و پێکدادانی مافە جیاوازەکانیشـــەوە، مافەکانی مرۆڤ دەتوانن ســـەرنج و مامەڵەی تایبەت بەدەســـت بهێنن، بە جۆرێک کە بکرێت بانگەشـــەی گەردوونیبوونی 'ڕێژەیی' بکرێت. وێڕای ئەوەی چەســـپـانـدنی مـافەکـانی مرۆڤ بۆ دەوڵەتی ســـەروەر جێهێڵراوە، هەنـدێک پێشـێلکاری و گێچەڵ بە مافەکان، جددیین و ســـەرنجی زیاتر دەبەن، لە پێش هەمووشـــیانەوە کوشـــتنی بەکۆمەڵ و جینۆســـاید، تـاوانی دژەمرۆڤـایەتی، هەنـدێـک تـاوانـی جەنـگ، لەوانە ئەشـــکەنـجەدان و لەنـێـوبـردنـی هەڕەمەکییانە.[117]

نموونەی ئەو شێوە کێشەیە لە تیۆریا و پراکتیکی مافەکانی مرۆڤدا، وەک مادەی ١٧ی جاڕنامەی گەردوونی، کە پێ لە سەر مافی موڵکدارێتی دادەگرێت و ئەوەش دەشێت بۆ دەوڵەتانی مەیلەو سۆسیالیستی کێشەدار بێت. هەروەها مادەی ٢١ی جاڕنامەکە و پرسی هەڵبژاردن، وەک ئەوەی فۆرمی ڕۆژاوایی هەڵبژاردنی کردبێت بە پێوەر و سەنتەر.

[116] Louis Henkin, 'The Universality of the Concept of Human Rights' (1989) 506 The Annuals of the American Academy of Political and Social Science, Human Rights around the World 10, 15.

[117] Jack Donnelly, 'The Relative Universality of Human Rights' (2007) 29 Human Rights Quarterly 281.

ڕێککەوتنی ئەخلاقی لە بارەی مافەکانی مرۆڤ یان هەر پرسـێکی ترەوە، لە بەردەم هەڕەشـەدایە. یەک لە هەڕەشـەکانی سـەر ئەو مافانە و کرۆکی ڕاستەقینەیان، دەسەڵاتی بەجیهانیبووی دارایی (finance)ـە. چونکە نیزامی مافەکانی مرۆڤ هەندێک جار وا دەردەکەوێت، کە ئامرازێک بێت بۆ زاڵکردنی سـیاسـەتنامەی بازاڕی ئازاد، یان ئابووریی لیبراڵی. بە وتەی مایکڵ ئیگناتییف "هیچ هۆکارێک نییە کە پێمان وا بێت بەجیهانیبوونی ئابووری، بەجیهانیبوونی ئەخلاقیی بەدوادا دێـت." لەبەر ئەوەش، گرنگە وا بیر لە مـافەکـانی مرۆڤ بکەینەوە کە "بنیاتنانی زەمینەی گفتوگۆیە، لای کەمی مرۆڤبوونە کە دەکرێت لێیەوە چەندان بیرۆکە دەربارەی گەشەی مرۆیی، چەکەرە بکەن."[١١٨]

بەگشتی و دواجار، پێوەر و پێودانگەکانی مافەکانی مرۆڤ، دەمانبەنەوە سـەر یەکێک لەم دوو مژارە. یەک، بەگەڕخسـتنی ڕێوشـوێنەکانی چەسـپاندنی ئەو مافانە. دوو، پێداچوونەوەی دۆخەکە بەگشتی. وەک ئەوەی دەردەکەون، مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی دەوڵەت دژی یەکن. لەکاتێکدا هەر لە سەردەمی ڕێککەوتنی وێسـتفالیای ١٦٤٨ـــەوە سـەروەریی دەوڵەت موتڵەق بووە، مافە مۆدێرنەکانی مرۆڤ سـنووری بۆ دادەنێن و زیاتریش جڵەوی دەکەن. بۆیە لە بڕگەی دادێدا، هەندێک لە پەیوەندیی نێوان ئەو جووتە، ڕادەمێنین.

118 Michael Ignatieff, ‘The attack on Human Rights’ (2001) 80 Foreign Affairs 102, 115–116.

## ٢,٣,٢ مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی دەوڵەت

لەو کاتەوەی پاش جەنگی سی ساڵەی کاسۆلیک و پرۆتێستانت لە ئەورووپا، لە ١٦٤٨ ڕێککەوتننامەی وێستفالیا واژۆ کراوە، دەوڵەت تاکە ئەکتەری بەرچاو و بەرجەستەی یاسای نێودەوڵەتیی بوو، سەروەریی دەوڵەتیش موتڵەق بوو (لە چوارچێوەی دەوڵەتدا، هەر شتێک دەقەوما، وەک بەشێک لە کاروباری نێوخۆیی لێک دەدرایەوە). هێندەی پەیوەندیی بەو ڕێککەوتنەوە هەیە، جگە لە پێناسە تەقلیدییەکەی سەروەری، چەند خاڵێک جێی بایەخن.[١١٩] یەکەم، هەرچەندە بیرۆکەی باو دەربارەی دەوڵەت و سەروەری، *دەستوەرنەدان* بوو، بەڵام دەست هەر وەردەدرا، جا تاکلایەنە بێت، وەک ئەوانەی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕوسیا بۆ نێو ئیمپراتۆریای عوسمانی، یانیش بەکۆمەڵ، وەک لە حاڵەتی سیستەمی ئینتیدابی ڕێکخراوەی کۆمەڵەی گەلاندا؛ هەمووشیان بە پاساوی مافەکانی مرۆڤ بوون. دووەم، خودی بوونی پەیماننامە بەتایبەت و یاسای نێودەوڵەتیی بەگشتی، بە یاسا/پەیماننامەکانی مافی مرۆڤیشەوە، نیشانەی سەروەرییەکی

---

[119] Michael W. Doyle & Anne-Marie Gardner, 'Introduction: Human Rights and International Order' in Jean-Marc Colcaud, Michael W. Doyle & Anne-Marie Gardner (eds), *The Globalization of Human Rights* (UNU Press 2003) 9; and Zehra F. Kabasakal Arat, 'Forging a Global Culture of Human Rights: Origins and Prospects of the International Bill of Rights' (2006) 28 Human Rights Quarterly 416, 427-428.

سـنووردارە، چونکە ئەو نیزام و یاسـایانە پێکرا، کۆتوبەند دەخەنە سـەر دەوڵەت. سـێیەم، هێندەی پەیوەسـتە بە بەجیهانیبوونەوە، زۆرێک دەزگا و کۆمپـانیـای فرەڕەگەز هەن، کە هەموویـان دەوڵەتـان نـاچـار دەکەن لەگەڵ یەکـدی کـار بکەن و هەمـاهەنگییـان هەبێـت، بە خودی بواری یـاسـای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤیشەوە. ئەم یاسایەش لای خۆیەوە، باری سەرنجی لە سەروەریی دەوڵەتەوە، گواستەوە و گۆڕی بە سەروەریی تاکەکەس.

بەهەرحاڵ، سـەروەری وەک دەسـەڵاتێکی موتڵەق پێناسـە کراوە، کە لەگەڵ ویدا ناکرێت هیچ دەسـەڵاتێکی تر لە جڤاتی سـیاسـیدا هەبێت.[١٢٠] ئەمەش ناڕاستەوخۆ و لای کەم لە ڕووی تیۆرییەوە، واتە ناکرێت لە هەمان جڤاتی سـیاسـیدا و لە هەمان کاتدا، دوو سـەروەر هەبن. لەگەڵ ئەوەشـدا، کەسـانی تر پێیـان وایە سـەروەری، نە کاتیگۆرییەکی بەتەواوی جێگیرە و نە موتڵەقیشـە؛ بەڵکوو دەگۆڕێت. لە ڕووی تیۆریـاییەوە، وتراوە کە مـافەکانی سـەروەر، سـنووردار و گۆڕاون، بۆیە "بۆچوونێکی بـاوە کە هیچ بـابەتێک بەتەواوی جێگیر و هەڵنەوەشاوە نییە لە بەستێنی جیاوگەکانی سەروەردا."[١٢١] دادگای هەمیشـەیی دادی نێودەوڵەتیی، کاتێک لە ١٩٢٣ بڕیاری لە سـەر بوار و سنووری سەروەریی هەر دەوڵەتێک دەدا، ئەم سنووربەندییەی پێڕەو کرد و

---

120 F. H. Hinsley, *Sovereignty* (2nd edn, Cambridge University Press 1986) 26.

121 Ian Brownlie, *Principles of Public International Law* (6th edn, Oxford University Press 2003) 291.

ڕایگەیاند کە "سەروەری ڕێژەییە، بەندە بە گەشە و پێشڤەچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە."[١٢٢] سەروەری نەک تەنیا وەک سنووردار، بەڵکوو وەک ئەوەشی بە شێنەیی لەلایەن چەند هێزێکەوە داخورابێت، باس کراوە، لە نێویشیاندا ئیدیۆلۆژیی مافەکانی مرۆڤ[١٢٣]، کە 'بەهێزترین ڕەخنەی سەروەری' پێک دەهێنن.[١٢٤]

سا یەکێک لە ڕێگە و ئامرازەکانی چەسپاندنی پێودانگی مافەکانی مرۆڤ بە سەر خواستی سەروەردا، بریتییە لە دەستێوەردانی مرۆیی. پەیماننامەکانی مافی مرۆڤ، بە چەند ڕێگەیەک دەوڵەت ئەرکدار دەکەن. یەکێکیان بریتییە لە ڕێزگرتنی مافی هاووڵاتییانی وڵاتانی تر، کە ئەوەش دنەی دەستوەردانخوازی دەدات و شێوەش بە تێگەیشتنێکی نوێی ڕەوایەتیی نێودەوڵەتیی دەبەخشێت.[١٢٥]

---

122 *Nationality Decrees Issued in Tunis and Morocco*, Permanent Court of International Justice, Series B, no. 4 (Advisory Opinion of 7 February 1923).

123 Abdullahi Ahmed An-Na'im & Louis Henkin, 'Islam and Human Rights: Beyond the Universality Debate' (2000) 94 Proceedings of the Annual Meeting (American Society of International Law) 95, 102.

124 Kathryn Sikkink, 'Human Rights, Principled Issue-Networks, and Sovereignty in Latin America' (1993) 47 International Organization 411, 411.

125 Jack Donnelly, *International Human Rights* (2nd edn, Westview Press 1998); and 'State Sovereignty and Human Rights' (n. d)

## ٤,٢ دەستێوەردانی مرۆیی و بەرگریی دەستەجەمیی

مافەکانی مرۆڤ وەک شـــێوەیەکی تاکگەرایی دەردەکەون، بەو مانایەی کە تـاکەکەس ڕووبەڕووی کۆمەڵگە وەک گشـــتێـک، بکەنەوە. هەرچۆنێک بێـت، بە مســـۆگەرکردنی ئەو مـافـانە لە ڕێی پرۆژەیەکی دەســـتەجەمییەوە، دەکرێت بەرگێکی ئەستوورتری دەستەجەمییەت، بەبەر ئەو مافانەدا بکرێت. بیرۆکەی ئاسـایشی دەسـتەجەمیی، دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵانی پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان. ئەو کۆمەڵەیە کە لە ١٩١٩ـدا دامەزرا، لە پەیماننامەکەیدا سـیســـتەمێکی بەرگریی دەســـتەجەمیی دانراوە، کە لە کـاتی پەلامـاردان (aggression)ـــــدا، پێڕەو و جێبەجێ بکرێـت. لە کۆمەڵەی گەلانـدا، هەر گەلێـک، گەورە یـان بچـووک، مـافی ڤیتـۆکردنی بڕیـاری بەرپەرچـدانەوەی بەکارهێنانی نایاسـایی هێزی هەیە.[١٢٦] ئەمەش وای لە هەندێک دیپلۆمات کرد بێژن، سـیسـتەمی بەرگریی دەسـتەجەمیی کۆمەڵەی گەلان، لاواز و ناکارایە، بەو پێیەی ڕێزێکی زۆر و نرخاندنێکی بەرزی بۆ سەروەری هەبوو.[١٢٧]

---

Denver University on Human rights and Human Welfare <http://citeseerx.ist.psu.edu/viewdoc/summary?doi=10.1.1.125.7201> accessed 10 March 2016.

[١٢٦] بنەڕەتنامەی کۆمەڵەی گەلان، مادەکانی ٨، ١٠، ١١، ١٢.

[127] Michael R. Fowler & Jessica Fryrear, ‘Collective Security and the Fighting in the Balkans’ (2003) 30 N. Ky. L. Rev 299, 306.

لەبری قەدەغەکردنی پەلاماردان لە نێوان دەوڵەتاندا، خودی دەوڵەتە بەهێزەکانی کۆمەڵەکە، ژمارەیەک دەوڵەتی بچووکیان داگیر کرد. لێکەوتەی حەتمیی ئەو سیاسەتانەش، کەوتنی سیستەمەکە خۆی بوو. دەوڵەتانیش لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسە جیاوازەکانی پەلاماردانندا، بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بڕیاریان دەدا، یان بیریان لای هاوکێشە واقیعییەکان بوو. لە نموونەی داگیرکارییەکانیش، داگیرکردنی ئیسیۆپیا لەلایەن ئیتالیاوە، بولگاریا لەلایەن یۆنانەوە، مانشوریا لەلایەن یابانەوە.[١٢٨] ئەوەش پەیامی ئازادبوونی دەوڵەتانی سەروەر، کەسیبوون لە هەڵسەنگاندنی دۆخەکاندا دەگەیەنێت؛ هیچ دەوڵەتێک ئامادە نەبوو، دەست لە سەروەریی خۆی هەڵبگرێت.

لەگەڵ دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، سیستەمی بەرگریی دەستەجەمیی، زۆر چووە پێش. لە مادەی ٢ (بڕگەی ٤)ی بنەڕەتنامەکە، بەگشتی بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەی بەکارهێنانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ڕیبەند کرا کرا. بەپێی بەندی حەوتەمی بنەڕەتنامەکەش، ئەنجوومەنی ئاسایش دەسەڵاتی دیاریکردن و بڕیارلێدانی ئەوەی هەیە ئایا ڕووداوێک بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی یان نا. گەر بەڵێ، بۆی هەیە ڕێگە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ناسەربازی و سەربازییش هێندەی بۆ چارەکردنی هەڕەشەکە پێویستە، بدات. هەر ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجوومەنەکەش، مافی ڤیتۆکردنی بڕیاری

---

128 Ibid.

نارێوشـوێنەکی (non-procedural)ــی پێ دراوە. بەم شـێوەیە، سیسـتەمێکی نوێی ئاسایشی دەستەجەمیی، هاتە بوون.[١٢٩]

چەمکی ئاسـایشـی دەسـتەجەمیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، لە ڕیشـــەوە بەندە بە پەلاماردانەوە. بەپێی هەندێک پێناســـە، بریتییە لە "پلانێک بۆ ڕاگرتنی ئاسایش لە ڕێی ڕێکخراوەیەکی دەوڵەتانی سەروەرەوە، کە ئەندامانی پێکڕا بەڵێن دەدەن کە لە بەرانبەر هەر هێرشـــێکـدا، بەرگری لە خۆیـان بکەن."[١٣٠] بەو پێیەش، ئاســـایشـــی دەســـتەجەمیی، بۆ بەرپەرچدانەوە یان هەڵگەڕانەوەی پەلامـارێکە دژی هەر ئەنـدامێکی ڕێکخراوەی پەیوەنـدیـدار. بەوەشـــەوە هەر دەشـــێـت بوترێـت، پەرەپێـدانی مـافەکـانی مرۆڤ لە ڕێی دەســتێوەردانی مرۆییەوە، دەکرێت پرۆژەیەکی ئاســایشــی دەســتەجەمیی بێت. ئەوەش کاتێک مسـۆگەر دەبێت، کە مافەکانی مرۆڤ وەک مافەیلی گەردوونی سـەیر بکرێن و پێشـێلکردنی بەرچاویشـیان، هەڕەشـە بێت بۆ سـەر ئاشـتیی نێودەوڵەتیی تـا ئەوەی ئەنجوومەنی ئـاســـایش بتوانێـت هەر کـات ئەو پێشـــێلکارییانە هەبوون، بەرەنگاریان ببێتەوە. چونکە بیرۆکەی بنەڕەتیی نێو ئاسایشی دەستەجەمیی بریتییە لە: *یەک بۆ هەمووان، هەمووان بۆ یەک.*

[١٢٩] مادەکانی ٣٩، ٤١، ٤٢ی بنەڕەتنامەکە.

[130] Joseph P. Ebegbulem, ‘The Failure of Collective Security in the Post Wars I and II International System’ (2011) 2 Transciense 23, 24.

بە هەر حاڵ، مەبەسـت هاندانی دەسـتوەردانی هەڕەمەکییانە نییە بۆ نێو کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتان، بەڵکوو جێکردنەوەی دەستێوەردانی مرۆییە لە چوارچێوەی ئاسـایشـی دەسـتەجەمییدا، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە پێڕەو بکرێت یان ڕێگەی بدرێت.

دەکرێت لە ڕێی خوێندنەوەی کۆمەڵێک مادەی بنەڕەتنامەکە پێکەوە، چوارچێوەیەکی یاسـایی بۆ جێکردنەوەیەکی بەم ڕەنگە سـاز بکرێت. وەک سـەرەتا و بنەما، پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ، وەک ئەوەی لە بنەڕەتنامەکەدا هـاتووە، یەکێکە لە ئـامـانجەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان. ئەنجوومەنی ئاسـایشـیش لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیدا، بەپێی ئەو ئامانجانە ڕەفتار دەکات.[١٣١] ڕاسـتە کە ئەنجوومەنی ئاسـایش بەپێی مادەی ٣٩ـی بنەڕەتنـامەکە، دەسـەڵاتێکی زۆری پێ دراوە، بەڵام نـابێـت دەسـەڵات و بڕیـارەکانیشـی هەڕەمەکییـانە بن. وەک ئەوەی دادگـای تـاوانی تـایبەت بە یوگۆسلاڤیای پێشوو ڕایگەیاند[١٣٢]:

"ئەنجوومەنی ئاسـایش ئۆرگانێکی ڕێکخراوەیەکی نێودەوڵەتییە، لە ڕێی پەیماننـامەیەکەوە دامەزراوە، کە بۆ ئەو ڕێکخراوە وەک چوارچێوەیەکی دەسـتووری وایە. لە هەموو حاڵەتێکدا، نە دەق

[١٣١] مادەکانی ١ و ٢٤ی بنەڕەتنامەکە.

[132] ICTY Appeals Chamber, *Tadić* Decision 1995 IT94-1-AR72, para, 28.

و نە ڕۆحی بنەڕەتنـامەکەش، ئەنجـوومەنی ئـاســـایش وەک لەیاسابەدەر [legibus solutus] ناناسێنن.

بەرپرســیارێتیی ئەنجوومەنی ئاســـایش بۆ ڕاگرتنی ئاشـــتی و ئاســـایشـــی نێودەوڵەتیی، بەرپرسـیارێتییەکی دووسـەرەیە. لەلایەکەوە، لە کاتی سـەپاندنی ڕێوشـوێن بۆ بەرقەرارکردنەوەی ئاشـتی و ئاسـایشی نێودەوڵەتیی بەپێی بەندی حەوتەمی بنەڕەتنـامەکە، ئەنجوومەنی ئـاســـایش دەبێت بەبـاشـــی ڕەچاوی مـافەکانی مرۆڤ بکات، بەتـایبەت مـافی ژیـان.[١٣٣] لەلایەکی تریشـــەوە، کاتێک مـافەکانی مرۆڤ پێشـــێل دەکرێن، ئەنجوومەنی ئـاســـایش مـافی هەیە، بۆ مەبەســـتی ڕێزگرتن لە ددانپێـدانـانی نێودەوڵەتیی بەو مـافـانەدا، ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز بدات.

[133] Eugenia Lopez-Jacoiste, 'The UN Collective Security System and its Relationship with Economic Sanctions and Human Rights' (2010) 14 Max Planck Yearbook of United Nations Law 273.

## ٥,٢ ئەنجامگیری

سەربارى بايەخى نۆرمەكانى مافى مرۆڤ، لە واقيع و دينامیكييەتى پەيوەندييە نێودەوڵەتييەكاندا بە ناكارا ناو دەبرێن.[١٣٤] ئەو مافانە لاى كەم كێشەى پشتيوانيى دەزگاييان هەيە، بە دەست پرسى جێبەجێكردنەوە دەناڵێنن. سەربارى هەموو هەوڵە فەلسەفى و ڕێوشوێنەكييەكان، پێ دەچێت دەستێوەردانى مرۆيى لە حاڵەتى پێشێلكاريى بەرچاوى مافەكانى مرۆڤدا، تاكە چارەسەرى بەردەست بێت. جگە لەوەش، وەک باس كرا، لە هەندێک ڕەوشى پێشێلكاريدا كە وەک جينۆسايد يان تاوانى دژەمرۆڤايەتى پۆلێن كراون، هيچ هەنگاو و ڕێگەچارە و ڕێوشوێنێكى دەستبەجێ و گونجاو، نەنرا و نەگیرایە بەر.

134 Stanley Hoffmann, ‘Reaching for the Most Difficult: Human Rights as a Foreign Policy Goal’ (1983) 112 Daedalus 19.

## ١,٣ بنەڕەتنامەکە و بەکارهێنانی هێز

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، نە پێش نەتەوە یەکگرتووەکان و نە پاش ئەویش، نەیتوانیوە جەنگ بنبڕ بکات. لە باشترین حاڵەتدا، دەکرێت بڵێین کە جەنگ و کردەوە و وردەکارییەکانی سەروەختی جەنگ، لە ڕووی یاساییەوە ڕێک خراون. نیزامی هەنووکەی جیهانی، کە لەگەڵ دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتە ئاراوە، قەدەغەیەکی گشتیی لە سەر بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، داناوە. ئەوەش لە مادەی ٢ (بڕگەی ٤)ـی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگیر کراوە. بەڵام هێشتا و لە ژێر سەرەناوی جیاواز و بە هۆکاری جیاوازەوە، کە یەکێکیان بە ناوی یان بە پاساوی مەبەستی مرۆڤدۆستییەوەیە، هێز هەر بەکار دەهێنرێت. بۆیە خواستی سەرەکیی ئەم بەشە بریتی دەبێت لە زانینی ئەوەی، ئایا دەستێوەردانی مرۆیی هیچ بنەڕەتێکی یاسایی پەیماننامەیی هەیە.

لە پێناو شەنوکەوکردنی هەر بابەتێکی پەیوەست بە بەکارهێنانی هێزەوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا، دەبێت ئاوڕ لە مادە و بڕگەکانی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بدرێتەوە، بەو پێیەی سەرەکیترین پەیماننامەیە کە ئەو بابەتەی لە نێوان دەوڵەتاندا، ڕێک خستبێت.

هێندەی پەیوەســتە بە بەکارهێنانی تاکلایەنەی هێزەوە، بنەڕەتنامەکە دوو جۆر پرەنسـیپی تێدایە. یەکەمیان، کە بنەما سـەرەکییەکەیە، قەدەغەی بەکارهێنـان یـان هەڕەشــەی بەکارهێنـانی هێز دەکات. دووەمیـان، دانـانی هەندێک ڕێزپەڕە بۆ ئەو بنەما گشتییە. هێندەی پەیوەستیشە بە بەکارهێنانی دەســتەجەمیی هێزەوە، بنەڕەتنامەکە وەک یەکێک لە دەســەڵاتەکانی خودی نەتەوە یەکگرتووەکان، دیـاریی کردووە و گەر دەوڵەتێکیش بیەوێت بە نـاوی ئەو سیستەمی ئاسایشی دەستەجەمییەوە کارێک بکات، دەبێت ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەبێت.

سـەردەمی پێش بنەڕەتنامەکە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئاوەها قەدەغەیەکی گشـتیی لەســەر بەکارهێنانی هێزی تێدا نەبوو. لە ماوەی ١٦٤٨_١٩١٤ــــدا یاســای نەریتی، قەدەغەی بەکارهێنانی هێزی نەکردبوو، چونکە سەروەرە ئەوروپییەکان هیچ جۆرە باڵادەستێکیان نەدەناسی و لە کاتی بەکارهێنانی هێزیشـدا، لە یاسـای سـرووشـتی و یاسـای گەلانەوە پاسـاویان دەهێنـایەوە بۆ ئەوەی جەنگەکەیان وەک ڕەوا بناسـێنن، کە ئەو پاســاو و یاســایانەش درووســتکراوی خۆیان بوون.[١٣٥] تەنانەت ڕێکخراوەی کۆمەڵەی گەلان و پەیمانی کیلۆگ-برایاند، ســەرباری ئەوەی جەنگ و پەلاماردانیان

---

[135] Andrea Gioia, ‘The End of the Conflict and Post-Conflict Peace Building’ in Michael Bothe et al. (eds), *Redefining Sovereignty: the Use of Force After the Cold War* (Traditional Publishers, Inc 2005) 161.

قەدەغە کردبوو، لە زۆر بۆنەشـــدا ڕێگەیـان بە بەکارهێنـانی هێز دەدا.[١٣٦] بەپێچەوانەی ئەوەوە، لە ســەروەختی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان ســوور بوون لە ســەر "ڕزگارکردنی نەوەکانی داهـاتوو لە نەهـامەتییەکانی جەنـگ". بۆ ئەو مەبەســتەش، لە مـادەی ٢ (بڕگەی ٤)ــدا، قەدەغەیەکی گشتییان خستە سەر بەکارهێنانی هێز، جا بەم شێوەیەی لای خوارێ:

هەموو ئەندامان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، خۆیان لە هەڕەشـــە یان بەکارهێنـانی هێز دژی یەکێتیی خـاک و ســەربەخۆیی ســیاســی دەوڵەتێکی تر، یـان لە هەر شــێوەیەکی تر کە لەگەڵ مەبەستەکانی "نەتەوە یەکگرتووەکان"دا نەیەتەوە، دوور دەگرن.

یەکێک لە مەبەســتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەدیهێنانی هاریکاریی نێودەوڵەتییە لە چـارەکردنی کێشـــە نێودەوڵەتییەکـانـدا، بەوانەی بواری مـافەکـانی مرۆڤیشـــەوە. بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکـان، تەنیـا لە حـاڵەتی جێبەجێکردنی ڕێکـارەکـانی بەنـدی حەوتەمی بنەڕەتنـامەکەدا نەبێـت، مـافی دەســتوەردانە هەر بابەتێکی کە لە جەوهەردا بەشــێک بێت لە تایبەتمەندیی

136 Natalino Ronzitti, 'The Current Status of Legal Principles Prohibiting the Use of Force and Legal Justifications of the Use of Force' in Michael Bothe et al., ibid, 91, 92.

ناوخۆیی دەوڵەتان، نییە.[137] لەمەوە دوو ئەگەر سەر هەڵدەدەن. یەک، گەر مافەکانی مرۆڤ بە موتڵەقی بەشێک بن لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان، ئەوکات نەتەوە یەکگرتووەکان ناتوانێت دەست وەربدات. دوو، گەر پێچەوانەی ئەوەش بێت، ئەوا دەتوانێت.

### ١,١,٣ کرۆک و سرووشتی قەدەغەکردنەکە

ئەو قەدەغەیەی لە مادەی ٢ (بڕگەی ٤)دا باس کراوە، وەک ئەوەی دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە ڕەوشی *کەناڵی کۆرفو*دا جەختی لێ کردەوە، بە بەشێک لە یاسای نەریتیی نێودەوڵەتیی لەقەڵەم دراوە.[138] ئەم ئەنجامگیرییەش لەلایەن توێژەرە یاساییەکانەوە پەسەند کراوە، بەو پێیەی 'سرووشتێکی سەراپاگیر'ی هەیە، هەموو دەوڵەتان پابەند دەکات و بەشێکێشە لە *بەرزەڕێسا*کان.[139]

دانانی قەدەغەی بەکارهێنانی هێز وەک بەرزەڕێسا (jus cogens)، پرسیارێک قوت دەکاتەوە: گەر وا بێت، ئایا مومکینە هیچ ڕێسایەکی تری

---

[137] مادەی ٢ (بڕگەی ٧)ی بنەڕەتنامەکە.

[138] *Corfu Channel Case*, (Albania v. the United Kingdom), Judgement, ICJ Reports 1949, 35.

[139] Bruno Simma, 'NATO, the UN and the Use of Force' (1999) 10 EJIL 1, 2–3.

پێچەوانەی ئەوە، بێتە بوون؟ لەم حاڵەتەی ئێرەدا، گەر بەو شێوەیە ددان بە قەدەغەکەدا بنرێت، واتە گەر بەوە ڕازی بین کە قەدەغەکە بەشـێکە لە بەرزەڕێسـاکان، ئایا مومکینە لە حاڵەتی پێشـێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا، باس لە مافی دەسـتوەردانە نێو دەوڵەتانی تر بکرێت، لەکاتێکدا هەندێک لەو مافانە بووبنە بەشـێک لە بەرزەڕێسـاکان؟ بەگوێرەی مادەی ٥٣ لە پەیماننامەی ڤیەننا بۆ یاسای ڕێککەوتننامەکان (VCLT)، بەرزەڕێسا تەنیا بە بەرزەڕێسـایەکی تر دەگۆڕدرێت و هەموار دەکرێتەوە. ڕەفتاری تاکلایەنەی دەوڵەتان، ناکرێت بەرزەڕێسایەک بگۆڕێت یان بە ڕوویدا بوەستێتەوە. دەبێت بابەتەکە دەربارەی کرداری دەستەجەمیی دەوڵەتان بێت. بەهەرحاڵ، وا دیارە قەدەغەی بەکارهێنانی هێز، سرووشتێکی نەریتیی هەیە، نەک بەرزەڕێسایی.[١٤٠] دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە ڕەوشـی *نیکاراگوا* دا 'شـێوەی ترسـناک'ـی بەکارهێنانی هێز (ئەوەی دەگاتە پەلاماری چەکداری) لە 'شـێوەی کەمتر ترسـناک' جوێ دەکاتەوە و ئەوەشـی ڕاگەیاندووە، کە قەدەغەی بەکارهێنانی هێز بووەتە بەشێک لە یاسای نەریتیی.[١٤١]

وەک ئەوەی لە خوارەوە ڕوونتر دەبێتەوە، پرسـیاری شـێوەی ترسـناکی بەکارهێنانی هێز، واتە پەلاماردان، بریتییە لە بەزاندنی یەکێتیی خاک و سـەربەخۆیی سـیاسـیی دەوڵەتانی تر. بەو شـێوەیەش، بوارێک بۆ ئەو

---

[140] Ronzitti (n 136) 93–94.

[141] *Nicaragua*, ICJ Reports 1986, para, 191–192.

ئارگیومێنته دەمێنێتەوە کە دەستێوەردانی مرۆیی، بەو پێیەی یەکێتیی خاک و سەربەخۆیی دەوڵەت ناکاتە ئامانج، دەبێتە 'شێوەیەکی کەمتر ترسناک'ـی بەکارهێنانی هێز. جیاوازیی سەرەکیی نێوان پەلاماردان و دەستێوەردانی مرۆیی، نیازی دەوڵەت(ان)ـی دەستوەردەرە: لە پەلاماردانـدا، نیازەکە داگیرکردنی هەموو یان بەشێکی خاکی دەوڵەتەکەی ترە، بەڵام لە دەستێوەردانی مرۆییدا ڕزگارکردنی ژیانی خەڵکی چەوساوە و ستەمدیدەیە.

## ٢,٣ حاڵەتە ڕیزپەڕەکانی بەکارهێنانی هێز

قەدەغەی سەر بەکارهێنانی هێز، هەرچۆنێک بێت، موتڵەق نییە، بەڵکوو هەندێک ڕیزپەڕ هەن. لە هەندێک حاڵەتدا، کە دووانن، بەکارهێنانی هێز یاساییە. یەک، بەرگری لەخوکردن[١٤٢]، جا بە تەنیا یان بە دەستەجەمیی بەپێی مادەی ٥١ـی بنەڕەتنامەکە. دوو، گەر ئەنجوومەنی ئاسایش، بەپێی بەندی حەوتەمی بنەڕەتنامەکە، ڕێگەی پێ دابێت. بابەتی بەرگری لەخۆکردن، کەم تا زۆر ڕوونە؛ دەوڵەتێک کە پەلامار دەدرێت یان ئەگەری پەلاماردانی زۆر بێت، بۆی هەیە وەڵامی هەبێت و بەرەنگار ببێتەوە. هەرچەندە پرسیاری ورد و قووڵ دەربارەی بەرگری هەن، بەتایبەت ئەوەی کە چ شتێک، چ کردەوەیەک

[142] Ahmad M. Ajaj, ‘Humanitarian intervention: Second Reading of the Charter of the United Nations’ (1993) 7 Arab Law Quarterly 215.

دەبێتە پەلامار؟ ئایا 'ئەگەر'ی پەلاماردان چۆنە و بە چ شـێوەیەک دەبێتە پاساوی بەرگری و بەرپەرچدانەوە؟ ئەمانە پرسیاری قورسن، بەڵام بەگشتی مافی بەرگریکردن سـەلماوە و بەڵگەنەویستە. هەروەها بەو پێیەشـی کەمتر پەیوەندیی بە مژاری ئێمەوە هەیە، کە دەستێوەردانی مرۆییە، بۆیە لە خوارەوە تەنیا ئاوڕ لە ئەگەری دووەم دەدرێتەوە. چونکە گەر دەوڵەتێک لەسـەر خاکی خۆی ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز یان گەیاندنی هاوکاریی مرۆیی بدات، نابێتە دەسـتێوەردانی مرۆیی. هەروەها، گەر هەمان دەوڵەت، بۆ ڕزگارکردنی هاووڵاتییانی خۆی لە دەرەوە، کە لەوانەیە لە دۆخێکی تایبەتدا بناڵێنن، هێز بەکار بهێنێت، دیسـان نابێتە دەسـتێوەردانی مرۆیی. چونکە دەسـتێوەردانی مرۆیی، لە کرۆکدا پەیوەسـتە بە بەکارهێنانی هێزەوە لە دەوڵەتێکی تردا و بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی ئەو دەوڵەتە و بەبێ ڕەزامەندیی دەوڵەتەکەشە.

### ١,٢,٣ بەکارهێنانی ڕێگەپێدراوی هێز

ڕێزپەڕی دووەمی قەدەغەی بەکارهێنانی هێز، ڕێوشـوێنەکانی ئاسـایشـی دەستەجەمییە بەپێی ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسایش. بەگوێرەی مادەی ٢٤ لە بنەڕەتنامەکە، ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان 'ئەرکی پاراسـتنی ئاشـتی و ئاسـایشـی نێودەوڵەتی'ـیان بە ئەنجوومەنی ئاسـایش داوە. ئەنجوومەنی ئاسـایش لە پازدە ئەندام پێک دێت، پێنجیان هەمیشـەیین (ئەمەریکا،

بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا، چین)، دەی تریشیان دوو ساڵ جارێک دەگۆڕدرێن. بڕیاری نارێوشوێنەکی پێویستیی بە دەنگی ئەرێنیی نۆ ئەندام لە کۆی پازدە ئەندامەکە هەیە، بە دەنگی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەوە (واتە گەر یەکێکیان ڤیتۆی بکات، نابێت).[١٤٣]

ئەنجوومەنی ئاسایش، بەپێی مادەی ٣٩، بڕیار دەدات کە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی، تێکدانی ئاشتی، یان کردەی پەلاماردان هەیە یان نا. لە حاڵێکدا گەر وتی هەیە، بەپێی مادەکانی ٤١ و ٤٢، بۆی هەیە بڕیاری ئەوەش بدات کە چ ڕێوشوێنێک گونجاوە و پێویستە بگیرێتە بەر. مادەی ٤١ دەربارەی ئەو ڕێوشوێنانەیە کە بەکارهێنانی هێزیان تێ ناکەوێت[١٤٤]، بەڵام مادەی ٤٢ دەسەڵات بە ئەنجوومەنی ئاسایش دەدات کە هەر کردەوەیەک لە ئاسمان و دەریا و زەمینەوە بۆ پاراستنی یان بەرقەرارکردنەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی پێویستن، ئەنجام بدات. ئەو کردەوانەش هەریەکە لە نارەزایەتی دەربڕین، گەمارۆدان، یان هەر ئۆپەراسیۆنێکی تر لە ڕێی هێزە ئاسمانی و دەریایی و زەمینییەکانی ئەندامانەوە، لەخۆ دەگرێت.

[١٤٣] مادەکانی ٢٣ و ٢٧ی چارتەرەکە.

[١٤٤] نموونەی ئەوانەش، پچڕاندنی هەموو یان بەشێکی پەیوەندییە ئابوورییەکان، لەگەڵ پەیوەندیی زەمینی، دەریایی، پۆستە و تێلیگراف، ڕادیۆ یان هەر ئامرازێکی تری گەیاندن، یانیش پچڕاندنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی دیپلۆماسی.

هەموو ئەنـدامـانی نەتەوە یەکگـرتـووەکـان "ڕازیین بە قـبـوڵـکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئـاسـایش بەپێی بنەڕەتنامەکە." لە ئەنجامیشـدا، هەموو بڕیـار و ڕێوشـوێنەکانی بەنـدی حەوتەم لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسـایشـەوە، لە ڕووی یاسـاییەوە هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەند دەکات. هاوکات بنەڕەتنامەکە ئەوەشـی لەخۆ گرتووە، کە "لە حـاڵێکـدا گەر ئەرکەکانی دەوڵەتـانی ئەنـدام بەپێی بنەڕەتنـامەکە دژ بوون لەگەڵ ئەرکەکانی بەپێی هەر پەیماننامەیەکی تری نێودەوڵەتیی، ئەوکات لەپێشینەیی بۆ ئەرکەکانی لە سایەی بنەڕەتنامەکەدا دەبێت."[١٤٥]

بەکارهێنانی هێز بەگوێرەی ئەو سـیسـتەمی ئاسـایشی دەسـتەجەمییە، بـاشـتر و خوازراوترە، چونکە مـافێکی تـاکلایەنە نییە. هـانـابردن بۆ ئەو ڕێوشـوێنـانە، بەتەنیـا مـافی نەتەوە یەکگرتووەکـانە کە بە پێکەوەیی کـار دەکات.[١٤٦] بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی مافی ڤیتۆی ئەندامانی هەمیشـەیی، هەر ڕێگەپێدانێکی هێز کاتێک مسـۆگەر دەبێت، کە یەکدەنگی و کۆڕایی لە نێوان ئەو ئەندامانەدا هەبێت. ئەنجوومەنی ئاسـایش تەنیا لە حاڵەتی *هەڕەشـە* بۆ سـەر ئاشـتی و ئاسـایشـی نێودەوڵەتیدا، دەتوانێت ڕێگە بە گرتنەبەری ڕێوشـوێن، بە بەکـارهێنـانی هێزیشـەوە، بـدات و دەشـتوانێـت هێز بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر جۆرە پەلامارێک، یا نەشگاتە ئاستی هێرشی چەکداری،

---

[١٤٥] مادەکانی ٢٥ و ١٠٣ی بنەڕەتنامەکە.

[146] Thomas M. Franck, *Recourse to Force: State Action against Threats and Armed Attacks* (Cambridge University Press 2002) 2.

کۆ بکاتەوە. هەروەها دەتوانێت وەڵامی تەنیا *هەڕەشـــە*ش بۆ ســـەر ئاشـــتی، بـداتەوە.[147] ئەو هەڕەشـــانە ئەوانەش دەگرنەوە، کە هێشـــتا هەنووکەیی نین.[148] ئەنجوومەنی ئاســـایش دەســـەڵاتێکی کۆتنەکراوی هەیە لە بڕیاردانی ئەوەی چ ڕووداو و پێشهاتێک دەبنە هەڕەشە، بە جۆرێک کە دەکرێت بوترێت ئەو دەســـەڵاتەی بەپێی بنەڕەتنـامەکە بەو ئەنجوومەنە دراوە، نزیکە لە بێسنوورەوە.[149]

بەو جۆرە، دەســـەڵاتەکانی ئەنجوومەنی ئاســـایش، زۆرن و نکۆڵییان لێ نـاکرێت. بەڵام هەندێک حـاڵەت هەن کە دەکرێت وەک حـاڵەتی 'نـاوچەی خۆڵەمێشـی' پۆلێن بکرێن. ئەوەش چونکە بنەڕەتنـامەکە نە بە ڕوونی قەدەغەی کردوون و نە ڕێگەشـــی پێ داون، بەڵکوو لە ئەنجامی کۆمەڵێک لێکدانەوەی پاشتری بنەڕەتنامەکەوە، درووست بوون. یەکێک لەو حاڵەتانە دەســـتێوەردانی مرۆییە.[150] ئەوەش وا دەکات بوترێت، لە ســـەردەمی پاش

---

[147] Yoram Dinstein, *War, Aggression and Self-Defense* (4th edn, Cambridge University Press 2005) 250.

[148] Christopher Greenwood, 1nternational law and the Pre-emptive Use of Force: Afghanistan, Al-Qaida, and Iraq’ (2003) 4 San Diego International Law Journal 7.

[149] Dinstein (n 147).

[150] پەڕاوەکانی تریش بریتین لە بەکارهێنانی هێز دژی تیرۆریزم، دژی هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ، بەرگریکردن لە سەر بنچینەی پێشبینی، تۆڵەکردنەوە بە بەکارهێنانی هێز، دەستوەردان بۆ ئاسانکردنی بەرگری لەخۆکردن، دەستوەردان بۆ

بنەڕەتنامەی یاســای نێودەوڵەتیدا، ڕێژەیەک ڕەزامەندیی یاســایی و پراکتیکی دەوڵەتان لە بەرژەوەندیی دەستێوەردانی مرۆییدا، هەیە.

## ٣,٣ بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستێوەردانی مرۆیی

وەک باس کرا، مادەی ٢ (بڕگەی ٤)ـــی بنەڕەتنامەکە، قەدەغەیەکی گشــتی دەخاتە ســەر بەکارهێنانی هێز. ئەو قەدەغەیەش لە نیگای یەکەمدا، دەڵێی مەبەستی پشتەوەی کردارەکە پشتگوێ دەخات. هەر لەبەر ئەمەشە کە لەو مادەیەدا، هەم *بەکارهێنان* و هەم *هەڕەشــەی* بەکارهێنانی هێزیش، قەدەغە کراون.[١٥١] بە لەبەرچاوگرتنی ســیاقی مێژوویی نووســینەوەی بنەڕەتنامەکە، دەردەکەوێت کە ئەو قەدەغەیەی ســەر بەکارهێنانی هێز، بە ڕێکەوت نەبووە. ویستی سیاسی لەو سەردەمەدا (١٩٤٥) ئارەزووی دەکرد جەنگ و پەلاماردان هێندەی دەکرێت، قەدەغە و ســنووردار بکات. بۆیە ئەو ڕێوشوێنانەی ئەنجوومەنی ئاسایش، بۆ سەپاندنی ئەو قەدەغەیە و سزادانی

---

پاراستنی هاووڵاتییان لە دەرەوە، دەستوەردانی دەستەجەمیی بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش. بۆ تاووتوێی ئەو پەڕاوانە، بڕوانە:
Allen S. Weiner, ‘The Use of Force and Contemporary Security Threats: Old Medicine for New Ills?’ (2006) 59 Stanford Law Review 415, 429-441; and Ronzitti (n 136) 99-104.

151 Nikolas Sturchler, *The Threat of Force in International Law* (Cambridge University Press 2006).

سەرپێچێکاران، پێویست بوون[152]. هێندەی پەیوەندیی بە دەستێوەردانی مرۆییوە هەیە، ئیان برۆنلی پێی وایە، دەستێوەردانی مرۆیی بە مەبەستی پاراستنی خەڵک و گەلی دەوڵەتانی تر، دەکرا پێش بنەڕەتنامەکە پاساوی یاسایی هەبووایە، بەڵام لە نیزامی یاسایی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ١٩٤٥دا، جێی نابێتەوە. ئەو پێی وایە، زمانی مادەی ٢ (بڕگەی ٤) ڕوونە و تەنانەت ئامادەکارییەکانی بنەڕەتنامەکەش، پاڵپشتیی قەدەغەکە دەکەن، نەک ئەوەی سنووردار و مەرجداری بکەن.[153] ئۆسکار ساشتەر دەڵێت، بۆ ئەوەی پێمان وا بێت کە دەستێوەردانی مرۆیی ناگاتە بەزاندنی یەکێتیی خاک و سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتەکە، پێویستە 'تێگەیشتنێکی ئۆروێلییانە'مان بۆ ئەو چەمکانە هەبێت.[154] تا ئێرە قسەکە ڕەوا دیارە، چونکە دەستێوەردانی مرۆیی لە بنەڕەتدا دژی خواستی ڕژێمە سیاسییەکەیە، کە ئەوەش واتە خستنەمەترسیی یەکێتی و سەربەخۆییەکەی. نابێت مەبەستەکە ئایدیالیزەکردنی دەستێوەردانی مرۆیی بێت، وەک ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ شتێکی ئەوتۆ نەبێتەوە لە دەوڵەتەکەدا، بەڵکوو دەبێت تیشک بخرێتە سەر لایەنە کردارییەکەی، وەک ئەوەی پرۆژەیەکی ئاسایشی دەستەجەمیی بێت.

---

[152] Ian Hurd, *After Anarchy: Legitimacy and Power in the UN Security Council* (Princeton University Press 2007).

[153] Ian Brownlie, *International Law and the Use of Force by States* (Oxford University Press 1963) 267.

[154] Oscar Schachter, 'The Legality of Pro-Democratic Invasion' (1984) 78 AJIL 645, 649.

ئاشکرایە ئارگیومێنتی نایاساییبوون یان هەر شتێکی وەک ئەوە، بەندە بە لێکدانەوەی ئەو پەیماننامە و مادە و بڕگانەوە. پەڕاوی سەرەکیی نایاسایی دەستێوەردانی مرۆیی کاتێکە، کە بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش بێت. کلاسیکخوازەکان ڕستێک ئارگیومێنت دژی دەستێوەردانی مرۆیی، دەهێننەوە. ئەوان گریمانی ئەوە دەکەن کە لایەنەکانی هەر پەیماننامەیەک "نیازێکی بنەڕەتییان هەیە، کە دەکرێت بە شێوەی سەرەکی لە ڕێی شیتەڵکاریی دەقەوە، پەیی پێ ببرێت. دەبێت تا کاتێک کە هیچ ڕووداوێکی پێشبینینەکراو نەهاتووەتە پێش، ڕێزی ئەو نیازە بگیرێت، تا ئەوەی کە پەیماننامەکە بەسەر دەچێت، یان تا کاتێک کە بە ویستی هەردوو لایەن، دەگۆڕدرێت."[155] بەپێی ئەم بۆچوونە، نایاساییبوونی دەستێوەردانی مرۆیی ڕێگەپێنەدراو، ڕوونە.

قەدەغەی بەکارهێنانی هێز، سەرەڕای بارە یاساییەکەی، لە باری پراکتیکدا داخوراوە و خەریکە بڵێین دەسەڵاتی نەماوە. هۆکارەکەش بەردەوامیی پێشێلکردنی مادەی ٢ (بڕگەی ٤)ـیان بەکارهێنانی هێزە لە نێوان دەوڵەتاندا. گەر ئێژین ئەو مادەیە مردووە، دەکرێت بپرسین: ئەی کێ کوشتی؟[156] ئەو گۆڕانکارییە دراماتیکییە لە سەردەمی پاش بنەڕەتنامەکەدا، دوو هۆکار یان دوو ئامانجی لە پشتە: بەرژەوەندیی نەتەوەیی و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ لە ڕێی دەستێوەردانی مرۆییەوە. بەو شێوەیەش، قەدەغەکە

---

155 Holzgrefe & Keohane (n 68) 38.

156 Thomas M. Franck, 'Who Killed Article 2(4)? Or: Changing Norms Governing the Use of Force by States' (1970) 64 AJIL 809.

زۆر خراپ داخوراوە.[157] بەکارهێنانی تاکلایەنەی هێز، هەڵکشاوە[158]؛ پێ دەچێت دەوڵەتان چیتر نەیانەوێت بەو ڕێسایانەوە پابەند بن. جا گەر نیزامی بەکارهێنانی هێزی مادەی ٢ (بڕگەی ٤) کەوتبێت، دەوڵەتان چیتر وەک پابەندکار (obligatory) سەیری ئەو ڕێسایانە ناکەن.[159]

بەو پێیەی دەکرێت مادەی ٢ (بڕگەی ٤) وا لێک بدرێتەوە، بەکارهێنانی هێزێکی قەدەغە کردووە کە دژی یەکێتیی خاک و سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتێک بێت[160]، دەستێوەردانی مرۆییش، مادام دژی یەکێتی و سەربەخۆیی دەوڵەتی بەئامانجکراو نییە، جۆرێک لە سەرلێشێواوییە گەر بوترێت ئەمیش بەپێی هەمان مادە و بڕگە، قەدەغەیە.[161] دواجار باشتر وایە ددان بەوەدا بنێین، کە گەر ئەنجوومەنی ئاسایش بە باشی ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێت،

---

157 Ibid, 810.

١٥٨ بە هەردوو مانای وشەکە: لەلایەن دەوڵەتێکەوە، یان کۆمەڵێک دەوڵەت، بەڵام بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش.

159 Michael Glennon, ‘The Fog of Law: Self-Defense, Inherence, and Incoherence in Article 51 of the United Nations Charter’ (2002) 25 Harvard Journal of Law and Public Policy 839.

160 Julius Stone, *Aggression and World Order: A Critique of United Nations’ Theories of Aggression* (Stevens 1958) 95.

161 Fernando Teson, *Humanitarian Intervention: an Inquiry into Law and Morality* (2nd edn, Transnational Publishers, Irvington-on-Hudson, 1997) 151.

دەوڵەتـان نـاتوانن یـان خۆیـان ئەرکـدار نـاکەن کە تـاکلایەنە هـانـا بۆ هێز ببەن.[١٦٢]

مـادەی ٣٩ی بنەڕەتنـامەکەش دەســـەڵات بە ئەنجوومەنی ئـاســـایش دەدات، کە لە وەڵامی هەڕەشـە بۆ سـەر ئاشـتی، تێکدانی ئاشـتی یان کردەی پەلامـاردانـدا، هێز بەکـار بهێنێـت. خۆ دەکرێـت قەیرانێکی مرۆیی، یـان پێشــێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ببنە هەڕەشــە بۆ ســەر ئاشــتی، یان تێکدانی ئاشــتی. ئیتر ئەوە دەســەڵاتی ئەنجوومەنی ئاســایشــە بڕیار بدات، ئایا ئەو پێشــێلکارییانە دەبنە هەڕەشــەیەکی لەو شــێوەیە یان نا. هەروەها بۆ ئەوەی بڕیـار بـدات هێز بەکار بهێنرێـت یـان نـا، تەنـانەت گەر هەڕەشــەکەشــیـان لێکەوتەی نێودەوڵەتیی نەبێت.[١٦٣] ئاوەهاش، ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێت دەستێوەردانی مرۆیی یان پێشێلکردنی گەورەی مافەکانی مرۆڤ، بخاتە لیستی هۆکارەکانی هەڕەشـەکردن لە ئاشـتی و ئاسـایشـی نێودەوڵەتییەوە. گەر بڕیاری دا وەهـا کـارێـک بکـات، ئەگەری ئەوەی کردەوەکەی ببێتە بیـانوویەک بۆ سـەرکۆنەکردنی سـیاسـی یان ڕەخنەی توێژەران، فرە کەمە. گەر باسـی مێژوو بکەیـن، زۆرتـریـن ڕەخـنەیەک لە ئەنـجـوومەنی ئـاســـایش گیرابێـت، لەو

[162] Michael Reisman, ‘Criteria for the Lawful Use of Force in International Law’ (1985) 10 Yale Journal of International Law 279.
[163] Adam Roberts, ‘The So-Called 'Right' of Humanitarian Intervention’ (2000) 3 Yearbook of International Humanitarian Law 3, 8-9; Holzgrefe & Keohane (n 68) 40-41.

کەیســـانەدا بووە کە ناکارا و دەســـتەوەســـتاو ماوەتەوە، وەک جینۆســـایدی ڕواندا لە ١٩٩٤ (کە نموونەیەکە لە چەندانی تر).

ئەنجوومەنی ئاســـایش لە چەند بڕیارێکیدا بۆ بەدەمەوەچوونی دۆخی پێشـــێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، پشـــتی بە دەســـەڵاتەکانی خۆی بەســـتووە لە سایەی بەندی حەوتەمی بنەڕەتنامەکەدا. هەریەک لە بڕیارەکانی ٦٨٨، ٧٩٤، ٩٢٥، ٩٢٩ و ٩٤٠ کە تایبەتن بە کەیسەکانی ئێراق، سۆماڵ، ڕواندا و هایتی، بەڵگەن بۆ ئەوە.[١٦٤] لەو بڕیارانەدا ئەنجوومەنی ئاسایش، جەختی کردەوە کە جەنگی ناوخۆیی سۆماڵ "هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی." هـاوکات ئەوەشـــی ڕاگەیـانـد، کە "کۆڕەوی گەورەی ئـاوارەکـان"، "کردەوەی جینۆسـاید"، "توندوتیژیی بەردەوام"، "بەردەوامبوونی کوشـتنی سیسـتەماتیک و بەرفراوانی خەڵکانی مەدەنی" و "ئـاوارەبوونی ملیۆن و نیوێک خەڵـک" لە ڕواندا، هەڕەشـەن بۆ سـەر ئاشتی. لە هایتی، ئەنجوومەنی ئاسایش ڕایگەیاند، کە "هەڵکشانی بەردەوامی پێشێلکردنی سیستەماتیکی ئازادییە مەدەنییەکان" وەک "هەڕەشە بۆ سـەر ئاشتی" دێتە ئەژمار. ئەم کەیسانە نیشـانمان دەدەن، کە ئەنجوومەنی ئاســـایش لە دیاریکردنی ئاســـتی هەڕەشـــە و مەترســـییان بۆ ســـەر ئـاشـــتی و ئـاســـایشـــی نێودەوڵەتیـدا، تەنیـا پشـــتی بە لێکەوتە نێودەوڵەتییەکانیان نەبەستووە. لای کەم پراکتیکی ئەم دواییەی ئەنجوومەنی

---

[١٦٤] بڕیاری ٦٨٨ لە ٥ی نیسانی ١٩٩١؛ بڕیاری ٧٩٤ لە ٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢؛ بڕیاری ٩٢٥ لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٩٤؛ بڕیاری ٩٢٩ لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٩٤؛ لەگەڵ بڕیاری ٩٤٠ لە ٣١ی تەمووزی ١٩٩٤.

ئاسـایش، پشـتیوانیی ئەو ئارگیومێنتەی ڕیالیزمی یاسـایی سـیاقبەند دەکات، کە دەسـتێوەردانی مرۆیی گەر ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسـایشـی هەبێت، دەبێتە ڕیزپەڕێکی یاسـایی بۆ قەدەغە گشـتییەکەی بنەڕەتنامەکە لە سـەر بەکارهێنانی هێز.

کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی دەستوەردان و سەروەریی دەوڵەت (ICISS) بەو ئەنجامە گەیشـت، کە چەمکەکانی ئاشـتی و ئاسـایشـی نێودەوڵەتیی، زۆر بەرفراوانن و پێ دەچێت بێسـنوور لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.[١٦٥] ئاشـکرایە، ئەنجوومەنی ئاسایش، دەسەڵاتێکی یاسایی و سیاقبەندی بەرفراوانی هەس لە دیاریکردنی سـرووشـتی کەیسـەکان و ڕێگەدان بە بەکارهێنانی هێز بۆ مەبەستی مرۆیی. بەڵام هێشتا پرسیار دەربارەی ویستی سیاسیی ئەنجوومەنی ئاسایش، پرسیارێکی ڕەوایە و هەر ئەمەش وەک گەورەترین بەربەستی بەردەم وەها ڕێگەدانێک، دەمێنێتەوە.

### ٤,٣ دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی

دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی بریتییە لە دەستوەردانی دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسـایش، با بۆ مەبەسـتی

---

[165] ICISS( n 97) 159.

مرۆڤدۆستییش بێت. ئەم جۆرە لە دەستوەران بە لای زۆرینەی دەوڵەتان و توێژەرانیشەوە، بە نایاسایی دادەنرێت، چونکە نە لە بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە لە پراکتیکی دەوڵەتانیشدا، پاڵپشتیی نییە. بۆیە وتراوە کە دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی، هیچ بنەمایەکی لە یاسای نێودەوڵەتیدا نییە.[١٦٦] ئەم جۆرەی دەستوەردان، پاساوەکانی هەرچییەک بن، هەر بە مەترسیدار و خۆپەرستانە دەمێنێتەوە. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەردەمی جەنگی ساردد، بەتایبەت شەستەکان و حەفتاکان، زنجیرەیەک بڕیاری دەرکردووە کە تێیاندا بیرۆکەی دەستوەردان و بەکارهێنانی هێزی بۆ هەر مەبەستێک، ڕەت کردووەتەوە. بەرهەڵستیی هەموو جۆرە دەستوەردانێکی کردووە، جا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، بە هەر هۆکارێک بێت، دەوڵەتێک بیکات یان کۆمەڵە دەوڵەتێک. وەها کارێکیشی وەک تاوانی پەلاماردان لەقەڵەم داوە، کە ئەوەش واتە بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی، نایاساییە.[١٦٧] بەڵام گرنگە ئەوەشمان لەبیر بێت، کە سەرەڕای ئەو جۆرە لە

---

[166] Christine Gray, *International Law and the Use of Force* (2nd edn, Oxford University Press 2004) 49.

[١٦٧] بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ٢١٣١ لە ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٥ 'جاڕنامەی ڕەتکردنەوەی دەستوەردانە نێو کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان و پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەرییان'؛ بڕیاری ٢٦٢٥ لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ 'جاڕنامەی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە پەیوەندیی دۆستانە و هاریکاریی نێوان دەوڵەتان بەپێی بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان'؛ بڕیاری ٣٣١٤ لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٤ 'پێناسەی پەلاماردان'؛ بڕیاری ١٠٣/٣٦ لە ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٨١ 'جاڕنامەی ڕەتکردنەوەی دەستوەردان و خۆهەڵقورتاندنە نێو کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان'؛ لەگەڵ

بڕیاری ئاشـــتیخوازانه، کۆمەڵەی گشـــتی بوارێکی بۆ بەکارهێنانی هێز بەپێی بەنـدی حەوتەمی بنەڕەتنـامەکە، هەر هێشـــتەوە. ئەوەش واتە کۆمەڵەی گشتی، پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی خستە سەرووی سەروەری و کاتیگۆرییەکانییەوە، لەوانەش یەکێتیی خاک و سەربەخۆیی سیاسی. ئەوەش جارێکی تر بوارێکی فراوان بە ئەنجوومەنی ئاســـایش دەدات لە دیاریکردن و بڕیاردانی ئەوەی ئەو دۆخەی هاتووەتە پێشـەوە، دەگاتە ئاسـتی هەڕەشـە یان نا.

وەزیرانی دەرەوەی بزووتنەوەی بێلایەنی، لە ٢٠٠٠، پاش دەســـتوەردانی ناتۆ لە کۆســـۆڤۆ، لە کارتاگینا (کۆلۆمبیا) کۆ بوونەوە و ڕایانگەیاند "پێکۆڵانە ســـەرکۆنەی هەر دەســـتوەردانێکی تاکلایەنە دەکەن، بەوانەشـــەوە کە بەبێ ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایشن" و هەروەها ئەوەی پێی دەوترێت 'ماف'ـــی دەســـتوەردان، کە "هیچ بنچینەیەکی یـاســـایی لە بنەڕەتنـامەی نەتەوە یەکگرتووەکان یان بنەما گشـــتییەکانی یاســـای نێودەوڵەتیدا نییە"، ڕەت کردەوە.[١٦٨] ئادەم ڕۆبەرتز باسی هەندێک هۆکاری کردووە، کە بۆچی دەوڵەتان دەســـتوەردانی تـاکلایەنەی مرۆیی ڕەت دەکەنەوە. یەک، نیـازی دەوڵەتی

بڕیاری ٢٢/٤٢ لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ 'جاڕنامەی پتەوکردنی کارایی پرەنسیپەکانی خۆگرتن لە هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا'.

168 Movement of Non-Aligned Countries, XIII Ministerial Conference, Cartagena, Colombia, Final Document (April 8-9, 2000) <http://www.nam.gov.za/xiiiminconf/index.html> accessed 25 March 2016.

دەســتوەردەر، کە چۆن بزانین مەبەســتەکە ســەرپاک مرۆییە. دوو، ترســی دەوڵەتانی لاواز، کە ئەگەری دەســتتێوەردانیان لەلایەن دەوڵەتانی بەهێزەوە، زیاترە. سێ، خواســتی ڕژێمە ســەرکوتکەرەکان بۆ ئەوەی لەســەر دەســەڵات بمێننەوە.[169]

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، جارێکی تر و ڕاستەوخۆتر، لە ٢٠٠٥ و لە ڕاپۆرتی لووتکەی جیهانیی ئەو ساڵەدا و لە ژێر ناوی "بەرپرسیارێتیی پاراســتنی خەڵک لە جینۆســاید، تاوانی جەنگ، پاکتاوی ئیتنیکی و تاوانی دژەمرۆڤایەتی"ــــدا، باســی دەســتێوەردانی مرۆیی کرد و ڕایگەیاند، تەنیا نەتوانین یان نەخواســتنی دەســەڵات و ئۆرگانە ناوخۆییەکان لە پاراســتنی خەڵکانی خۆیـان لە پێشــێلکاریی گەورە، بەس نییە. بەڵکوو دەبێت کردەی دەســتەجەمیی لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاســایش و لە ســایەی بەندی حەوتەمی بنەڕەتنامەکەدا بێت.[170]

ئەو چەند بڕگە کەمەی هێنرانەوە، نیشــانی دەدەن کە کۆمەڵەی گشــتی جەختی لەو بۆچوونە کردووەتەوە، کە تاکە ڕێگەی یاسایی بەکارهێنانی هێز بە بەدەســتهێنانی ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاســایش دەبێت. زۆرینەی توێژەرە مەزنەکانی یاســای نێودەوڵەتیی و حکومەتەکانیش، هەموو هەوڵێکیان بۆ

---

169 Roberts (n 161) 32.

170 World Summit Outcome Document, G.A. Res. 60/1, U.N. Doc. A/RES/60/1 (Oct. 24, 2005) para, 139.

بەیاسـاییکردنی دەسـتوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی، ڕەت کردووەتەوە. ترسـی ئەوان لە قۆسـتنەوەی مرۆڤدۆسـتییە لەلایەن دەوڵەتانی شـەڕەنگێزەوە، کە لەلایەکەوە وەک بیانوویەک بۆ بەرپاکردنی جەنگ، لەلایەکی تریشـەوە بۆ پاساودانی جەنگەکانیان لە ژێر ئەو سەرناوەدا، بەکاری بهێنن.[١٧١]

پەیماننامەی جینۆسایدی ١٩٤٨ لە مادەکانی ٤ و ٥ و ـ٦دا، بایەخی بە "بەرپرسـیارێتیی فەرمانڕەوایانی دەسـتووری، فەرمانبەرانی فەرمی و تاکەکەسـیش" داوە لە تاوانی جینۆسـایددا، کە بەو هۆیەوە دادگایی دەکرێن و سـزاش دەدرێن. بەپێی مادەی ٨ـیش، هەر دەوڵەتێکی ئەندام بۆی هەیە پەیوەندیی بە ئۆرگانی پەیوەندیداری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکات، بۆ ئەوەی بەگوێرەی بنەڕەتنامەکە و بەو شێوەیەی پێی گونجاوە، کاری پێویست بۆ ڕێلێگرتن و سـەرکوتکردنی کردەی جینۆسـاید، بکات. هەرچەندە لەو بڕگەیەدا هیچ ئۆرگانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دیاریکراوی ناوی نەهێنراوە، بەڵام هیچکامیان لە ئەنجوومەنی ئاسـایش بەهێزتر نین، بەتایبەت گەر تاوانەکە، کە جینۆسایدە، ڕەچاو بکەن.

هەندێک پەیماننامەی تری ناوچەیی هەن، وەک پەیماننامەی دامەزراندنی یەکێتیی ئەفریقا، کە تێیدا مافی دەسـتوەردان لەبەر مافەکانی

---

171 Ryan Goodman, ‘Humanitarian Intervention and Pretexts for War’ (2006) 100 AJIL 107-141; Oscar Schachter, *International Law in Theory and Practice* (Martinus Nijhoff Publication 1991) 126.

مرۆڤ و لە حاڵەتی کوشــتنی بەکۆمەڵدا، هاتووە. لە یاســای دامەزراندنی ئەو یەکێتییە و لە باسی بنەماکانی یەکێتییەکە (مادەی ٤، برگەی ٨)ـــدا مافی بە یەکێتییەکە داوە، کە بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی یەکێتییەکە و لە حاڵەتی دۆخی مەترســیداری وەک جینۆســـاید، تـاوانی جەنگ و تـاوانی دژەمرۆڤـایەتیدا، دەســـت لە دەوڵەتی ئەندام وەربدات.[172] بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ســروشـــتی نیزامی جیهانیی ئێســتا، گەر بەکارهێنان و رێگەدان بە بەکارهێنانی هێز لەودیو ئەنجوومەنی ئاســایشـــەوە، ڕەواج و ڕەوایەتیی پێ بدرێت، دوور نییە ســـەر بۆ ئاژاوە و توندوتیژیی زیاتر بکێشێت.

### ٥,٣ ئەنجامگیری

مافەکانی مرۆڤ، وەک ئەوەی تۆماس پۆگ دەڵێت، ڕوویان لە تاکەکەس نییە. واتە پەیوەنـدیی ئـاســـایی و ڕۆژانەیی نێوان هـاووڵاتییـانی ئـاســـایی، هەرچۆنێک بێت، وەک پەڕاوی مـافەکانی مرۆڤ ســـەیر نـاکرێت. بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ بێتە پرسەکەوە، دەبێت کردەوەکان بە جۆرێک و بە ڕادەیەک فەرمی و بیرۆکراتیک بن، کردەوە و هەڵوێســـت و بڕیاری دەوڵەت و کەســـە

[172] Constitutive Act of The African Union, Article 4(h).

فەرمییەکانی بن.[١٧٣] پۆگ تێگەیشتنێکی دەزگایی بۆ مافەکانی مرۆڤ، دەخاتە ڕوو و گریمانەی خۆی لەسەر مادەی ٢٨ی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، هەڵدەچنێت. بەو پێیەش[١٧٤]:

دیاریکردنی شتێک وەک مافی مرۆڤ، گەیەنەری ئەوەیە کە هەموو کۆمەڵگە (و هەموو سیستەمە کۆمەڵایەتییە هاوشێوەکان) بە جۆرێک ڕێک بخرێن، کە سەرجەم ئەندامانیان بەئاسانی دەستیان بەو مافە بگات. ئاخر مافەکانی مرۆڤ، بانگەشەی ئەخلاقیین بەسەر دەزگا کۆمەڵایەتییەکانەوە.

تێگەیشتن لە مافەکانی مرۆڤ بەم شێوەیە وا دەکەوێتەوە، کە هەموو تاکەکەسێک بۆی هەبێت داوای ماف و لەوێشەوە داوای ئەو دەزگایانە بکات، کە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانە پێویستن. لە ئەنجامیشدا، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش، سەرەکیترین دەزگای نێودەوڵەتیین کە دەبێت ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنن. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی خۆیەوە و ئەنجوومەنی ئاسایشیش بەوەی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ جددیتر وەربگرێت و لەبەر نەبوونی ویستی

---

173 Thomas Pogge, ‘The International Significance of Human Rights’ (2000) 4 The Journal of Ethics: Rights, Equality, and Liberty Universidad, Torcuato Di Tella Law and Philosophy Lectures 1995-1997, 45, 47.
174 Ibid, 52.

سـیاسـی، ژیانی مرۆڤەکان نەخاتە مەترسـییەوە. سـەرباری ئەوەشـی کە سـەروەریی دەوڵەت، بەربەسـتێکی گەورەیە لە یاسـا و گوتاری مافەکانی مـرۆڤـدا، کە ئەوەش وای لە تـوێـژەران کـردووە ئەو مـافـانە و بـابەتـی بەدەمەوەچوونیـان وەک پرسـێکی 'نـاوخۆیی، نەک نێودەوڵەتیی' تەمـاشـا بکەن[175]، هێشتا ناکرێت بەو ئاسانییە دەستبردن بۆ ژیانی خەڵک لە حاڵەتی جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتیدا بە بیانووی ئەوەی کاروباری ناوخۆیین، لە یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتیی بکرێنە دەرەوە.

وەک ئەوەی هەوڵی نیشاندانی درا، دانەوەی وەڵامێکی ڕێکوپێک لە بارەی یاسـاییبوونی پەیماننامەیی دەسـتێوەردانی مرۆییەوە، لە نیگای یەکەمدا مشتومڕاوییە. بەڵام زۆرێک لە توێژەران و دەوڵەتان پێیان وایە و ڕازین بەوەی کە پێشـێلکردنی گەورەی مافەکانی مرۆڤ، بخزێنرێتە نێو بەندی حەوتەمی بنەڕەتنـامەکەوە، کە تێیدا ئەنجوومەنی ئـاسـایش بۆی هەیە دۆخەکە هەڵبسـەنگێنێت و بڕیاری بەکارهێنانی هێزیش بدات. دەستێوەردانی مرۆیی لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاسـایشـەوە، بەو پێیەی نوێنەرایەتیی هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەکات، زۆر خوازراوترە لەوەی لە ڕێی ڕێکخراوە ناوچەییەکانەوە بێت، کە نوێنەرایەتیی بەشێکی کەمتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەکەن.

175 Donnelly (n 125) 259.

## بەشی چوارەم: یاسای نەریتیی نێودەوڵەتیی و پرسی ڕەوایەتی

### ١،٤ یاسای نەریتی: پاشخانێکی تیۆریایی

نووسینی ئەم بەشە هاوکاتە لەگەڵ ساڵیادی داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، کە تێیدا دەوڵەتانی داگیرکەر و دەستوەردەر، شانەوشانی هەندێک هۆکار و پاساو، لەوانەش چەکی کۆکوژ و هاریکاریی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەک ئەلقاعیدە، پشتیان بە هەندێک پاساو و ئامانجی مرۆییش بەست کە لە سەروەختی خستنی ڕژێمە سیاسییەکە و سەدام حسێندا، بەدەستی بهێنن. خاڵی زەق لەو دەستوەردانەدا، نەبوونی ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو. بۆیە دەشێت ببێتە بەشدارییەک لە چەسپاندنی زیاتری مافێکی نەریتیی دەستێوەردانی مرۆیی ڕێگەنەدراو، یانیش دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی.[١٧٦]

نەریت، شانبەشانی پەیماننامە، سەرچاوەیەکی سەرەکیی یاسای نێودەوڵەتییە، کە پێکڤە چەردەیەک ڕێسایان بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان

---

[176] Eric A. Heinze, 'Humanitarian Intervention and the War in Iraq: Norms, Discourse, and State Practice' [2006] Parameters 20, 30.

دەوڵەتان پێک هێناوە. بەگشتی، دەوڵەتان کە پابەندی ئەو ڕێسایانە دەبن، لەبەر ئەو باوەڕەیانە کە ئەو ڕێسایانە لە ڕووی یاساییەوە پابەندکارن. ئەو پابەندکارییەی نەریتیش، لە بنەڕەتنامەی دادگای دادی نێودەوڵەتیدا، چەسپێنراوە[١٧٧]. دادگای ناوبراو بڕیاری داوە "نەریتی نێودەوڵەتیی، کە بەڵگەیە لەسەر کردەوەیەکی گشتیی وەک یاسا قبوڵکراو" وەک یەکێک لەو سەرچاوانەی یاسادانان کە لە کاتی یەکلاکردنەوەی کەیس و ناکۆکی و سکاڵاکاندا، هانایان بۆ دەبرێت، ڕیزبەند بکات. نەریتی نێودەوڵەتیی لە دوو توخم پێک دێت: کردەوەی دەوڵەت و نیازی دەوڵەت.

کردەوەی دەوڵەت بریتییە لە توخمە بابەتی و مادی و چەندێتییەکە، بەڵام نیازی دەوڵەت بریتییە لە توخمە کەسەکیی و دەروونی و چۆنێتییەکە. ئامادەیی هەردوو توخمەکە پێکەوە، دەشێت هەر کردەوەیەک بکاتە ڕێسایەکی نەریتیی نێودەوڵەتیی و ئینجا بەسەر دەوڵەتانیشدا جێبەجێ ببێت.[١٧٨]

ڕەهەندی کات (زەمەنی) لە پێکهاتنی ڕێسای نەریتیدا، زۆر تەوەرەییە؛ بۆ ئەوەی ڕێسایەک بێتە بوون، دەبێت ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراوی بەسەردا تێپەڕێت. بۆ نموونە، لە. زانستی دادوەریی فەرەنسیدا وا دەخوازێت، کە چل

---

[١٧٧] مادەی ٣٨(١) لە بنەڕەتنامەی دادگای دادی نێودەوڵەتی.

[178] Vincy Fon & Francesco Parisi, ‘Stability and Change in International Customary Law’ (2003) George Mason Law & Economics <http://www.law.gmu.edu/pubs/papers/03-21> accessed 8 April 2016.

ساڵ تێپەڕێت، لەکاتێکدا لە زانستی دادوەریی ئەڵمانیدا سی ساڵ پێویستە بۆ ئەوەی نەریتێکی نێودەوڵەتیی، سەر هەڵبدات.[179] ڕاستە تێپەڕینی کات بۆ دروستبوونی نەریت زۆر گرنگە، بەڵام کەم تا زۆر پەیوەستیشە بە باوەڕی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە، واتە دەوڵەتان، بەوەی کە ئەو کردەوەیە پێویستە و جۆرێک لە کۆدەنگیی ئەکتەرەکانیشی دەوێت.[180] هێندەی پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤ و دەستێوەردانی مرۆییەوە، دەوڵەتان دەتوانن کردەی شۆڕشگێڕانەیان هەبێت گەر بێت و باوەڕیان بە سرووشتی یاسایی پابەندکاری ئەو ڕێسایانە هەبێت.

---

179 Vincy Fon & Franscesco Parisi, 'The Formation of Customary Law' (2000) George Mason Law & Economics <http//www.law.gmu.edu/assets/files/publications/working_papers/02-24.pdf> accessed 9 April 2016.

180 *North Sea Continental Shelf (Federal Republic of Germany v. Denmark; Federal Republic of Germany v. Netherlands)*, Judgement, ICJ Reports 1969, 74:

"هەرچەندە تێپەڕینی تەنیا ماوەیەکی کورت لە خۆیدا پێویست یان بەربەست نییە لە بەردەم پێکهاتنی ڕێسایەکی نوێی یاسای نەریتیی نێودەوڵەتی لەسەر بنچینەی ئەوەی کە لە بنەڕەتدا بۆ خۆی ڕێسایەکی نووسراو بووە، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەوە دەبێت کە لەو ماوەیەی قسەوباسی لە سەرە، هەرچەندە کورتیش بێت، کردەوەی دەوڵەتان، بەو دەوڵەتانەشەوە کە بەرژەوەندییان بەرکەوتووە، دەبێت هەم چڕوپڕ بێت و هەمیش یەکانگیر بێت بە مانای حوکمی یاسایی پەیوەندیدار."

دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە ڕەوشـی *پەنابەری*دا، وەک جۆرێـک لە "بەکارهێنـانێکی بەردەوام و یەکانگیر" نـاوی کردەوەی دەوڵەتی بردووە.[181] کردەوەی دەوڵەت بۆ لێکدانەوەی پەیماننامە و ڕێسـاکان، زۆر گرنگە و وەک ڕێگەیەکی کاریگەری زانینی مانای هەر پەیماننامەیەک، باس کراوە.[182]

لە پەیوەندیی بە پێکهاتنی ڕێسای نەریتییەوە، تا سـەدەی بیسـتەمیش، تەنیـا سـەرۆکی دەوڵەت و سـەرۆکی حکومەت و وەزیری کاروبـاری دەرەوە پەیوەندیدار بوون بە کردەوەی دەوڵەتەوە. بەڵام ئەوە گۆڕا، ئێستا ئۆرگانەکانی تری دەوڵەتیش دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت.[183] بۆ ئەوەی بەباشی ڕوون بێتەوە کە کردەوەی دەوڵەت لە هەمبەر مـافەکانی مرۆڤ و دەسـتێوەردانی مرۆییـدا چییە، تەنیـا کردەوەی ئۆرگانە دەسـتوورییەکـانی دەوڵەت (ڕاپەڕانـدن، یاسـادانان، دادوەری) و کردەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەو مـانایە وەردەگیرێن.[184] ئەنجوومەنی ئاسـایش لێرەشـدا، بە حوکمی ئەو دەسـەڵاتە سیاسی و یاساییەی هەیەتی، دەتوانێت، وەک ئەوەی لە کەیسی دەستوەردانی

---

181 *The Asylum* Case (Colombia v. Peru), Judgement, ICJ Reports 1950, para, 14.
182 VCLT, Article 31(3)(b).
183 Michael P. Scharf, ‘Accelerated Formation of Customary International Law’ (2014) 20 ILSA Journal of International & Comparative Law 305.
184 International Law Association, Committee on Formation of Customary (General) International Law, London Conference, 2000, 16–19.

ڕێگەپێنەدراوی ڕێکخراوەی ئابووریی دەوڵەتانی ئەفریقای ڕۆژاوا لە سیرا لیۆن (١٩٩٨)ـدا کردی، بەچڕی لە پێکهێنانی یاسای نەریتیی نێودەوڵەتیی لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پێشێلکارییەکاندا، بەشدار بێت.[١٨٥]

سەرباری بڕێکی زۆر لە نەگونجاویی پەیوەست بە سرووشت و کرۆکی کردەوەی دەوڵەتەوە[١٨٦]، پاش لەبەرچاوگرتنی پێشێلکاریی گەورەی مافەکانی مرۆڤ و بەهۆی سرووشتی 'پۆزەتیڤ'ـی خودی کردەی دەستوەردانەوە، دەبێت ددان بەوەدا بنرێت کە تەنیا کردەوەی ڕاستەوخۆ، با بەکارهێنانی هێزیش نەبێت، دێتە ئەژمار. لێدوان، بەیاننامە، دەربڕینی زارەکی دەکرێت گرنگ بن، بەڵام ئەمانە هەمیشە کردەوە 'نێگەتیڤ'ـەکەن. هەرچەندە ئەوانەش دەکرێت ببنە هۆی کردنەوەی دەروازەیەکی فراوان بۆ دەستوەردان و بەکارهێنانی تاکلایەنەی هێز، بەڵام لێرە بابەتەکە لەسەر ئەنجوومەنی ئاسایشە؛ هەر ئەوە کە دەبێت لە کاتی پێشێلکاریدا وەڵامی هەبێت.

نیازی دەوڵەت وەک "ئەو بەردەی فەیلەسووف کە بارستاییەکی بێگیانی بەکارهێنانێکی کەڵەکەبوو، دەگۆڕێت بە زێڕی ڕێسایەکی یاسایی پابەندکار"

---

[185] Berger (n 103).
[186] Jörg Kammerhofer, ‘Uncertainty in the Formal Sources of International Law: Customary International Law and some of its Problems’ (2004) 15 EJIL 523, 524; International Law Association (n 184) 14–15.

وەسـف کراوە.[١٨٧] بە هەڵگۆزین لە دەسـتنیشـانکردنەکەی دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە دەکرێـت بوترێـت، نیـازی دەوڵەت بریتییە لەو بـاوەڕەی کە ڕەفتارەکە لە ڕووی یاسـاییەوە پابەندکارە، یان هیچ نەبێت پێویسـتە.[١٨٨] واتە بریتییە لە ڕەگەزی مەعنەوی.

لەوەش واوەتر، نیـازی دەوڵەت ڕێگە خۆش دەکات بۆ ڕەوانـدنەوەی هەموو لێڵییەکـانی پەیوەسـت بە کردەوەی دەوڵەتەوە؛ ئەوەی کە تەنیـا مجـامەلەیە لەوەی کە دەکـرێـت ڕێسـای نەریتیی بـخـوڵـقێنێـت، جـوێ دەکاتەوە.[١٨٩] باشـە چۆن دەکرێت کردەوەی دەوڵەت لە پێکهێنانی ڕێسـای نەریتییدا بەشدار بێت، لەکاتێکدا دەوڵەتان پێشوەخت پێیان وا بێت کە وەها ڕێسـایەک هەیە؟ ڕێبازی خۆبەخشـانە، دەوڵەت وەک سـەروەرێک دەبینێت، وەک ئازاد لە هەر جۆرە پابەندییەکی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی. بۆیە لای ئەوان، نیازی دەوڵەت جۆرێکە لە بەیانکردنی ئەو ڕەزامەندییە. یاوەرانی تیۆریای باوەڕ پێیان وایە، نەریت پابەندکارە، چونکە دەوڵەت باوەڕی بە پێویسـتیی یاسـایی یـان ڕێـگەپـێـدراویی کـردەوەکە هەیە، واتە بـووەتە یـاسـا یـان لە بـاری بەیاسابووندایە.[١٩٠]

---

[187] International Law Association (n 184) 29-30.

[188] *North Sea Continental Shelf*, 1969, 77.

[189] Scharf (n 183) 322; *North Sea Continental Shelf*, ibid.

[190] Malcolm N. Shaw, *International Law* (5th edn, Cambridge University Press 2003) 82-83.

گەر دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێک، لەم حاڵەتەدا ئەنجوومەنی ئاسایش، باوەڕیان بە بایەخی مافەکانی مرۆڤ هەبێت، بەڵام هاوکات هیچیش بۆ ڕێگرتن لە پێشێلکارییەکان نەکەن، ئەوکات نیازیان وەک نیازێکی نێگەتیڤ دەمێنێتەوە. وەکی تریش، گەر لەسەر پێشێلکارییەکان بێنە دەنگ، بەڵام بەبێ لەبەرچاوگرتنی تەواوەتیی مافەکانی مرۆڤ یان بەبێ ئەوەی لای کەم ئەو مافانە هۆکاری سەرەکی بن، واتە گەر نیاز و هۆکار و پاساوی تریان هەبێت، ئەوکات بەشدارییەکی هارمۆنیکیان لە برەودان بەو مافانەدا نابێت. کاتێک ئەنجوومەنی ئاسایش لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لە هەمبەر زۆر قەیرانی مرۆییدا گوێی خۆی دەگرێت و ناکارا دەردەکەوێت و بۆ هەندێکیش وەخۆ دەکەوێت، هەمان ئەنجامی دەبێت.

**٢,٤ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نەریتی**

دیاریکردنی ئەو بڕەی مافەکانی مرۆڤ کە بووەتە بەشێک لە یاسای نەریتیی نێودەوڵەتیی و هەموو دەوڵەتان پابەند دەکات، مشتومڕاوییە. لەکاتێکدا لەلایەکەوە یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ یان لای کەم ئەو مافانەی لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا هاتوون، تێکڕا بەشێکن

له یـاســـای نەریتیی نێودەوڵەتیی[١٩١]، لەلایەکی ترەوە بۆچوونێکی هەنـدێک مـیـانـڕەوتـری پەیـمـانـگەی یـاســـایـی ئەمەریـکـی هەیە لە بـڵاوکـراوەی (Restatement)ــــدا. بەپێی ئەو بڵاوکراوەیە، جۆرێک لە 'کرۆکی ڕەق'ـــی پابەندێتیی مافەکانی مرۆڤ لە شـێوەی یاسـای نەریتییدا، درووسـت بووە.[١٩٢] هەندێک لە مافەکانی مرۆڤ بوونەتە ڕێسـای نەریتیی پابەندکار، بەشـێک لە یاســای نێودەوڵەتیی گشــتی، وەک کۆمەڵێک ڕێســا کە وڵاتانی شــارســتانی ددانیان پێدا ناون.[١٩٣]

ســەربارى ئەو ڕاســتییەی کە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، مۆرکی یاســایی پابەندکاری نییە و تەنیا بانگەوازێکی ســیاســی و ئەخلاقییە، هەندێک لە مافەکانی مرۆڤ وەک بەشــێک لە یاســای نەریتیی نێودەوڵەتیی، ناســێنراون: جینۆســاید، کۆیلایەتی، ئەشــکەنجەدان، کوشــتنی بەکۆمەڵ،

---

[191] J. P. Humphrey, 'The Universal Declaration of Human Rights: Its History, Impact and Juridical Character' in B. G. Ramcharan (ed), *Human Rights: Thirty Years after the Universal Declaration* (1979) 21, 37; Louis John, 'The Human Rights Law of the Charter' (1977) 12 Texas Int. LJ 129, 133.

[192] American Law Institute, *Restatement (Third) Foreign Relations Law of the United States*, (1987) Vol. 2, 161; Schachter (n 171).

[193] Bruno Simma, & Philip Alston, The Sources of Human Rights Law: Custom, Jus Cogens, and General Principles, *12 Australian Year Book of International Law* [1992] 85.

زیندانیکردنی ماوەدرێژی هەڕەمەکی، جیاکاریی نەژادیی سیستەماتیک یان هەر پێشێلکارییەکی گەورەی بەردەوامی مافە نێودەوڵەتییەکانی مرۆڤ.[194]

لەوانەیە تا ئێرە تەنیا باسی یاسا وەک ئەوەی هەیە، کرابێت. بەڵام ئەوەشی دەبێت ببێت، گرنگە. دەبێت چاوێکمان لەسەر ئەو پێشێلکارییە بەردەوامەی مافەکانی مرۆڤ بێت، کە دەلالەتی ئەوەن هەموو مافەکانی مرۆڤ، بەشێک نین لە یاسای نەریتیی نێودەوڵەتیی و لەوانەیە پاڵپشتیی زیاتریان پێویست بێت. لای کەم دەکرێت بێژین مافەکانی مرۆڤ، بەشێکن لە بنەما گشتییەکانی یاسا، ئەوانەی نەتەوە شارستانییەکان ددانیان پێدا ناون.[195] دادگای دادی نێودەوڵەتیی لە ژمارەیەک کەیسدا، باسی ئەرکی بنیات لەسەر پرەنسیپە ددانپێدانراوەکان و پرەنسیپە گشتییە بنەڕەتییەکانی کردووە.[196] بەڵام بە وردبوونەوە لە هەموو پێشێلکارییە کردارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، دەکرێت بوترێت کە ئەو ڕەوش و بڕیارانەی دادگای دادی نێودەوڵەتیی، بنچینەیەکی نەریتیی بە مافەکانی مرۆڤ نابەخشن.[197] خۆ گەر مافەکانی مرۆڤ وەک بەرزەڕێسا بێنە ئەژمار، بێگومان کاریگەرییەکی گەورەتری لەسەر ئامادەیی و ددانپێدانانی ئەو مافانە دەبێت.

---

[194] Schachter (n 171) 335; and American Law Institute, *Restatement* (n 192) para, 72.
[195] Article 38 of the ICJ Statute; and Simma & Alston (n 193) 108.
[196] *Corfu Channel* case, 1949, 22; and *Nicaragua*, 1986, para, 218.
[197] Simma & Alston (n 193) 106.

## ٣،٤ مافەکانی مرۆڤ و بەرزەڕێسا

پرسـیاری ئەوەی ئایا مافەکانی مرۆڤ یان کام لە مافەکان گەیشـتووەتە ئاستی *بەرزەڕێسا*، پرسیارێکی بەسوود و گرنگە. بەڵام بەرزەڕێسا خۆی چییە؟ وەڵامی ئەوە لە پەیماننامەی ڤیەننا بۆ یاسـای ڕێککەوتننامەکاندایە، کە پێناسەی بەرزەڕێسای کردووە و هەندێک وردی کردووەتەوە[١٩٨]:

بەرزەڕێسا لە یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا، ڕێسا یان نۆرمێکە کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دەوڵەتەکانەوە بەگشـتی، وەک نۆرمێک ناسـراوە کە هیچ خۆدزینەوەیەک قەبووڵ نەکات، هەروەها تەنیا بە نۆرمێکی دواتری یاسـای گشـتیی نێودەوڵەتیی، کە هەمان مۆرکی هەبێت، دەکرێت هەموار بکرێتەوە.

ئەو پێناسـەیە وەڵامی هەموو پرسـیارەکانی دەربارەی چۆنێتیی سـەرهەڵدان و گۆڕینی بەرزەڕێسـا، ناداتەوە. بەڵام گەر وایش بێت، ئەو پێناسەیە و ئەو کاتیگۆرییە هەر گرنگن، چونکە "گەر گۆزەکە نەبێت، ناکرێت پڕ بکرێت."[١٩٩] لای کەم ئەوە زانراوە کە بەرزەڕێسـا لە لوتکەی هیرارکییەتی یاسـایی نێودەوڵەتیدایە، بە جۆرێک کە هیچ خۆدزینەوەیەک قەبووڵ ناکات و

---

١٩٨ مادەی ٥٣.

199 Georges Abi-Saab, 'The Third World and the Future of the International Legal Order' (1973) 29 Revue Egyptienne de Droit International 27, 53.

هیچ پەیماننامەیەکیش ئاسەواری یاسایی نابێت گەر، لە سەروەختی نووسینەوەیدا، پێچەوانەی بەرزەڕێسایەک بێت.[٢٠٠] بگرە زیاتریش، بەرزەڕێسا ڕیزپەڕێکی ڕاستەقینەیە لەو تێگەیشتنە کۆنەی یاسای نێودەوڵەتیی، کە تەنیا دروستکراو و داتاشراوی دەوڵەتانە و لە سەر ویستی ئەوانیش بەندە.[٢٠١] بۆیە مافەکانی مرۆڤ و ڕێوشوێنەکانی چەسپاندنیان، گەر مۆرکی بەرزەڕێسایییان لێ/پێ بدرێت، دەبنە ئاستەنگی ڕاستەقینە لە بەردەم سەروەریی دەوڵەت و جددیتریش دەپارێزرێن.

بۆ خۆی چەمکی ئەرک و پاراستن و بەرپرسیارێتی بەگشتی، بەتایبەتیش ئەوانەی لە بەرزەڕێساکانەوە هەڵدەهێنجرێن، بۆ دۆخێکی کۆمەڵایەتییە، بۆ مامەڵە و بەرکەوتنە لەگەڵ ئەوانی تر، نەک تەنیا بۆ کەسێک و لایەنێک. هەموو بەرزەڕێسایەک یان یاسایەکی ملکەچکەر، ئەرکێک لە هەمبەر ئەوانی تر (erga omnes) دەسەپێنێت.[٢٠٢] لە ڕەوشی *ڕاکێشانی بارسێلۆنا*دا، دادگای دادی نیودەوڵەتی دوو جۆر ئەرکی دەوڵەتی لێک جوێ کردەوە؛ ئەوانەی لە

---

[٢٠٠] مادەکانی ٥٣ و ٦٤ی پەیماننامەی ڤیەننا بۆ یاسای ڕێککەوتننامەکان.

[201] Predrag Zenović, 'Human Rights Enforcement via Peremptory Norms: a Challenge to State Sovereignty' Riga Graduate School of Law Research Paper, no. 6, 2012 <http://www.rgsl.edu.lv/uploads/files/RP_6_Zenovic_final.pdf> accessed 30 May 2016.

[202] M. Cherif Bassiouni, International Crimes: Jus Cogens and Obligatio Erga Omnes (1996) 59 Law and Contemporary Problems 63.

بەرانبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیین وەک گشتێک، لەگەڵ ئەوانەی لە هەمبەر دەوڵەتێکی ترن. دادگاکە ڕایگەیاند کە جۆری یەکەمیان پەیوەستن بە هەموو دەوڵەتانەوە و هەمووشیان بەرژەوەندییەکی یاساییان لە پاراستنی مافەکانی بەرباسدا هەیە، چونکە ئەوانە ئەرکن لە هەمبەر هەمووواندا.[٢٠٣]

هەرچەندە زۆر ڕوون نییە کە هەر لە بنەڕەتەوە وەها ڕێسایەک چۆن دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕێی پەسەندکردنی گەردوونیی ئەو بنەمایەوە کە بەرزەڕێسا هەڵگرییەتی، هاوڕێ لەگەڵ پراکتیکی بەردەوامی دەوڵەتدا (تەنیا کردەوەش نا، بەڵکوو نیازیش)، دەکرێت هەر ڕێسایەک بگۆڕدرێت بە بەرزەڕێسا.[٢٠٤] ئاوەهاش، لە ڕێی پەسەندکردنی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و بەرگریی و داکۆکیکردنی دەوڵەتان لەو مافانە، بە ئامرازی گونجاو و لە شوێنکاتی گونجاویشدا، بێگومان دۆخی یاسایی و واقیعیی مافەکانی مرۆڤ باشتر دەبێت. چونکە بەرزەڕێسا لای خۆیەوە سەروەریی دەوڵەت لە ناوخۆشدا کۆت دەکات، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ناچار دەکات بە ئەرکی خۆیان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا، هەستن. تۆماس هۆبز لە *لیڤیاسان*دا، سەروەریی وەک کاتیگۆرییەکی موتڵەق وێنا کرد، جا بدرێتە تاکە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک. هەمان دید بۆ سەروەری، دیدی باوی هەزاران ساڵە بوو. بەڵام پاش

---

203 *Case Concerning the Barcelona Traction, Light and Power Company, Limited (New Application: 1962- Second Phase) (Belgium v. Spain)*, Judgement, ICJ Reports 1970, para, 32.
204 Bassiouni (n 202).

کۆتایی جەنگی سارد، سەروەری سەرلەنوێ پێناسە کرایەوە، لەلایەن هەردوو هێزە مەدەنی و سیاسییەکانیشەوە، لەوانەش بەجیهانیبوونی ئابووری و هەڵکشانی هاریکاریی نێودەوڵەتیی لە بوارە جیاوازەکاندا، بە مافەکانی مرۆڤیشەوە.[٢٠٥]

ئیڤان کریدڵ و ئیڤان فۆکس-دیسێنت تیۆریایەکیان بۆ سەروەری پەرە پێ داوە، کە تێیدا سەروەری وەک 'پەیوەندیی متمانە' [fiduciary relations] لە نێوان دەوڵەت و خەڵکدا، وێنا کراوە. لەوێشەوە هەموو تاکەکان یەکسان دەبن، بە هەمان شێوەش دەکرێت سوودمەند بن، "ئەرکی دەوڵەتی متمانەخوازە، کە هەموو تاکێک لە هەموو شێوەکانی جیاکاری بپارێزێت."[٢٠٦] ئیتر ڕستێک لە مافەکانی مرۆڤ، یان باشترە بڵێین ڕستێک قەدەغەکردن، دەکرێت وەک بەرزەڕێسا بناسێنرێن: قەدەغەکردنی جینۆساید، کۆیلایەتی،

---

205 Bothe et al. (n 135); Kofi Annan, 'Two Concepts of Sovereignty' *The Economist* (London 18 September 1999) <http://www.un.org/News/ossg/sg/stories/kaecon.html> accessed 22 April 2016.

206 Evan J. Criddle and Evan Fox-Decent, 'Deriving Peremptory Norms from Sovereignty' Proceedings of the Annual Meeting (American Society of International Law, March 25-28, 2009) 72 <http://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=1370510> accessed 30 May 2016.

کوشــتنی هەڕەمەکی، ئەشــکەنجەدان و جیاکاریی نەژادی[٢٠٧]، بەتایبەت گەر بەرفراوان و ســیســتەماتیک بن، واتە دژی تەنیا تاکەکەســێک نەبن، بەڵکوو دژی خەڵکێک بن بە دەستەجەمیی. بەرپرسیارێتیی فەراهەمکردنی ئەو مافانە و ئەو ژینگەیە، تەنیا لە ئەستۆی دەوڵەتدا نییە، بەڵکوو دەبێت بەرپرسیارێتی هێنــدە فراوان و تونــد بکرێــت، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی وەک گشــتێک بگرێتەوە. گەر وایش بێت، نابێت ڕۆڵی ئەنجوومەنی ئاســـایش لەبیر بکرێت. هەر بۆ نمـوونە، کەیســی جینـۆســـایـد، ســـەربـاری لێکەوتە نـاحەز و نەخوازراوەکانی، بەرپرســیارێتیی ڕێلێگرتن و قەدەغەکردنی دراوە بە ئۆرگانێکی پەیوەندیداری نەتەوە یەکگرتووەکان[٢٠٨]، لە هەمووشیان دیارتر ئەنجوومەنی ئاسایشە.

ڕێگرتن لە جینۆســـاید تـا ڕادەیەک لە بنەڕەتنـامەکەدا جێ کراوەتەوە. دادگای دادی نێودەوڵەتییش لە کەیســی *جینۆســاید*دا ڕوونتری کردەوە، کە "هەر دەوڵەتێک بۆی هەیە لەو چوارچێوەیەی یاســـای نێودەوڵەتیی دیاریی کردووە، ڕەفتار بکات."[٢٠٩] وەلێ نابێت ڕێگرتن لە جینۆســـاید لە چوارچێوەی

---

[207] Evan J. Criddle and Evan Fox-Decent, ibid; American Law Institute, *Restatement* (n 116) para. 73 and 74. The positive side of these rights is the right to life, to freedom, to security, and equality.

[٢٠٨] مادەی ٨ی پەیماننامەی جینۆساید.

[209] *Application of the Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide (Bosnia and Herzegovina v. Serbia and Montenegro)*, Judgement, the ICJ Reports 2007, para. 430.

دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەی جینۆسایدی ١٩٤٨دا، قەتیس بکرێت، چونکە دەشێت جینۆساید لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەو دەوڵەتانەشدا ڕوو بدات. لە حاڵەتی جینۆسایددا، هاوشێوەی هەر حاڵەتێکی تری هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی، ئەنجوومەنی ئاسایش دەتوانێت ڕێگە بە بەکارهێنانی هێز بدات بۆ ئەوەی لە وەختدا گیانی خەڵکانێک ڕزگار بکرێت.

ناوهێنانی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ وەک بەرزەڕێسا، مشتومڕاوی و ناواقیعییە. بەڵام مافی ژیان، وەک ئەوەی لە هەموو پەیماننامەکانی مافی مرۆڤدا هاتووە، لە پێش هەموویانەوەیە، چونکە، بە سادەیی بیڵێین، گەر کوشتن یان سەرنگومکردن و زیندانیکردنی هەڕەمەکی هەبن و ئەمانیش ببنە هۆی مردن/کوشتن، هیچکام لە مافەکانی تر، لای کەم بۆ کەسی مردوو/کوژراو، مانایەکیان نامێنێت. لەبەر ئەوەش، پاراستنی خەڵک لە کوشتنی هەڕەمەکی، بەتایبەت گەر بەکۆمەڵ یان دەستەجەمیی بێت (وەک لە حاڵەتی جینۆساید یان تاوانی سیستەماتیکی دژ بە مرۆڤایەتیدا)، پێویستییەکی هەنووکەییە، چ لەلایەن خودی دەوڵەتەوە و چ لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشەوە بە نوێنەرایەتیی ئەنجوومەنی ئاسایش.

### ٤,٤ دەستێوەردانی مرۆیی و یاسای نەریتیی

پرسـیاری ئەوەی ئایا مافێکی نەریتیی بۆ دەسـتێوەردانی مرۆیی، لای کەم بۆ حاڵەتی جینۆسـاید، هەیە یان نا، بە شـێوەیەکی بیرکارییانە یان بە شـێوەی بەڵێ/نا، وەڵام نادرێتەوە. توێژەرانی یاســایی لە دیاریکردنی هەبوون و مەودای وەها مافێکدا، ڕاجیاوازن.

حاڵەتەکانی دەستێوەردانی مرۆیی لە سەدەی نۆزدەمدا، بە لای هەندێک لە توێژەرانەوە، بەڵگەن لەسەر هەبوونی وەها مافێکی نەریتیی.[٢١٠] هەندێکیش دەڵێن ئەو مافە، پاش دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ماوەتەوە؛ هێشتا هەیە و کارایە.[٢١١] ئەو پەڕاوانەی سـەدەی نۆزدەم کە باس دەکرێن، بریتیین لە دەســتوەردانی بەریتانیا و فەرەنســا و ڕووســیا لە ناوچەی یۆنان (١٨٢٧)، فەرەنســا لە ســووریا (١٨٦٠)، ڕووســیا لە بۆســنیا-هێرزێگۆڤینا و بولگاریا (١٨٧٧)، ئەمەریکا لە کوبا (١٨٩٨)، یۆنان و ســربیا و بولگاریا لە ماســەدۆنیا (١٩٠٣). چەند ڕەوشـێکی سـەدەی بیستەمیش هەن، ئەوانیش دەستوەردانی هندســتان لە خۆرهەڵاتی پاکســتان (١٩٧١)، ڤیەتنام لە کامپوچیا (١٩٧٨)،

---

[210] Richard B. Lillich, ‘Forcible Self-help by States to Protect Human Rights’ (1967) 53 Iowa Law Review 325.
[211] Reisman (n 162)..

تانزانیا لە ئوگەندا (١٩٧٩)، ڕێکخراوەی ئابووریی ڕۆژاوای ئەفریقا لە لیبیریا (١٩٩٨)، لەگەڵ ناتۆ لە کۆسۆڤۆ (١٩٩٩).[٢١٢]

نەیارانی مافی نەریتیی دەستێوەردانی مرۆیی لەگەڵ ئەوەدا نین. پێیان وایە ئەم پەڕاوانە بەس نین بۆ ئەوەی ببنە بناغەی وەها مافێکی دەستوەردان و لە سەردەمی پێش پەڕاوەکەشدا ژمارەیەکی پەڕاوی مەرگەساتی مرۆیی هەبوون، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی متەقی لێوە نەهاتووە لە بارەیانەوە. وەک ئەوەی سایمۆن چێستەرمان دەڵێت، دەستێوەردانی مرۆیی لە سەدەی نۆزدەمدا هەبوو، بەڵام زۆری مابوو بگاتە ئاستی مافێکی یاسایی تۆکمە. بەڵکوو دەستێوەردانی مرۆیی "لە بنەڕەتدا لە بۆشاییەکدا هەڵتۆقی، لە سەردەمێکدا کە یاسای نێودەوڵەتیی هانابردنی بۆ هێز و جەنگ، قەدەغە نەکردبوو."[٢١٣] ئەو زیاتر دەڕوات و دەڵێت ئەو کەیسانەی سەدەی نۆزدەم، زیاتر وەک پەڕاوی هەڵپەرستانە و گەشبینانە دەردەکەون.[٢١٤]

بەپێچەوانەوە، لایەنگران پێیان وایە بەشی پێویست پەڕاو و بەڵگە هەیە لە سەردەمی پێش بنەڕەتنامەکەدا، کە بناغەی مافی دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی بن، جا پاڵپشت بێت بە خودی بنەڕەتنامەکە، یانیش

---

[212]Holzgrefe & Keohane (n 68) 45–46.
[213] Quoted by Jennifer M. Welsh, 'Review Essay: From Right to Responsibility: Humanitarian Intervention and International Society' (2002) 8 Global Governance 503, 505.
[214] Ibid.

یاســـای نەریتیی نێودەوڵەتیی.[٢١٥] هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بە ســـەرکردایەتیی ئەمەریکا لە ٢٠٠٣ـــدا، بەبێ ڕێگەپێدانی ڕاشکاوانەی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئێراقیـان داگیر کرد. هەنـدیـک توێژەر دەڵێن داگیرکردنەکە، بەپێی مـافێکی نەریتیی دەســتوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی بووە، بەتایبەت پاش دەســتوەردانی ناتۆ لە کۆســۆڤۆ (١٩٩٩)، کە بووە پێشــینە بۆ مافێکی ئاوا.[٢١٦] نەیاران وەک بەڵگە دژی یاســاییبوونی هەرتک ئەو دەســتوەردانانە، پشــت بە ناڕەزایەتی و هەڵوێســتی چەند دەوڵەتێکی گەورە دەبەســتن، بۆ ئەوەی بیســەلمێنن کە نابنە پێشینە بۆ مافێکی نەریتیی بەم ڕەنگە.[٢١٧]

ئەم لێڵییەی دەوری مافەکانی مرۆڤ و کرۆک و چەسپاندنیانی گرتووە، لەگەڵ ئەو نادڵنیاییەی پەیوەســتە بە پێودانگەکانی دەســتێوەردانی مرۆییەوە، دەشێت چەندان ناتەبایی هەژێنەریان لێ بکەوێتەوە، کە بە زۆری کاتێک دەبن ســروشــتی مرۆیی پەڕاوەکە دەســتنیشــان دەکرێت؛ هەر بۆیە هەندێکیان

215 Nicholas J. Wheeler, ‘Review Article: Humanitarian Intervention after Kosovo: Emergent Norm, Moral Duty or the Coming Anarchy?’ (2001) 77 International Affairs (Royal Institute of International Affairs 1944) 113, 115; Christopher Greenwood, ‘Humanitarian Intervention: the Case of Kosovo’ in *2002 Finnish Yearbook of International Law* (Kluwer Law 2002)141, 162; Heinze (n 176); and Berger (n 103).
216 Thomas Juul Dyhr, *Just War in Iraq* (University of Copenhagen 2003) 39–40.
217 Wheeler (n 215) 118.

مرقدۆســتانەن و هەندێکیشــیان نا.[٢١٨] هەرچییەک بێت، گرنگ ئەوەیە بەکارهێنانی هێز لە دەســتێوەردانی مرۆییدا، ڕێگەپێدراو بێت، چونکە لە وەها بارێکدا زیاتر دەرخەری سیستەمی ئاسایشی دەستەجەمیی نێو پەڕاوەکە. لەم چەنـد ســاڵەی دواییـدا ژمـارەیەک دەوڵەت، کە پێکڕا نوێنەری ٨٠٪ـــی دانیشــتووانی زەویین، دژی بەیاســاییکردنی دەســتوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی وەستانەوە.[٢١٩]

کۆمەڵەی گشــتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٩، ســەروەختی دەستوەردانەکەی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ، جەختی لەوە کردەوە، کە هیچ دەوڵەتێک بۆی نییە ڕێوشــوێنی زۆرەملێیانە دژی ویســتی دەوڵەتێکی تر بەکار بهێنێت و هەموو ڕێوشــوێنێکی ڕێگەپێنەدراوی هاوشــێوەشــی ڕەت کردەوە، بە خۆیان و هەر لێکەوتەیەکی دەرەخاکیی کە وەک ئامرازی فشـاری سیاسـی یان ئابووری دژی ئەو وڵاتە بەکار بهێنرێن.[٢٢٠] کۆمەڵەی گشــتی لە مێژووی درێژی خۆیـدا، دژی هەر جۆرە لێکدانەوەیەکی خودیی مافی دەســتوەردان، وەســتاوەتەوە. لە

---

218 Oliver Ramsbotham, ‘Humanitarian Intervention 1990-5: A Need to Reconceptualize?’ (1997) 23 Review of International Studies 445, 451-452.

219 Goodman (n 96) 109.

٢٢٠ بڕیاری ژمارە ١٧٢/٥٤ی کۆمەڵەی گشتی لە ١٩٩٩. تەنانەت ناتۆش لە کاتی بەرگریکردن لە هێرشەکانی خۆیدا، پشتی بە ڕێگەپێدانی ناڕاستەوخۆی ئەنجوومەنی ئاسایش بەست لە بڕیارەکانی ژمارە ١١٦٠، ١١٩٩ و ١٢٠٣دا. بڕوانە:
Enrico Milano, ‘Security Council Action in the Balkans: Reviewing the Legality of Kosovo’s Territorial Status’ (2003) 14 EJIL 999–1022.

بڕیارەکانی ســەردەمی جەنگی ســارد و دواتریشــیدا، کۆمەڵەی گشــتی جاڕی پەیوەندیی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان دەدات و هەمیشە لە خەمی پاراستنی ئەو چوارچێوەیەدایە، کە لە بنەڕەتنامەکەدا نەخشــێنراوە. ســەرباری ئەوەی هەندێک ڕێکخراوەی ناوچەیی، ددان بە مافێکی نەریتیی دەســتوەردانە نێو دەوڵەتانی ئەندامیاندا دەنێن[٢٢١]، کۆمەڵەی گشتی هەموو مافێکی ڕێگەپێدانی بەکارهێنانی هێزی بۆ مەبەستی مرۆیی لە ژێر ســەرپەرشــتیاریی ئەو ڕێکخراوە ناوچەییانەدا، ڕەت کردەوە و پێی لە ســەر مافی ڕێگەپێدان لەلایەن ئەنجوومەنی ئاســایشــەوە، داگرت.[٢٢٢] واتە، بە دەربڕینێکی تر، لە پرســی دەســتێوەردانی مرۆییدا، هەموو ڕێگەکانی ڕێگەپێدانی بەکارهێنانی هێز، دەچنەوە سەر ئەنجوومەنی ئاسایش!

## ٥,٤ لەودیو یاساوە: دەستوەردان بۆچی؟

کۆســمۆپۆلیتانیزم ســەرچاوەی ســەرەکیی ئارگیومێنتی ئەخلاقی بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و دەســتێوەردانی مرۆییە. بەپێی ئەو تێزە، کۆمەڵگە لیبراڵەکان ئەرکیان جەختکردنەوەیە لە مافە مەدەنی و

221 Constitutive Act of The African Union, Article 4(h).

222 World Summit Outcome Document, para. 138-139.

سـیاسـییەکان لە هەر کوێدا کە پێشـێل دەکرێن.[223] مافەکانی مرۆڤ، بەم پێیە، ئەوەندە جەوهەریین کە "هیچ دەوڵەتێک مافی خۆحەشـاردانی لە پەنای سـەروەریی نەتەوەییـدا نییە بـۆ ئەوەی مـافەکـانی مـرۆڤ یـان ئـازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵک، ژێرپێ بخـات."[224] پاڵپشـت بە تیۆریاکانی یاسـا/مافی سروشـتی و جەنگی ڕەوا، پێویستە لێکدانەوەیەکی تری بنەڕەتنامەکە هەبێت، بە جۆرێـک کە ڕێگە بۆ پـاراسـتنی کۆنکرێتتری مـافەکـانی مرۆڤ لە حـاڵەتی تەنگژەی مرۆییـدا، خۆش بکـات. تیۆریـای جەنگی ڕەوا دەکرێـت بنەڕەتێکی ئەخلاقی بۆ دەسـتێوەردانی مرۆیی مسـۆگەر بکات، چونکە بیرۆکەی جەنگی ڕەوا بریتییە لە بەدەمەوەچوونی خەڵکـانێکی نەنـاس کە نـاتوانن بەرگری لە خۆیـان بکەن.[225] بۆیە چـانسـی ئەوەی دەسـتێوەردانی مرۆیی لەلایەن هەوادارانی تیۆریای جەنگی ڕەواوە بەرگریی لێ بکرێت و بە ڕەوا بزانرێت، زیاترە. هیوگۆ گرۆتیوس پاڵپشـت بەوەی ناوی دەنێت (societas humana)، جڤاتی گەردوونیی مرۆڤـایەتی، دەڵێـت گەر سـتەمکـار بە کـارەیلی دڵڕەقـانەی سـەیروسـەمەرە، خەڵکی خۆی بگەیەنێتە لێواری نـائومێدی و بەرەنگاری، دەوڵەتانی تر مافی دەستێوەردانی مرۆییان هەیە دژ بەو ستەمکارە، چونکە لە

[223] Daniele Archibugi, 'Cosmopolitan Guidelines for Humanitarian Intervention' (2004) 29 Alternatives: Global, Local, Political 1.
[224] Kofi Annan (n 205).
[225] Elshtain (n 76).

وەها دۆخێکدا "ستەمکار مافەکانی سەروەریی سەربەخۆ لەدەست دەدات و چیتر ناشتوانێت داوای جیاوگەکانی یاسای گەلان بکات."[٢٢٦]

ئەوانەی دژن، بە دیاریکراوی دژی دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیین. ئەوان دەڵێن هەر جۆرە بەیاساییکردنێکی دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی خزمەت بە جێبەجێکردنی دادپەروەرانەی یاسای نێودەوڵەتیی ناکات، چونکە دەوڵەتانی لاواز چانسی بەرکەوتن و باجدانیان بەهۆی وەها مافێکەوە، زیاترە، لەکاتێکدا دەوڵەتە بەهێزەکان نا.[٢٢٧] زیاتریش دەڕۆن و دەڵێن، مافێکی یاسایی بۆ دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی، ئەگەری هانابردن بۆ هێز بەبێ گوێدانە ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش، زیاتر دەکات.[٢٢٨] ئەوەش دەشێت بەرەو ئاژاوە (chaos)ـمان ببات، هەر بۆیە سایمۆن چێستەرمان جەخت لەوە دەکاتەوە کە "مەترسیی ڕێسایەکی نێودەوڵەتیی کە کورت کرابێتەوە بۆ ئامرازێکی ڕەوایەتیدان بە بەرژەوەندیی زلهێزەکان، خوازراوترە لە بەکارهێنانێکی بێسەروبەری ئەو دەسەڵاتە."[٢٢٩]

---

226 Grotius (n 85) 247.

227 David Lefkowitz, 'On Moral Arguments against a Legal Right to Unilateral Humanitarian Intervention' (2006) 20 Public Affairs Quarterly 115.

228 Ibid, 127.

229 Quoted by David Lefkowitz (n 227) 129.

بەگشتی، تیۆریای یاسای سروشتی بە چاوی 'ماف' سەیری دەستێوەردانی مرۆیی دەکات، نەک وەک 'ئەرک'؛ بەوەش دەوڵەتانی سەرپشک کردووە لە بڕیاردانی ئەوەی دەست وەردەدەن یان نا. هەندێک لە لیبراڵەکانیش باسی ئەرک/فەرمانی دەستوەردان دەکەن. ئەو ئەخلاقییەتە مەیلەو-فەرمانییە، لە پاراستنی قوربانییانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا، هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە بەرپرسیار و ئەرکدار دادەنێت.[230] لە ئەنجامیشدا، لە هەر شوێنێک پێشێلکاریی گەورەی مافەکانی مرۆڤ هەبێت، تاکەکەس، حکومەت و ڕێکخراوەکانی تر ماف یان ئەرکی بەرگریکردن لەو مافانەیان هەیە. سەرباری ئەوەی سۆزی ئەخلاقی لە پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، کەرامەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆییەوە، لە جێی خۆیدایە، بەڵام ئەوەی پێویستە 'بەدەزگاییکردن'ـی ئەو مافانە و ئامرازەکانی چەسپاندنیانە. لەبری ئەوە، ڕەنگە بکرێت باسی پتەوکردنی ڕۆڵی دەستووریی ئەنجوومەنی ئاسایش بکرێت، بە جۆرێک کە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە لە کاتی گفتوگۆی بڕیاری تایبەت بە پێشێلکاریی گەورەی مافەکانی مرۆڤدا، پەنا بۆ مافی 'ڤیتۆ' نەبەن.

دواجار بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، بەوانەی بەکارهێنانی هێزیشەوە، ڕەوایەتییان زیاترە. ئەو سیستەمی ئاسایشی دەستەجەمییەی لە

230 Carla Bagnoli, ‘Humanitarian Intervention as a Perfect Duty: A Kantian Argument’ (2004) 47 Nomos 1, 9.

بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا باس کراوە، خاڵێکی سەرنجڕاکێشە، بەو پێیەی هەموو ئاسایشی نێودەوڵەتیی پێکقە ڕادەگرێت، ناهێڵێت بخزێتە نێو تونێلێکی تاریک و جیهانێکی تژی لە ئاژاوە و ناسەقامگیری و ترسناکەوە، کە ئەوکات بەرژەوەندییە سیاسییەکان بەسەر پێویستییە یاساییەکاندا باڵادەست دەبن.[٢٣١]

### ٦,٤ بەرپرسیارێتیی پاراستن

چەمکی بەرپرسیارێتیی پاراستن (responsibility to protect – R2P) پەیوەستە بە گۆڕانکارییەکانی چەمکی سەروەرییەوە؛ فۆرمەلە و خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ سەروەری لە پەیوەندیی بە مافەکانی مرۆڤەوە. مێژووی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی پێشوو. پاش جەنگی سارد، تاوانەیلی زۆری جینۆساید و تاوانی دژەمرۆڤایەتی قەومان، کە لە هەندێکیاندا، وەک سۆماڵ، نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی وەردا و لە هەندێکیشیاندا، وەک ڕواندا، نەیکرد؛ یان هێندە درەنگ بەدەمەوە چوون، هیچ سوودێکی نەبوو.[٢٣٢] هەر پاش جەنگی سارد بوو، کە لە نێو بازنە

[231] Weiner (n 150) 504.
[232] Chelsea O'Donnell, The Development of the Responsibility to Protect: An Examination of the Debate over the Legality of Humanitarian Intervention' (2014) 24 Duke Journal of Comparative &

ئەکادیمی و سیاسییەکاندا باسی دیدێکی نوێ بۆ سەروەری دەکرا. فرانسیس دێنگ یەکەم کەس بوو کە سەروەری وەک *بەرپرسیارێتی*، پێناسە کرد. یەکێک لە بەرپرسیارێتییە بنەڕەتییەکانی سەروەرییش، ئەرکی دەوڵەتە لە پاراستنی هاووڵاتییانی خۆی لە توندوتیژی. گەر دەوڵەتێک لەو ئەرکەدا شکست بهێنێت، وەک دێنگ دەڵێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی نەک تەنیا ماف، بەڵکوو ئەرکی فەراهەمکردنیشی هەیە،؛ پاش ئەوەش دەوڵەت لە سەروەری 'دادەماڵرێت'.[٢٣٣] پاش دەستوەردانەکەی ناتۆ لە کۆسۆڤۆ، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کوفی ئەنان باسی لە سەروەرییەکی سەرلەنوێ-پێناسەکراو دەکرد، لەگەڵ ئەوەش کە "ئیتر دەوڵەتان ئامرازێکن لە خزمەتی گەلانی خۆیاندا، نەک بەپێچەوانەوە."[٢٣٤]

ئەم وردبوونەوە و تێفکرینانە لە سەروەری، مافەکانی مرۆڤ و دەستێوەردانی مرۆیی، لە ئەنجامی ژینگەی نوێی سیاسەت و یاسای نێودەوڵەتییەوە، لە ڕاپۆرتەکەی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی دەستوەردان و سەروەریی دەوڵەت (ICISS) بە ناوی *بەرپرسیارێتیی پاراستن*، ڕەنگیان دایەوە.[٢٣٥]

---

International Law 557, 560–563; Amitai Etzioni, 'Sovereignty as Responsibility' [2006] Orbis 71–85.

[233] Cited by Chelsea O'Donnell, ibid, 561.

[234] Annan (n 205).

[٢٣٥] ئەو کۆمسیۆنە بەشێک بوو لە دەستپێشخەریی حکومەتی کەنەدا و لە ژێر چاودێریی نەتەوەیکگرتووەکاندا بوو و لە ٢٠٠١دا ڕاپۆرتەکەی خۆی بڵاو کردەوە.

کۆمسیۆنەکە سێ توخمی سەرەکیی چەمکی بەرپرسیارێتیی پاراستنی دیاری کرد. یەک، بەرپرسیارێتیی ڕێلێگرتن[236]، کە لێرەدا دەبێت زانیاریی پێویست لە بارەی تەنگژەکە و هۆکارە ڕیشەییەکانی و ئەو سیاسەتنامە و ڕێوشوێنانەی بۆ ئەو دۆخانە دەشێن، هەبێت. دوو، بەرپرسیارێتیی کاردانەوە[237]، کە تێیدا دەوڵەتان دەبێت لە ڕێگەی ڕێوشوێنی زۆرەملێیی سیاسی و ئابووری و دادوەرییەوە، دۆخی نەخوازراو چارە بکەن؛ هەروەها لە دۆخی پەڕگیرانەدا و تەنیا لە وەها دۆخێکدا، ئەو ڕێوشوێنی زۆرەملێییانە دەکرێت کردەی سەربازییش لەخۆ بگرن. سێ، بەرپرسیارێتیی بنیاتنانەوە[238]، کە دەوڵەتان دەبێت یارمەتیی دەوڵەتی بەئامانجکراو بدەن بۆ ئەوەی لە ئاسەواری تەنگژەی مرۆیی و ڕێوشوێنە توندەکان دەرباز ببێت. ئەو توخمانەی بەرپرسیارێتیی پاراستن بۆ دۆخەیلێک دەبن، کە تێیاندا تاوانی گەورە دەکرێن و ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنن، واتە ئەوەی پێی دەوترێت دۆخە پەڕگیرەکان، وەک جینۆساید، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و پاکتاوی ئیتنیکی.[239]

کۆمسیۆنەکە لە ڕاپۆرتی خۆیدا، باسی پرسیاری یاساییبوونی کردووە و چەندان سەرچاوە بۆ هەبوونی مافێکی یاسایی دەستێوەردانی مرۆیی

236 ICISS, 2001, 19–28.

237 Ibid, 29–38.

238 Ibid, 39–46.

239 Ibid, 31.

دەهێنێتەوە، لەوانەش؛ پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یاسای سرووشتی، مادە و بڕگەکانی مافەکانی مرۆڤ لە نێو بنەڕەتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ هاوڕێ لەگەڵ پەیماننامەی جینۆساید، پەیماننامەکانی ژنێڤ و پرۆتۆکۆلەکانیان دەربارەی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی، لەگەڵ بنەڕەتنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی.[٢٤٠]

پرسیاری یاساییبوون تاکە پرسیارێک نییە، کە کۆمسیۆنەکە خۆی لە قەرەی تاووتوێکردنی دابێت. بەڵکوو هەمان کات باسی ڕەوایەتیی دەستێوەردانی مرۆییشی وروژاندووە. ئەوەش لەکاتێکدا کە کۆمسیۆنەکە پرسیاری دۆخێک دەکات، تێیدا ئەنجوومەنی ئاسایش ویست و توانای دەستوەردانی نییە. لەو کاتەدا چ بکرێت؟ بۆ چارەکردنی ئەوە، کۆمسیۆنەکە دوو ئەڵتەرناتیف پێشنیاز دەکات. یەک، لە ڕێی دەنگدان لەسەر بڕیارێک لە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە زۆرینەی دەوڵەتان دەنگی بۆ بدەن، چونکە وەها ڕێوشوێنێک "پلەیەک زیاتری ڕەوایەتیی" بە دەستوەردانەکە دەبەخشێت. دوو، دەستوەردان لەلایەن ڕێکخراوەیەکی ناوچەیی یان لقە_ناوچەییەوە بێت، لە چوارچێوەی سنووری دیاریکراوی خۆیدا.[٢٤١] هەرچی دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆییە، کۆمسیۆنەکە بەباشی نەزانیوە. گومانکردن لە بنجکی خۆپەرستانەی دەستوەردانی تاکلایەنەی

---

240 Ibid, 16.

241 Ibid, 53–54.

مرۆیی، لە جێی خۆیدایە. هەروەها ئەو دوو ئەلتەرناتیڤەی کۆمسیۆنەکە پێشنیازی کردن، لە حاڵێکدا گەر ئەنجوومەنی ئاسایش ناکارا مایەوە، نیشاندەری ئەوەن کە کۆمسیۆنەکەش مەیلەو 'ئاسایشی دەستەجەمیی'ـیە. وەک ئەوەی خۆی دەڵێت "گەر ڕێکخراوە دەستەجەمییەکان ڕێگە بە دەستوەردانی دەستەجەمیی نەدەن، ئەوکات بێگومان فشارەکان بۆ دەستوەردان لەلایەن هاوپەیمانێتییە تایبەتەکان یان دەوڵەتان خۆیانەوە، چڕتر دەبنەوە." پێویستە خۆ لەو هەوڵە تاکلایەنانە دوور بگیرێت، چونکە بەو پێیەی ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایشیان نییە، دەستوەردانی لەو جۆرە لەوانەیە لەبەر نیازی ڕاستەقینە یان هۆکاری ڕاستەقینە نەبن، یانیش ڕەچاوی پرەنسیپە گرنگ و خوازراوەکانیان تێدا نەکرێت.[٢٤٢] لایەنێکی تری ڕەوایەتی، ئەو پێوەرانەن کە کۆمسیۆنەکە دایناون بۆ زانینی ئەوەی دەستوەردانێکی سەربازی، دەکەوێتە ژێر بەرپرسیارێتیی پاراستنەوە یان نا. ئەوانەش پێک دێن لە ا) هۆکاری درووست، ب) نیازی درووست، پ) دوایین ڕێچارە، ت) ئامرازی گونجاو و بەپێی پێویست، ج) لێکدانەوەی پێویست، چ) دەسەڵاتی شیاو.[٢٤٣]

بەم لێکدانەوەیە بێت، سەروەری مانایەکی دووسەرەی هەیە. لە ناوخۆدا، ڕێزگرتنی مافی هاووڵاتییان و لە دەرەوەشدا، ڕێزگرتنی مافی دەوڵەت و

---

[242] Ibid, 54-55.

[243] Ibid, 32-37; Lenka Eisenhamerová, 'Legitimacy of Humanitarian Military Intervention (PhD thesis, Maastricht University 2011) 48-53.

خەڵکانی تر.[٢٤٤] سـەرەڕای ئەوەی ڕاپۆرتی کۆمسـیۆنەکە لەلایەن کۆمەڵەی گشـتییەوە وەک بەشـێک لە ڕاپۆرتی لووتکەی جیهانیی ٢٠٠٥ دانرا، کە بە هەنگاوێکی مەزن بۆ بەفەرمی‌ناسـاندن و پەسـەندکردنی *بەرپرسـیارێتیی پاراسـتن*، ناو براوە[٢٤٥]، کۆمەڵەکە ڕێبازێکی بەرتەسـکتری لە ڕەوایەتیدان بە دەسـتێوەردانی مرۆیـیدا، گرتە بەر. بەپێی ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی گشـتی، ڕێگەپێدان و کردەی دەسـتێوەردانی مرۆییش، بەتەنیا دراون بە ئەنجوومەنی ئاسـایش. هەرچەندە ڕێکخراوەکانی تریش دەتوانن ڕێگە بە دەسـتێوەردانی مرۆیی بدەن، بەڵام پاش ئەوەی ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی ئاسـایش وەردەگرن. ئەوەش واتە ڕێگەپێدانی دەسـتێوەردانی مرۆیی لەلایەن کۆمەڵەی گشـتی و ڕێکخراوە ناوچەییەکانەوە، وەک ئەوەی کۆمسیۆنەکە پێشنیازی کردبوو، ڕەت کرایەوە.[٢٤٦]

---

244 Gareth Evans, 'The Responsibility to Protect: Rethinking Humanitarian Intervention' 98 Proceedings of the Annual Meeting (American Society of International Law, March 31-April 3, 2004) 78 <http://www.crisisgroup.org/en/publication-type/speeches/2004/the-responsibility-to-protect-rethinking-humanitarian-intervention.aspx> accessed 31 May 2016.

245 Gareth Evans, cited by David Chandler, 'Unravelling the Paradox of "The Responsibility to Protect"' (2009) 20 Irish Studies in International Affairs 27, 28.

246 World Summit Outcome Document, para. 30.

## ٧,٤ ئەنجامگیری

هەوڵی بەرفراوانکردنی یـاســـایی و ئەخلاقیی دەســـتێوەردانی مرۆیی لەلایەن کۆمســـیـۆنەکەوە، وەک خـۆی وەرنەگیرا. هەرچی کـرۆکی ڕاپـۆرتی کۆمسـیـۆنەکەشـە، جگە لەو ئەرکە دەزگاییانەی کە پێش ڕاپۆرتەکە هەبوون، هیچێکی تر نییە.[٢٤٧] هەر بۆیە پرسـیاری جددی ئەوەیە، ئایا لێڵی پەیوەسـت بە مـانـا و کرۆک و جێبەجێکردنی بەرپرسـیـارێتیی پـاراسـتنەوە، مـانـای لێکـدانەوەی زیـاتری تـاکلایەنەیە لە حـاڵەتی درنـدەیی بەکۆمەڵـدا؟ یەک لە ئەنجامەکانی ئەم پرسـیارە، بە بەڵێیە. وەک ئەوەی نوام چۆمسـکی دەڵێت، بەهۆی ترس لە بـاڵانسـی هێز و خودموختـارییەوە، چـاوەڕوان دەکرێـت کە بەرپرسـیارێتیی پاراسـتن هەمان چارەنووسـی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی هەبێت؛ ژمـارەیەکی زۆری واژۆ و دەوڵەت و ڕێکخراوەی شـوێنکەوتە، بەڵام مانەوە وەک ئایدیاڵێک کە لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردندا باس بکرێت.[٢٤٨]

[247] Chandler (n 245) 31.

[248] Noam Chomsky, ‘Statement to the United Nations General Assembly Thematic Dialogue on the Responsibility to Protect, United Nations, New York’ (2009) <http//www.un.org/ga/president/63/.../protect/noam.pdf> accessed 23 April 2016.

بەهەرحاڵ، بەرپرسیارێتیی پاراستن بەگشتی و هی ڕێلێگرتن بەتایبەت، زۆر بایەخدار دەردەکەوێت. چونکە بۆ ئەوەی ڕێ لە ناکۆکییەک، یان لە سەرهەڵدانەوەی لە داهاتوودا، بگیرێت، لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبێت ڕیشەکانی بزانن.[٢٤٩] بەوەشەوە، کۆمەڵەی گشتی کە ئەو بوارە فراوانەی کۆمسیۆنەکە بە ڕەوایەتیی دەستێوەردانی مرۆیی دابوو، ڕەت کردەوە، کارێکی درووستی کرد. چونکە بەو کارەی، دەستی بە سیستەمی لەپێشینەی ئاسایشی دەستەجەمییەوە گرت، بەو شێوەیەی لە بنەڕەتنامەکەدا هاتووە و لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە پێڕەو دەکرێت.

249 Eisenhamerová (n 243) 36–38.

## ئەنجامگیریی گشتی

سەربارى بايەخە گەردوونى و كەلتووربڕەكەی، مافەكانی مرۆڤ بەدەست نەبوونی دەزگاوە دەناڵێنن، كە لە ڕێگەیەوە چانسیان لە چەسپاندندا زیاتر بكەن. سەروەریی دەوڵەت، وەک باس كرا، هێشتا بەربەستە لە ڕێی چەسپاندنی زیاتری ئەو مافانە لە واقیعدا. گەر واقیعییانە قسان بكەین، بۆ زۆر دەوڵەت كە سەركردەی ملهوڕیان هەس، مافەكانی مرۆڤ ئاڵنگارییەكی ڕاستەقینەن.

ئەو سیستەمی ڕاپۆرتدانەی لە پەیماننامەكانی مافی مرۆڤ (بۆ نموونە، پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەكان، پەیماننامەی مافە ئابووری و كۆمەڵایەتی و كەلتوورییەكان و هتد...)دا باس كراوە، تا ئێستەش تاكە میكانیزمە كە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لە بواری چاودێریی و چەسپاندنی مافەكانی مرۆڤدا، پێی گەیشتبێت. ئەو سیستەمە و كۆمسیۆنە پەیوەندیدارەكانیشیان، بێسوود دەرچوون. تا هەنووكە دەبێت داوا لە دەوڵەتان بكرێت، كە پەیماننامەی مافەكانی مرۆڤ واژۆ و پەسەند و دواجاریش جێبەجێ بكەن.[250] مەبەستەكە لێرەدا ئەوە نەبوو، كە دەست لە

[250] Maryam Javaherian, ‘Women’s Human Rights in Iran: What Can the International Human Rights System Do?’ (1999) 40 Santa Clara L. Rev. 819.

هەر دەوڵەتێک وەربدرێت گەر مافەیلی وەک مافی دەربڕین و مافی پەرستنی ئازاد، پێشێل بکات. بەڵکوو دەبێت دەستوەردان لە ڕەوشەکانی پێشێلکاریی گەورە و مەترسیداری مافەکانی مرۆڤدا، قەتیس بکرێت، لەوانەش مافی ژیان و سەلامەتیی جەستەیی، بەوەی کاتێک لە ئاستی دەستەجەمییدا جێبەجێ دەکرێن، سەر دەکێشن بۆ جینۆساید و کۆیلایەتی و سەرنگومکردنی هەڕەمەکیی بەکۆمەڵ.

دیدی تەقلیدی بۆ سەروەری وەک کاتیگۆرییەکی موتڵەق، تا ڕادەیەک واقیعییانە نییە. هەر بۆیە پرەنسیپی تەقلیدیی دەستوەرنەدانە نێو دەوڵەتان، دەبێت ڕێژەیی بێت. سەرباری ئەو ترسەی کە دیدە نوێیەکەی سەروەری، سەر بۆ زیادبوونی جەنگ و کوشتار و دەستوەردان و داگیرکردن دەکێشێت، دەبێت ئەنجوومەنی ئاسایش بەپێی ئەو چوارچێوانەی لە بنەڕەتنامەکەدا ڕەنگڕێژ کراون، بەرپرسیار بێت. ئەوە بوو پاش جەنگی سارد، ئەنجوومەنی ئاسایش لە چەند ڕەوشێکی مرۆییدا، ڕێگەی بە بەکارهێنانی هێز دا. ئێستاش بۆچوونێک هەیە کە سەروەری وەک پەیوەندیی متمانە، وەک بەرپرسیارێتیی پاراستن دەبینێت. بێگومان، ئەو بەرپرسیارێتییە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشیش دەگرێتەوە. ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە سەروەری و مافەکانی مرۆڤ، لەلایەن پراکتیکی دەوڵەتانەوە پاڵپشتی دەکرێت، بە پراکتیکی خودی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە. یاسا و پەیوەندیی نێودەوڵەتیی، وەستاو (ستاتیک) نین، پێناسە و سرووشت و کرۆکی چەمکەکان تێیاندا دەگۆڕێن، ئەو ڕێگە و

شـــێوازانەشـــی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ئەولەویەت و پێودانگەکانی خۆی دادەنێت، دەگۆڕێن.

دەســـتێوەردانی مرۆیی وەک ئامرازێکی چەســـپاندنی مافەکانی مرۆڤ لە ســـەروەختی پێشـــێلکردنیاندا، پێش چەند دەیەیەک، زۆر بەتایبەتیش دوای جەنگی ســارد، بووە مژارێکی گەرمی یاســای نێودەوڵەتیی. وەک ئەوەی ئاماژەی پێ کرا، بۆ ئەوەی ڕێگە بە دەســـتێوەردانی مرۆیی بـدرێت، دەبێـت هەنـدێک پێوەری بـابەتی هەبن. ئەو پێوەرانە زەمینەیەکی یـاســـایی و ئەخلاقی بۆ کردەوەکە دەڕەخســـێنن. یەکەمین و گرنگترینی ئەو پێوەرانەش ئەوەیە، کە پێشـــێلکـارییەکە بەرفراوان، دەســـتەجەمیی یـان مەترســـیـدار بێـت. ئەو ڕاســتییەشــمان لەبیر بێت، کە لە ژێر ناوی مرۆڤدۆســتیدا، چەندان دەوڵەت داگیر کران، کۆمەڵگەکان تێکدران و هەزاران کەسیش کوژران. لە سەروەختی زۆرێک لە کەیســە مرۆییەکانیشــدا، ئەنجوومەنی ئاســایش دەســتەوەســتاو مایەوە. هەر لەبەر ئەوەشـە، کە دانانی پێودانگی بابەتییانە بۆ دەستێوەردانی مرۆیی، گەر ئەنجوومەنی ئاســایش مەیلی ئەوەی نەبێت کە چالاکانەتر بەدەم پەڕاوەکانی پێشـــێلکارییەوە بچێت، هەندێک پووچەڵە. ســـەرباری ئەو پێوەرە بـابەتیی و ئەو بنەمـا یـاســـاییـانە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە نوێنەرایەتیی ئەنجوومەنی ئاسایش، لەوە ناچێت تێگەیشـتنێکی سـەرتاپاگیری هاوبەشـیان بـۆ دەســـتـێـوەردانی مـرۆیی هەبـێـت. ئەوەش لە پەڕاوەکـانی نـاکـارایـیـدا

دەردەکەوێت. لە هەردوو کەیسی *ئەنفال* و *دارفوور*دا، وەکچۆن لە هەندێکی تریشدا، ئەنجوومەنی ئاسایش لەبەر هۆکارەیلی تر، بڕیاری دا هیچ نەکات.

بەپێی بنەڕەتنامەکە، ئەنجوومەنی ئاسایش دەسەڵاتێکی سیاسیی فراوانی پێ دراوە. بەو پێیەش، دەتوانێت بڕیار بدات کە ئەو دۆخەی هاتووەتە پێش، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی یان نا. سەرباری ئەوەی لە هەندێک پەڕاوەدا ڕێگەی بە بەکارهێنانی هێز داوە، وەک ئەوەی باشووری کوردستان (باکووری ئێراق لە ۱۹۹۱)، جا هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان بووبێت یان هی ڕێکخراوەکانی تر، لە هەندێک دۆخی تردا تەنیا چاودێر بووە؛ واتە خەڵکێکی زۆری دەستخەڕۆ کردووە.

نیزامی نێودەوڵەتیی پێشتری پەیوەندیی هێز و دەسەڵات (realpolitik)، سەردەمی ئیمپێریالیزم و کۆلۆنیالیزم تا بە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگات، وای لە زۆرێک لە گەلان و وڵاتانی جیهان کرد، لە نیزام و دەزگا جیهانییە نوێیەکان بسڵەمێنەوە و گوتاری مافەکانی مرۆڤیش وەک شەپۆلێکی نوێی کۆلۆنیالیزم تێبگەن. بەتایبەت لەگەڵ هاتنەپێشەوەی بابەتی دەستێوەردانی مرۆییدا، ترسیان زیاتر بوو. بەهەرحاڵ، ئەو ترسەی دەوڵەتە لاوازەکان لە داگیرکردن و پەلاماردان، نابێت بە هیچ شێوەیەک وەک پاساو و بیانوویەک بەکار بێت لە سەرکوتکردنی خەڵک و گەلانی ئەو دەوڵەتانەدا.

ئەنجوومەنی ئاسایش لەم ڕووەوە، زۆری پێ دەکرێت. بە دەستهەڵگرتن لە ڕێبازی خودپەرستی، بە بەهێزکردنی دادپەروەریی نێودەوڵەتیی لە ڕێی بەهێزکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیی بە بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەکی مەزن کە هەرچۆنێک بێت، دەتوانێت زۆر چالاکانەتر لەوەی ئێستە هەیە و لەوەشی تا ئێستە کردوویەتی، ئەرکە دەستوورییەکانی خۆی جێبەجێ بکات. دەبێت ئەوە بسەلمێنرێت کە مەبەستی پشت گوتاری مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنیان، بەختەوەریی خەڵکە، نەک تەنیا عەودالبوون بە دوای هەژموونی دەرەکیدا؛ دەبێت پارادۆکسە ئەخلاقی و سیاسی و کردارییەکان، کەمتر ببنەوە.[٢٥١] دواجار، دەستوەردانی تاکلایەنەی مرۆیی، خوازراو نییە و هەموو چاوەڕوانییە مەزنەکانیش هەر لە خودی ئەنجوومەنی ئاسایش دەبن.

لێرەدا هەوڵ درا ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی لە بنەڕەتنامەکەدا بە ئەنجوومەنی ئاسایش دراون، بسەلمێنرێن. بۆ ئەو مەبەستەش، مادە پەیوەندیدارەکانی بنەڕەتنامەکە پشکنران و خوێنرانەوە تا بەو ئەنجامە بگەین. ئەوەش دەرکەوت کە هەرچەندە مانا و مەودای ئاسایشی دەستەجەمیی لە بنەڕەتنامەکەدا، بە ڕەوشی 'پەلاماردان' قەتیس و تایبەت کراوە، دەکرێت چانسی ئەوە هەبێت کە دەستێوەردانی مرۆییش بخرێتە ئەو

251 Doborah M. Weissman, ‘The Human Rights Dilemma: Rethinking the Humanitarian Project’ (2003) 35 Colum. Hum. Rts. L. Rev. 259.

چوارچێوەیەوە و وەک پرسـێکی 'گشـت یان هەمووان' تەماشـا بکرێت، نەک تەنیا پرسی 'کەسێک یان لایەنێک'.

بەهەرحاڵ، پرسـیاری سـیسـتەمی ڤیتۆ، ئەنجوومەنی ئاسـایش و دادەپەروەری، ئەو میکانیزمانەی ئەنجوومەنەکە لەسەریان دەڕوات، پراکتیکی واقیعیی بەکارهێنانی هێز و ڕێگەپێدانی، پاشـخانی مێژوویی کەیسـەکانی دەستوەردان، هەموو ئەوانەش لە پەیوەندیی بە فەلسەفاندن و ڕیالیزەکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێی ڕێگەدان بە دەستێوەردانی مرۆییەوە، لە شـیکارییەکی باش دەچێت بۆ ئەوەی کە چۆن، بۆ نموونە لە ڕێی ڕیفۆرمی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، برەو بە دادپەروەریی نێودەوڵەتیی بدرێت.

دەکرێت لە داهاتوودا بە وردی بگەڕێینەوە سـەر ئەو خاڵە و کاری لە سـەر بکرێت، چونکە هەندێک ئاماژە و ڕووداوی هەنووکە و چەند سـاڵێکی ڕابردوو، ئەوە نیشـان دەدەن، کە وەختی ڕیفۆرمی نیزامە جیهانییەکە و ئەنجوومەنی ئاسـایش، هاتووە. بەکارهێنانی تاکلایەنەی هێز، وەک ئەوەی ڕووسـیا لە ئوکراینا و تورکیا لە هەرێمی کوردسـتان و باکوور و خۆرهەڵاتی سووریا (ڕۆژاڤا)، زیادیان کردووە (جا پاساوەکان هەرچییەک بن). کەسانێک باس لە سەردەمی پەرتبوون (fragmentation)ی یاسای نێودەوڵەتیی دەکەن، کە بەشـێکی دانەبڕاوی گۆڕانکارییەکانی نێو نیزامە جیهانییەکەیە بە فاکتەرەکانی جیهانگیری و هاتنەپێشـەوەی تاکەکەس و بەلیبراڵیکردنی ئابووری و گەشـەی زیاتری سـەرمایەداری و تەکنیک و تەکنۆلۆژی و هتد.

ڕەنگە ئەو مژارانە تەنیا هەندەک مژاری تیۆریـایی و گفتوگۆی ئەکادیمی بن، وەلێ ئەو ڕاسـتییەش حاشـای لێ ناکرێت، کە دنیا گۆڕاوە و بەپێی ئاماژەکانیش بێت، زیاتر دەگۆڕێت. هەموو ئەمانەش وا دەخوازن، کە زیاتر و وردتر بڕوانین و بتوێژینەوە و کنە و مینە بکەین، چونکە لەگەڵ گۆڕانکاری و پەرتبوونەکاندا، ئاڵۆزییەکانیش زیاتر دەبن و ڕاسـتییەکانیش لە شـوێنی چاوەڕواننەکراودا، دەشاردرێنەوە.

ئەم پەرتووکە لەسەر ئەرکی

بەڕێز نەورۆزی جەمال ئاغا چاپکراوە